# ماساکۆ و دیانا

دوو پرێنسیسی نازداری بێ ناز



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ماساكۆ و دیانا

دوو پرێنسیسی نازداری بێ ناز

وەرگێڕان و ئامادەكردنی

**شێرزاد هەینی**



ناوی كتێب: ماساكۆ و دیانا – دوو پرێنسیسی نازداری بێ ناز
وەرگێڕان و ئامادەكردنی: شێرزاد هەینی
بڵاوكراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٠٨
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەكرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارە ١٧٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پرێنسیس ماساكۆ




پرێنسیس ماساکۆ

دیلی ناو کۆشکی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن

نووسینی: بن هیلز

و: محەمەد ئەمین

وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێرزاد هەینی

چەند پیاوێک بە جلوبەرگی ڕەشەوە لە دەمژمێری شەش و نیوی بەیانی، لە بەیانییەکی ڕەشی تۆکیۆدا بۆ ژیانی ژنێک مژدە و هێمای ڕۆژانێکی بەختیاری نەبوون. ئەو ڕۆژە ئاووهەوا خۆش نەبوو، لە ئاسمانەوە بەیانییەکەی زوو بارانێکی خۆش دەباری. دەرگەوانێک هەردوو لای دەروازەکەی لەو جووتە کەسە کردەوە.

هەر یەکە و چەترێکیان بەدەستەوە بوو، بەپاڵتۆی ڕەشەوە داپۆشرابوون، لە ئۆتۆمبێلێکی لیمۆزینی ڕەشەوە دابەزین. شوفێرەکەیان بە پەنجەوانەی سپییەوە لە پشتی سووکانەوە دەبینرا، ماتۆڕەکانی پیاوانی پۆلیسی تایبەت بەو بۆنەیەش بەڕیزەوە لە پێشەوەبوون. کە لە تەلەڤزیۆنەوە چاوم لەو دیمەنە دەکرد، پرۆسەکەم بە دیمەنێکی پرسە دەهاتە پێش چاو، نەک مەراسیمی بووک گواستنەوەیەکی شاهانە.

لەو ناوەدا خانەوادەی (ئاوادا) دەژیان، ماڵی بووکەکە لە گەڕەکی (میگرۆ) بوو. نزیکەی ٤٠٠ وێنەگری تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامەنووس ئامادەبوون، لەوانە کەسانی وای تێدا بووە پێنج مانگ بوو بەردەوام چاودێریی ئەو ماڵە و ئەو خێزانەی کردبوو، بۆ



ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکەشی هەفتانە ٤٠٠ دۆلاریشی دابوو، بەو شێوەیە چاودێریی پێشهاتەکانی کردووە.

دەکرێ پرسیاریش لە هۆکاری بوون و پێویستی ئەو ئاژاوەش بکرێت؟

هەموو کێشە و ڕووداوەکەش ئەگەری ژنهێنانی جێنشینی ئیمپراتۆری ژاپۆن، پرێنس ناروهیتۆ هیرونومیا تەمەن ٣٣ ساڵان بوو، ئەو ئیمپراتۆریەتەی بە کۆنترین ئیمپراتۆریەت لە مێژوو دەژمێردرێت، گرینگی ڕووداوەکەش لەوەدایە ئەو پرێنسە لە هەموو شازادەکانی پێش خۆی ژنهێنانەکەی دوا کەوتووە. بۆ مانەوەی ناوی خێزانەکەیان دایک و باوکی ئەو کوڕە تاقانەیە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شەیدای دۆزینەوەی بووکێک بوون بۆ جێنشینەکەیان، ئەوان بێهودە بوون لە دۆزینەوەی بووکێک، چونکە کوڕەکەیان بە کەس ڕازی نەدەبوو، حەوت ساڵ خەریکی بوون، پاش ئەو کۆششە گەیشتنە ئەو ڕایەی ئەو کیژەی خۆشی دەوێت ڕازی بکەن شووی پێ بکات. پاش کۆششێکی زۆر (ئاوادا ماساکۆ) قایل بوو شوو بەو پرێنسە بکات، ئەو کیژە دەرچووی زانکۆی هارڤاردە، شەش زمان دەزانێت، بە عەقڵیەتە سەرکەشەکەی ڕازی بوو، بەڵام بە جۆشەوە پێی وت:

ئەگەر بۆ پشتیوانیی خۆت منت دەوێت، من بە داواکەت ڕازییم.

پرێنسیش لە کاتی ڕاگەیاندنی مارەبڕینەکەدا وتبووی:

من بە هەموو توانای خۆم پشتیوانیت دەکەم و دەتپارێزم.

پاش ئەوەی ئەو نهێنییە گرینگەی وڵاتی ژاپۆن لە مانگی ینایری ساڵی ١٩٩٣ ڕاگەیاندرا، ئەوانەی ئاگاداری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوون، بە تایبەتی تەلەڤزیۆن و گۆڤارە ناسراوەکانی وڵات بە کلۆفەوە چاوەڕوان بوون. گۆڤارەکانی وەک (تابلۆند) ئەو ژنهێنانەیان وەک بۆنەکەی ئەمیر تشارلز و پرێنسیس دیانا گرینگ و گەورە دەبینی. لەبەر هەستکردنی بوونی ڕۆمانسییەتێکی دروستکراو لەو پەیوەندییەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ژاپۆنی بە شەرمەوە باسیان کرد. چونکە ئەو گەرموگوڕییەی لە پەیوەندییەکەی نێوان تشارلز و دیانا هەبوو لەوەیاندا هەستی پێ نەدەکرا، دیانا و ماساکۆ بۆ گەیشتن بە تاج و بە کەژاوەکە جیاوازییان هەبوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە بە ناسکی و بە وریایی باسیان نەکرد. گۆڤاری (فانیتی) بابەتێکیان بە

ناوونیشانی (قوربانییەکەی ماساکۆ) بڵاو کردەوە، لە نیۆزیۆرکیش بە ناوونیشانی (پرێنسیسە قەدەغەکراوەکە) وتارێکی بڵاو کردەوە، بەڵام گۆڤارەکە بە ناچاری لە چاپەکەی بە زمانی ژاپۆنیدا ناوونیشانەکەی گۆڕیبوو بە (لەدایکبوونی پرێنسیسێک)، ئەوەشی بۆ ئەوە بووە تا گەورەکانی میللەتەکە تووڕە نەکەن.

لە پاش ئەو دەمانەی شەرابی خۆشی نۆشی، ڕۆژانەی ماساکۆ چاودێری کراوە، لەو دەمانەوە کە مێوانەکان دێری سۆزیان لە لاپەڕەکانی پێشوازییدا تۆمار کرد، پاش ئەوەی بەشی خۆیان لە دیاری کۆکردەوە و ڕۆیشتن.

بە بینینی چاودێرانی خۆرهەڵاتی هەتا ئەوانەی نەوە و هاوتەمەنی ماساکۆن، وا دەزانن ئەو بووکە ئازابووە و توانی واز لە پیشە و کار و بەرنامەی ژیانی بهێنێت، هەر ئەوانە نا، بەڵکو لە خێزان و هاوڕێکانی و دواڕۆژەکەشی دوور کەوتەوە. ئەو ژنە پاش ئەوەی چووە ناو کۆشکی ئیمپراتۆریەت لەو جیهانی نهێنی نێوان پرۆتۆکۆلە زاڵمەکان و کۆتوپەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان بزر دەبێت و دەشاردرێتەوە.

لەو کۆشکەدا هێشتا دابونەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان باوی ماوە، ئەوانەی مێژوویان بۆ سەدەکانی ناوەند دەگەڕێتەوە. ئەو ژنە بەپێی ئەو دابونەریتانە دەبێ بۆ هەر کەسێک لە ناو کۆشکدا ڕووبەڕووی ببێتەوە، بە ڕێزەوە بنووشتێتەوە، لەگەڵ مێردەکەشی بەردەوام بە شێوەی ڕەسمی ڕەفتار بکات، دەوری سەرەکی ئەو ژنە لە بۆنە ڕەسمییەکاندا، تەنیا ئەوە دەبێت سێ هەنگاو لە پشتەوەی بوەستێت، بۆ کۆشکی ئیمپراتۆریەتیش جێگرێک دروست بکات. هەموو هەڵسوکەوتەکانیشی بە وردی چاودێری دەکرێت، هەموو قسەیەکی ئەو، لە لایەن بەرپرسانی کۆشکەوە دەکۆڵدرێتەوە و پیاوانی ئاینیش ئەوانەی بەردەوام جلی ڕەش دەپۆشن، مافی ئەوەیان هەیە چاودێریی چالاکییەکانی بکەن. ئاژانسی بنەماڵەی ئیمپراتۆریەت و دامەزراوە بیرۆکراتییەکان باڵی بەسەر ڕەوشی ئەو خێزانە داهێناوە، چاودێران لە دواڕۆژی ئەو شازادەیە لە ناو ئەو خێزانە دەترسێن، وا دەبینن ئەوەی بەسەر ماساکۆ دێت، کارەساتەکەی دیانا لە چاو ئەو تەنها گەشتێک بووە.

بنەماڵەکەی ماساکۆ بۆ ماڵئاواییەکەی لە ڕۆژی گواستنەوەکەی هەموو وەستابوون، (یومیکۆ) و دایکی بە جلوبەرگی ڕەنگ بێجییەکەی نیگایەکی تیژی تێ



بڕیبوو، هەردوو خوشکە جمکەکەی (سنا سستوکۆ و ریکۆ)، کە بە تەمەن لەو گچکەتر بوون، لە دوای دایکیان وەستابوون، باپیرانیشی لە پشتەوە ریز بووبوون، هەردوو خوشکەکەی تا ئۆتۆمبێلە لیموزینەکە هاوشانی ڕۆیشتن، بە جووتە سەیوانەکەیان لەسەر سەری بۆی ڕاگرتبوو تا بە بارانەکە تەڕ نەبێت. بووکەکە نەیتوانی فرمێسکەکانی چاوانی ڕاگرێت، دایکی وەک ژەنراڵێک چۆن سەربازانی بەرەو جەنگ بەڕێ دەکات ڕاوەستابوو، شانازی بەوە دەهات کیژەکەی بەرەو ماڵە مێردەکەی بەڕێ دەکات. باوکی بووکێش بە شانازییەوە هیوای بۆ خواست کیژەکەی کە بوویتە کەسایەتییەکی گشتی بتوانێت بە کار و ئەرکەکانی هەڵسێت و فەرمانەکانی بە چاکی ڕاپەڕێنێت.

پەیمانی ژن و مێردایەتی لە ژاپۆن وەک وڵاتانی خۆرهەڵات نییە، بە بچووکترین کێشە هەڵبوەشێتەوە، ئەو پەیوەندییە لای ژاپۆنییەکان پیرۆزە، بۆیەش ملیۆنەها کەس لە تەلەڤزیۆنەکان تەماشایان دەکرد. وەنەبێ ئەو پەیوەندیەش تەنها لە لای ئەو بنەماڵەیە پیرۆز بێت، سەرجەم میللەتی ژاپۆنی بە چاوی ڕێزەوە نیگا لەو مەسەلەیە دەکەن.

## کۆشک یان قەڵاتە پەرژینکراوەکە..؟

لەو ڕۆژەوە چیتر ماساکۆ ئەندامێکی خێزانی (ئاوادا) نەما، ناویشی لە تۆماری خێزانەکەی کوژایەوە، لەو ڕۆژەوە بووە ئەندامێکی بنەماڵەی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆنی. لەبەرئەوەی کرا بە ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە، بۆیە چیتر مافی ئەوەشی نەما بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات، وەک کەسێکی ئاسایی ژاپۆنی دەنگ بدات. ئەو ژنە لەو ڕۆژەوە بۆی نییە پەساپۆرتی هەبێت، بۆی نییە پسوولەی تەئمین و پسوولەی دابینکردنی تەندروستی، هەتا بۆشی نییە پسوولەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیشی هەبێت. لەو ڕۆژەوە لە هیچ لیستێک ناوی نەماوە و ناکرێ بسەلمێنرێت ئەو ژنە لەو ڕۆژەوە بوونیشی هەیە. ئەو بۆ ماوەی چەند مانگ، ڕەنگە بۆ چەند ساڵێکیش بۆی نەبێت سەردانی ماڵە باوانیشی بکاتەوە. ئەوەش بە پێچەوانەی ژیانی تایبەتی تشارلز و دیانا بووە، لەو خێزانەدا بە هیچ شێوەیەک ژن بۆی نییە بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە، لە دابونەریتی ئەو خێزانە لە ژاپۆندا بوونی تەڵاق نییە.

ماساکۆ لە یادی ساڵانەی لەدایکبوونیدا نامەیەکی کورتی خەمگینی بۆ ماڵەوەیان نووسیبوو، لە نامە کورتەکەدا بۆنی ڕەوشە ناخۆشەکەی ژیانی دەهات، لە نامەکەیدا نووسیبووی: (وەزعێکی زۆر نالەبار چاوەڕوانم دەکات، بەڵام هیوام زۆرە بتوانم ئەو قۆناخە ببڕم).

کەژاوەی بووک و زاواکە بە ناو شەقامەکانی تۆکیۆ بەرەو کۆشکە پەرژینکراوەکە بە هێمنی دەڕۆیشت. هەندێ کەس وا دەزانن ئەو کۆشکەی لەسەر ڕووبەری ٤٦ هکتار دروست کراوە، کە لە هەشتاکاندا ئابووری وڵاتانی ئەسیا زۆر گەشەداربوو، لە سەردەمی ئاشتیدا بەهای ئەو کۆشکە بە قەد بەهای وڵاتی کەنەدا دەبوو. پێش کارە تیرۆریستییەکەی یازدەی سێپتەمبەریش چوارچێوەی ئەو کۆشکە بەردەوام لە لایەن ٣٠ هەزار پۆلیسی ئاسایشەوە پارێزراو بووە. ئەوەش لە ترسی کۆمەڵە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە نەبووە، بەڵکو لەوێش دەستەی توندڕەوی دژ بە سیستەمی ئیمپراتۆریەتەکە هەیە. هەتا سەرەتای حەفتاکانیشەوە شیوعییەکان فراکسیۆنێکی گرینگی ناو پەرلەمانی وڵات بوون، ڕۆژنامەکەشیان یەکێک بوو لە ڕۆژنامە بەرچاوەکانی خوێنەرانی ژاپۆنی، ئەوانیش کۆششیان بووە سیستەمی ئیمپراتۆریەت بگۆڕن.

دەستەیەکی پەروایزکراویش هەبوو، کاریان بۆ ئەوە دەکرد، لە ڕەچەڵەکی هەر کیژێک بکۆڵنەوە، ئەوەی پرێنس دەیەوێت بیهێنێت، نەوەک خوێن و تۆی بێگانە لەو بووکە هەبێت، ئەوانە ڕێگر بوون لەوەی پرێنس کیژێک لە بنەماڵەیەکی پاشایەتی ژاپۆنی بهێنێت، هەروەها لە خێزانێکی دیکەش دووبارە ئەوانە بواریان نەدابوو ئەو ژن بهێنێت، خوێنی تر تێکەڵیان بێت. مەرجی ئەوانیش دەبووایە بووکەکە لە تیرەی میللەتی (ئاینۆ) ی بە ڕەگەز (کۆری) نەبێت، جا ئەگەر ئەو کیژە سێ پشتیش لە ژاپۆن ژیابێت، ئەوانە بۆیان نییە لەگەڵ بنەماڵەی ئیمپراتۆر یان هەر خێزانێکی تری ناودار، تێکەڵ بن.

ئاشکرایە وڵاتی ژاپۆن ئارامی و ئاسایشی تەواوی تێدا بەرقەرارە، بەڵام دەزگا بەرپرسەکانی حکوومەت کاری بێوچانیان کردبوو بۆ ڕاگرتنی ئارامی کەژاوەی بووک و زاواکە، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بوار نەدرابوو کەسانی نزیکی شوێنەکە،



ئۆتۆمبێلەکانیان لە ماڵەکانیشیان و لە ناوچەکە ڕاگرن، نەوەک هێرشێک بکرێتە سەر کەژاوەکەیان. کەسانی شارەزا لە نوقومبوونی ژێرئاویان دانابوو لە ناو حەوزەکانی ئاوی کۆشکیش پشکنین بکەن، نەوەک لە ناو ئەو ئاوانەوە پەلاماری کەژاوەکە بدرێت.

**لە نێوان دیانا و ماساکۆدا:**

مەراسیمی دیانا و ماساکۆ جیاوازیی زۆری هەبوو، هەرچەند بەرنامەڕێژیی باش و زۆریش بکرێت، لێرە و لەوێ هەڵەیەک دەبێت، لەو ئاپۆڕە زۆرە ئاشووبەیەک هەر دەبێت، بۆ نموونە دیانا لە کاتی سوێند خواردنەکەیدا لە پێش بەشی زۆری ئامادەبووان، نزیکەی ٣٥٠٠ کەس لەوانە چەندین شازادەی ئەورووپی لە کاتدرائیەی قدیس پۆل لە لەندەن، دیانا لە کاتی ناوهێنانەکەی پرێنس (ئەمیر) تشارلز دەمی تێک ئاڵابوو.

هەروەها لەو دوو ئاهەنگەدا جیاوازیی تر زۆرە، ئاهەنگەکەی دیانا لە لایەن یەک ملیار بینەرەوە بینراوبوو، بەڵام ئاهەنگەکەی ماساکۆ زۆر بەنهێنی و بەبێدەنگی بووە، ئەوەش بەپێی دابونەریتی کۆنی ژاپۆنییەکانەوە بووە، هەروەها لە ئاهەنگەکەی ماساکۆ ئەنگوستیلە نەبووە، لە جیاتی ئەنگوستیلە پێشکەشکردن چەپکە گوڵێکی زەرد لە ناو گوڵدانێک دانراوە، لە تەنیشتییەوەش گوڵدانێک لە درەختی هەمیشە سەوزی، لەوانە هەرگیز گەڵای ناوەڕێت دانرابوو.

پاش ئەوەی ئیمپراتۆری ژاپۆن (هیرۆ هیتۆ) دانی بە بەرپرسیەتی لە هۆکاری شەڕی دووەمی جیهان دانا، هەیبەتی ئیمپراتۆریەتەکە وەک جاران نەمابوو، بەڵام هێشتا بۆ میللەتی ژاپۆنی هێما و سیمبۆڵە.

جێنشین پرێنس (پرێنس) ناروهیتۆ، هەر لە منداڵییەوە لە هەموو بۆنەکانا بەشداری کردووە، جێبەجێکردنی ئەو مەراسیمانەش چەندین دەمژمێری ویستووە. ئەو بەیانیان زوو لە خەو ڕادەبێت، پێش ئەوەی کارنامەی ڕۆژانەی بکات، بە ئاوی پیرۆز دەبێ خۆی پاک بکاتەوە، دەبێ یادی ١٢٥ ئیمپراتۆری پێش خۆی بکاتەوە.

ئیمپراتۆر بەرپرسی بنەماڵەکە و خزمەتکاری تەواوی زۆربەی پەرستگاکان و

شوێنە پیرۆزەکانی ژاپۆنە. دەزگا ڕەسمییەکانی حکوومەت دەیەوێت ئەوە بە جیهان نیشان بدات، کەوا ژاپۆن وڵاتێکی دەستووری تەواوە، بەڵام ناکرێت دەستبەرداری دابونەریتەکانی تایبەت بە کولتووری ئیمپراتۆریەت بن، ئەوەش بۆ ئەوەیە ناسنامەی تایبەتی ژاپۆنی وەک نەتەوە بە نەمری بمینێتەوە. ژاپۆنییەکان لەو ئاهەنگەشدا وەک ئاهەنگی دیانا تشارلز نەبوو، ویستبوویان سوودی ئابووری بداتەوە، کە ملیۆنەها بینەر دیمەنەکانی بینی، دەوری هەبووە لە قازانجی ئابووری بۆ وڵاتەکەیان، سیمای باشەی بۆ میللەتی ژاپۆنی داوەتەوە.

ئەو پارەیەی لە ئاهەنگەکەدا سەرف کراوە، کە بەشێکی پارەکە بەر میللەتەکە کەوتووە، زۆرتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلار بووە، پێشبینی ئەوەش دەکرا سەرفکردنی ئەو پارە زۆرە نارەزاییی میللی لێ بکەوێتەوە، ئاهەنگەکە سێ ڕۆژی خایاند، ٢٧٠٠ کەس داوەت کرابوون، شەش خوانی گەورەی نانخواردن ریز کرابوو، یەکێک لەوانە بۆ میوانە بێگانەکان بوو. لە کاتی سوێند خواردنەکەی ماساکۆ ٩٠٠ کەسی بە ڕەگەز ژاپۆنی ئامادەبوون، هەموو لە ناو یاریگایەک وەستابوون، لەبەر بارانە بە لێزمەکە، هەموو سەیوانەکانیان کردبووەوە. لە پێشەوەی ئامادەبووان سەرۆک وەزیران (کیشی میازاوا) و ئەندامانی حکوومەتەکەی وەستابوون، بێجگە لەوانە بەرپرسە گەورەکانی حکوومەت و قازییەکان و باڵیۆزەکان و پیاوانی گەورەی ناسراوی وڵات و پارەدارەکانیش وەستابوون. ئەوەی بۆیان نەبوو ئامادە بێت ئیمپراتۆر و ژنەکەی بوو، بەپێی پرۆتۆکۆڵەکانی باوی ئەو بنەماڵەیە ئەو دوو کەسە بۆیان نەبوو بەشداریی ئاهەنگی ژنهێنانی جێنشینی ئیمپراتۆر بن.

پێش ئەوەی زاوا دەستی بووکەکەی بگرێت، ئەو لە دایکی لە قوتابخانەیەکی کاسۆلیک فێر بووە، دەبێ دەستی بە ئاوێکی پیرۆز بشوات و ڕۆبێکی تایبەت بەو بۆنەیەوە لەبەر بکات. بەدلەکەی ئەو و فستانەکەی بووکەکە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە، لە سەردەمی ئەوپەڕی شانازی و شکۆداریی ئەو بنەماڵەیە چێنراوە، کە لە پێش هەزار ساڵەوە لە (کیوتۆ)ی پایەتەختەدا دەژیان. فستانی بووکەکە کێشی ١٦ کیلۆگرام بوو، ٣٥٠ هەزار دۆلاری تێ چووە.

کامیرەکان زۆرتر چاویان لەسەر بووکەکە بوو، کە بە سێ هەنگاو لە دوای زاواوە



بوو، لە پشتەوە دیارە ئەو لە بووکەکە کورتتر بوو، ئەو بەژنی لە ڕێژەی پیاوانی ژاپۆنی کورتتر بوو، بۆیەش هەموو کیژێک بەو ڕازی نەدەبوون، لەبەرئەوەش بووە برا گچکەکەی زووتر ژنی هێنابوو.

ناروهیتۆ سپۆرت دەکات و جەستەیەکی باشی هەیە، لە دوورەوە دیارنییە چاوی کراوەتەوە یان داخراوە.. بەکورتی ئەو جێگەی سەرنجی کیژان نەبووە. زاوا بەدلەیەکی پیاوانەی نازداری لەبەر بوو، قەمیسە حەریرەکەی ڕەنگی بێجی بوو، بە حەریریش تێر کرابوو. چەپکە گوڵێکی گەورەشی لە دەست بوو، شەپقەیەکی ڕەشیشی لە سەر بوو. هەر شەش کەناڵە تەلەڤزیۆنە ژاپۆنییەکان بە وردی و بە سەرنجەوە دیمەنی ئاهەنگەکەیان تۆمار دەکرد، یەکێک لەو کەناڵانە لەبەر برادەرایەتیی پرێنس بە ئەکتەری ناوداری ئەمەریکی (بروک شیلدز)یان داوەت کردبوو، ئەو ئەکتەرە ژنە لەگەڵ پرێنس بەیەکەوە، پێش دە ساڵ هاوپۆلی خوێندن بووینە لە زانکۆی ئەکسفۆرد. بۆ باسکردن و بەردەوامی ناوهێنانی پرێنس یەکێک لە کەناڵەکان لە دەمژمێری شەشی بەیانییەوە، ١٤ دەمژمێر بەرنامەی تایبەتی ساز کردبوو. هەر بەو بۆنەیەوە حکوومەت لە تاوانی ٣٠ هەزار تاوانبار خۆش بووبوو، هەموو ئەوانە ئەندامی حزبی دەستەڵاتدار بوون و تاوانەکانیانیش پەیوەندیی بە گەندەڵی سیاسی بووە.

**هەڵمەتێکی دڕندانە:**

پاش ئەوەی ماساکۆ بووە ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە، دەرسی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتکردن لەو ماڵە تازەیەدا وەرگرێت، وەک دەستهەڵگرتن لە موڵکییەتی تایبەت و زەردەخەنە و هاوکێشەی شیاوی ناسک و گەرم و هیبەت و ڕۆیشتن سێ هەنگاو لە دوای مێردەکەی، ئەوەش پاش ئەوە هات کە لە یەکەم کۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەکەی ڕەخنەی زۆری لەسەر ئەو بابەتانە لێ گیرابوو. ئەگەرچی ئەو کۆششی زۆری کردبوو جەماوەرەکە قسەی نەبێت.

لە سێ سەرچاوەوە ڕەخنەی لێ گیرابوو، یەکەمیان لە لایەن ئاژانسی بنەماڵەی ئیمپراتۆرەکە، ئەوان ڕایان وابووە ئەو کیژە لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر ژیانی لە

دەرەوەی وڵات بووە، بۆیە ئاساییە وەک کەسێکی تر ژاپۆنییەکی بێگەرد نەبێت، ناتوانێت هەموو دابونەریتەکانی بنەماڵەکە بزانێت، زۆریش ئازادانە و زیاد لە پێویست بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت. ئاژانسەکە هەڵمەتەکەی توندبوو، ئەوەش بەهۆی ڕۆژنامەنووسەکانەوە ئەو جۆرە قسانە بە شێوەیەکی نارەسمییەوە دەردەچوون، لە ناو ئەوانەدا پڕۆپاگەندەی ئەوەش بڵاو بوونەوە، گوایە بنەماڵەکەی تێکەڵییان بە گەندەڵییەکی بۆگەنەوە هەبووە.

سەرچاوەی دووەمیش، هەردوو بنەماڵە بەناوبانگە کۆنەکەی ژاپۆنی (کیۆج و کازاکوو) بوون، ئەو دوو بنەماڵەیە لەبەر شکۆیی ناوی بنەماڵەکەی ئیمپراتۆر، پێش نیو سەدە ناوەکەی خۆیان نەمابوو.

سەرچاوەی سێیەمیش ئەو دەستەیە بوون، کە بە ناوی ڕەخنەگرەکان ناسراون، ئەندامانی ئەوانە کیژە خوێندکارەکانی کۆنی قوتابخانەی گاکوشین بوون، ئەوانەش دەسەڵاتی بەرچاویان هەبوو.

ئەو دوو بنەماڵەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، تا ماوەیەکی کورتی زووش، بووکەکانی بنەماڵەی ئیمپراتۆریەت لەوان بووە. ئەوانە لەوە نیگەران بوون کە ئاکیهتۆ و هەردوو کوڕەکەی لە ناو میللەتە سادەکە ژنیان هێناوە، تووڕەییەکەیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی چەندین وێنەی کیژانی دەرچووی زانکۆیان لە کۆمپیوتەر ڕاکێشابوو، پرسیاری ئەوەیان کردبوو ئەوانە لەو بووکە شیاوتر بوون بۆ پرێنسی وڵات. ئەو کیژانە کە زانیویانە پرێنس یەکێکی تری ویستووە، هەموو نیگەرانییان نیشاندابوو. ئەوانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش کەمتەرخەمییان لە هەڵبەستانی پڕۆپاگەندە نەکردبوو.

ڕۆژنامەنووسی ژاپۆنی (منیور هاماو)، لە بەرنامەی the shows بە بەڵگەی چەندین کتێبەوە شکۆ و پایەداریی دەزگای بنەماڵەی ئیمپراتۆریەتی زۆر پارێزگار نیشان دا، لە یەکەم کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییە هاوبەشییەکەی ئەمیر و ژنەکەی پاش مارەبڕینەکەیان، لە بەرنامەکە ماساکۆ باسی بەرنامە و پڕۆژەی داهاتووی خۆی کردبوو، ئەوەی شیاوی باسە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە تۆمارکراو بوو، وەک بەرنامە خۆرئاواییەکان زیندوو نەبوو. ئەوانەی چاویان بە بووکەکە هەڵنەدەهات لە



جیاتی ئەوەی گوێ لە دیدارەکە بگرن، سەعاتیان دانابووەوە تا بزانن بووکەکە چەند قسە دەکات، لە کۆتایی وتیان ئەو ٩ دەقە و ٣٧ چرکە قسەی کردووە، واتە ئەو ٢٨ چرکە لە ناروهیتۆی دەستگیرانی زۆرتر قسەی کردووە.

***

پاش ئەوەندە ساڵە ئەوە یەکەم جارە بوار بدرێت، ماساکۆ قسە بۆ هاووڵاتییان بکات. دیاربوو لەو ڕەوشە زۆر بێزار بووبوو، هیچی بۆ نەمابووەوە تەنها جیابوونەوە نەبێت، تەڵاقیش بۆ ئەو بنەماڵەیە شەرمەزاری زۆر دروست دەکات. لەو ساتانەش بۆی نەبووە لە پێش خەڵکەکە لەبەر قسە بکات، نەوەک وێنەگران و ڕۆژنامەنووسان ئەو هەلە بقۆزنەوە، نەدەبوو بۆ یەک چرکەش ڕوو بە بزە بێت، زۆر لەمێژ بوو بەرپرسانی ڕۆژنامەکان چاوەڕوانی ئەو هەواڵە بوون، تا دوا مانشێت بۆ هەواڵەکە دابنێن و لەسەری بنووسن (پرێنسیسە خەمگینەکە).

پرێنسیس (ئەمیرە) توانی رەوشی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەبێ هەڵە ناوەڕۆکی پرۆتۆکۆڵەکە تەواو بکات، لەو بۆنەیەدا ئەوەی ڕووی دا و قسەی لەسەر هەبوو پەیوەندی بە بووکەکە نەبوو.

بنەماڵەی بووکەکە بە ناچاری دەبووایە دیاری زۆر گران پێشکەش بە خانەوادەی زاوا بکەن، لەبەرئەوەشە خێزانە ژاپۆنەکان لەبەر گرانی و زۆری دیارییەکان، کیژەکانیان نادەنە کوڕانی خانەوادەی ئیمپراتۆر. کەم خێزان ئامادەیە یان دەتوانێت بەرگەی ئەو پارە زۆرە بگرێت، وەک خانەوادەی ماساکۆ، لەو بۆنەیەدا بۆ کڕینی دیارییەکانیان ٤ ملیۆن دۆلاریان سەرف کردبوو. زاواکەی ئەو بنەماڵەیە لە خەفەتی ئەو پارە زۆرەی بۆ دیارییەکان سەرفی کردبوو، خۆی کوشتبوو.

ناروهیتۆ و ماساکۆی ژنی وەک پرێنسەکانی تر، لە کۆشکی گەورەدا ناژین، ئەوان لە کۆشکێکی ئاسایی لاچەپی ناوەوەی قەلاتەکەدا دەژین. پرێنسەکانی پێشوو لە ناو کۆشکی (ئاکاسکا) ژیاون، ئەو کۆشکەی لەسەر شێوەی کۆشکی فرسایی پاریس دروست کراوە، ئەوەی لویسی شازدەمینی تێدا ژیاوە. ئەو کۆشکە لە سەردەمی پرێنسی پێشوو (یوشیهتیۆ) باوکی گەورەی ناروهیتۆ، ئەوەی پاشان بە ئیمپراتۆرە خەمگینە گێلەکە ناوی دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٠٩ دروست کراوە.

لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆری تێ چووبوو، تا پارێزگاری بکرێت، ماوەیەکی زۆر بەکار نەهاتبوو. لە ساڵی ١٩٦٩ بنەماڵەی ئیمپراتۆر بە ماوەی پێنج ساڵ کاری چاککردنەوەیان تێدا کردبوو. ئینجا وەک میوانخانەیەکی ڕەسمی حکوومی بەکار هاتووە.

## باڵندەیەک لە ناو قەفەسێکی زێڕیندا:

ئەو کۆشکەی پرێنس و ژنەکەی تێدا دەژین، پاسەوان و چاودێری تێدا نییە، بە دڕکە تێلەکەی چواردەوری و دانانی چەند کامیرەیەک دەزانی ئەو کۆشکە کۆشکی پرێنسە. زووتر لەگەڵ پرێنس و ژنەکە لەو کۆشکەدا، دایک و باوکی و خوشک و براکەی و شیشبووی مامۆژنی ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٥ مرد، لەگەڵیاندا دەژیان.

ئەوانەی ئەو کۆشکەیان دیوە، دەڵێن کۆشکەکە دوو نهۆمی شێوە ژاپۆنییە، ڕووبەری ٦٧٠ م٢ ی زەوی گرتووە، بەشێکی بۆ ڕابواردنی ئاساییە و بەشەکەی تریشی، بە کەرەستەی خۆرهەڵاتی ڕازاوەتەوە، گۆشەیەکی ئەو کۆشکە تایبەتە بەو ژن و مێردە. لە ناو حەوزە جوانەکانی چواردەورەکەی ماسی ڕەنگینی گرانبەها بوونیان هەیە، نرخی هەر یەکێک لەو ماسییانە، دەگاتە هەزارەها دۆلار، لە گۆڕەپانی کۆشکەکەش یاریگەیەکی سەبەتە و باخچە و ڕەزی چێنراو بە جۆرەها میوە و سەوزە دەبینرێت.

هەندێک لە شارەزایان، (ماساکۆ) بە باڵندەیەکی گیراوی ناو قەفەس یان لە ناو باخچەیەک دەبینن. پێنج ساڵ پاش شووکردنی ماساکۆ، بە ئاژانسەکانیان ڕاگەیاندبوو، کەوا ئەو لە پشت پەردەی کۆشکی ئیمراتۆریەتەوە دەژیت. ئەو ژنە پێش شووکردنەکەی کاری دیپلۆماسی لە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنی کردووە، خوێندنیشی لە سێ زانکۆی گەورەی جیهان تەواو کردووە، زۆریش بە ناو جیهاندا گەڕاوە و کتێبێکی لەسەر ئابووریی بازرگانی ژاپۆنی داناوە. لە وەڵامی پرسیارێک ساڵی پار چۆنت ڕابواردووە، وتوویەتی:

ساڵی پار لە پەنجەرەیەکی کۆشکەکەمانەوە نێری سیسرکەیەکم بینی، دیاربوو خەمگین بوو، دڵم بۆی سووتا، بردمەوە لای خۆم و چاودێرییم کرد، توانیم مێینەیەکی بۆ پەیدا بکەم، بەیەکەوە مانەوە تا مێینەکە هێلکەی زۆری دانا. ئەوەش وەڵامی ئەو



پرسیارەیە لەو سێ ساڵە من خەریکی چیم!

ماساکۆ لەو ڕۆژەی هاتووتە ناو ئەو کۆشکە، هەستی بە زیندانی ئەو قەفەسە تازەیە کردووە. بووک و زاوا پێشتر هیچ پەیوەندیی سێکسییان نەبووە، لە شەوی یەکەمی بووک و زاوایەتییان گەرموگوڕییان پێوە نەبووە، دیدارەکەیان سارد بووە، ئاهەنگی ئێوارەکەیان بێ شامپانیا و بێ مۆم و بێ جاکۆزی بەڕێوە چووە. لە ماساکۆ داوا کرابوو پێکی (ساکی) تژی بکات، تا مێردەکەی بە خۆشیی ئەو نۆشی بکات.

ڕۆژانی دوایی ماساکۆ پێشوازی لە مێوانانی پیرۆزبایی کردبوو، کەس لە تۆکیۆ نەمابوو بۆ پیرۆزبایی سەردانی کۆشکی نەکردبێت، لەوانە سیاسەتمەداران و خاوەنکاران و ڕۆشنبیران و نووسەران و ئەکتەران و ئەستێرە ڕۆشنەکانی سینەما و تەلەڤزیۆن. تەنها پاڵەوانانی زۆرانبازانی سۆمۆ هەموویان نەچوون، چونکە لە ئاهەنگێکی پێشووتر، یەکێکیان ماسییەکی سەبووری برژاوی پێشی تەواو کردبوو، لە ژاپۆندا مێوانەکان، سامان بە بووک و زاوا دەبەخشن، ئەوانیش دیارییان پێشکەش دەکەن.

## نەبوونی مانگی هەنگوینی:

ماساکۆ چاوی لەوە نەبوو، لە ڕۆژانی مانگی هەنگوینی گەشتێکی تایبەتی بکات. پێشتر تشارلز و دیانا لەسەر پشتی کەشتییەکی پاشایەتی، لە چواردەوری دەریای ناوەڕاست لە ماوەی ڕۆژانی مانگی هەنگوینیدا گەشتێکی تایبەتییان کردبوو. بەڵام دەبووایە ناروهیتۆ و ماساکۆش ئاهەنگی پێشوازی لەو شارە ساز بکەن، کە تا سەدەی هەشتەم پایەتەختی کۆنی وڵات بووە. لەو چەند هەفتەیەی ئاهەنگ و پێشوازی و بۆنەی تایبەتی هەبوون. ئەوەی جێگەی باس و شیاوی ئاماژەیە، راستییەک هەیە دەکرێ ناوی بێت، ئەویش (پرۆفیسۆر وارویک ماکابین) سەرۆکی بەشی ئابووری لە کۆلێژی توێژینەوە و دراسەتەکانی ئەسیا و زەریای ئارام لە زانکۆی ئوسترالیای نەتەوەیی لە کانبیرا، ئامادە ببوو. ئامادەبوونیشی لەم ئاهەنگەدا، لە چوارچێوەی ئەو بەردەوامەیەدا بووە، کە ماوەیەکی زۆر لە نێوان تۆکیۆ

و واشنتۆن هاتوچۆی بووە، پێش بیست ساڵ خەریکی ئامادەکردنی بڕوانامەی دکتۆرا بووە لە ئامۆژگای بروکنگەر، وانەی تایبەتیشی بە ماساکۆ وتۆتەوە، بۆ یارمەتیدانی لە خوێندنی ئابوورییەکەی، بۆیەش زۆر باش ئەو کچەی دەناسی و برادەرایەتی پتەویان لە نێواندا هەبووە، دۆستایەتییەکەشیان بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەو پرۆفیسۆرە ئوسترالییە تاکە مێوانی بێگانە نەبوو، زۆربوون ئەو میوانانەی لەو ئاهەنگەدا بەشداربوون. مەراسیمەکە ١٨ سەعاتی خایاندبوو، ئەو ماوە درێژەش میوانەکانی چاک هەراسان کردبوو. کە بووک و زاواش چوونە ژوورەوە، لە دەرگاکەیان درا، بەرپرسی کۆشکی ئیمپراتۆریەت کیزو سۆزوکی کێک و شیرنەمەنی پێشکەش کردن، پێشکەشکردنی ئەو شیرنەمەنییەش وەک نەریتێک چوار شەوی یەکەم بە بووک و زاوا دەدرێت. لەو کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەی وڵاتێکی وەک ژاپۆن، تا ئیمڕۆش خەڵکەکە لەسەر دابونەریتی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی دەڕوات و لەسەر نەریتە لادێیەکەیان دەڕۆن. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە سەرچاوەی بژێوی ژاپۆنییەکان لە چاکەوە سەرچاوەی بووە. ئیمڕۆش باوکی ژاپۆنی بە ڕۆڵەکانیان دەڵێن:

(ڕۆڵەکانم دەبێ برنجەکەی بەردەمتان هەموو تەواو بکەن، تا جووتیارەکانمان لە برسان نەمرن). هاوینان شارنشینەکانی تۆکیۆ و ناگۆیا و ئوساکا بۆ یادکردنەوەی باپیرانیان دەچنەوە گوندەکانیان.

ئەگەرچی بنەماڵەکەی (ئاوارا) سێ پشتە لە گوندە شاخاوییە بە بەفرەکانی موراکامی گواستوویانەتەوە تاکادا (ئێستا شاری جوتسوی ناوە)، پاش ئەو سەرچاوەیەش تیمێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە بە دووری ٤٠٠ کم لە دووری تۆکیۆ بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی ئەو گەیشتبوونە ناوچەکە، لەگەڵ مێژوونووسی ناوچەکە (توتسور) دڵنیابوون لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی بووکەکە.

ئەو ڕۆژەی گەیشتمە تۆکیۆ، ڕۆژی یادکرنەوەی (ماتسۆری) بوو، بەشێکە لە سەمای شێر، ئەوەش بەبیرهێنانەوەیە، کەوا وڵاتی چین لە دەریاوە تەنها چەند کیلۆمەترێک لە ژاپۆنەوە دوورە. هۆگا چاوەڕوانم بوو، منی بردە مۆزەخانەی (ئاوارا)، لەوێ مێژووی بنەماڵەکە بە نووسین و بە وێنە و بە دارەکەی بنەماڵەکەیان هەیە.



کە ماساکۆ شووی بەو بنەماڵە کرد، واتە ڕەشبوونەوەی ناوی بنەماڵەکەی، بەپێی یاسای ژاپۆنی هەموو خێزانێک دەبێ لە مردن و لەدایکبوون و ژنهێنان و جیابوونەوە و ئەحکامی جنائی بۆ تۆمارکردن ئاگاداری دەزگاکانی خۆیەتی بکەنەوە. ئەوەی روون نییە بۆچی بنەماڵەی ماساکۆ کە هاتوونەتە تۆکیۆ تۆماری تایبەتی خۆیان نەگواستیتەوە، بۆیە کە کیژەکەیان داخوازی کردووە، ماڵی زاوا بۆ تەماشاکردنی تۆمارەکەیان چوونەتە مۆراکامی. پاش ئەو شووکردنەش وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان نامینێت، دەبێتە کەسێکی بنەماڵەی مێردەکەی، هەتا مردن لەگەڵ ئەوان دەمێنێتەوە، کە مردیش پاش سووتاندنی لە گۆڕستانی ئیمپراتۆریەتیش دەنێژرێت. لەو وڵاتەدا، ئەگەر کیژ لە ژیانی هاوسەریشیدا سەرکەوتوو نەبوو، ناگەڕێتەوە لای دایکی.

هۆگا پێی وتم، لە سەدەی شازدەهەمەوە سێ شەڕی گەورە قەوماوە، کۆتاییەکەی بە سەرکەوتنی سەرکردە توکوگاوا ئاسۆ کۆتایی هاتووە، یەکگرتنەوەی ژاپۆن لە تۆکیۆ، پایتەختی نوێی لێ کەوتووەتەوە. لە ساڵی ١٨٥٣ سەرکردە (ماثیو کالبریث بیری) بەسەر پشتی نۆ کەشتی جەنگی کە ژاپۆنییەکان ناوی (کەشتییە ڕەشە مەبەست شەڕخوازییەکە)یان لێ نابوو، گەیشتبووە کەنداوی تۆکیۆ، بەو گەشتە سێ سەدە تەنهایی و گۆشەگیرییەکەی ژاپۆن کۆتایی پێ هاتبوو. لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتی وڵات گەیشتەوە ئیمپراتۆر و کۆتایی بە حوکمی ساموورای هاتبوو.

## فێربوون، فێربوون، فێربوون:

لە ڕۆژانی یەکەمەوە بنەماڵەی ماساکۆ، بایەخی زۆریان بە فێربوون دابوو، بەوەش توانییان پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بدۆزنەوە، پاش ئەوەی چەندین سەدە بوو لە دەستیان دابوو. بە سێ پشت (تاکیو ئاوادا) کاروانەکەی بڕیبوو، باپیری ماساکۆ بواری سازاند، تا باوکی بگاتە پلەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی لە شاری جوتسۆ، پاشان کرا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پەروەردەی شارەکە، ٩٠ ساڵیش ژیاوە. ئەو خوێندن و پەروەردەی بە سەرمایەکی باش زانیوە، باوکی بۆ نەوەکەی بەجێ بهێڵێت. ئەو سێ وشەیەی بەردەوام لە بەر خۆی وتۆتەوە: فێربوون، فێربوون، فێربوون.!

ئەگەرچی باری ئابووریشی زۆر باش و یارمەتیدەر نەبوو، بەڵام یارمەتیدەر بووە هەر حەوت منداڵەکەی (لەوانە دووانیان کیژ بوون) لە چلەکان و پەنجاکان خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن، کوڕەکان خوێندنیان لە زانکۆی ژاپۆن تەواو کردووە، ئەو زانکۆیە لە ٨٩ زانکۆیەکەی ئەو وڵاتە باشترە. کوڕە گەورەکەی بووەتە مامۆستای ئەدەبی چینی لە زانکۆی سنشۆ، تاکاشی بووەتە پارێزەر، ئوسامۆ گەیشتە پلەی سەرۆکی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نەتەوەیی، ماکوتوی کوڕە گچکەکەشی بووەتە پشکێنەر لە نووسینگەی بەنداوەکان لە وەزارەتی گواستنەوە. هەردوو کیژەکەشی شوویان بە پیاوی سەرکەوتوو کردووە، یەکەمیان شووی بە تاداشی کاتادای بەڕێوەبەری ئیداری کۆمپانیایەکی گەورە کردووە، دووەمیشیان شووی بە کازدهایر کاشیوابرای بەڕێوەبەری ئیداری بانکی پیشەسازیی ژاپۆنی کردووە. ماساکۆش لە ناو ئەو خێزانە گەورەیە پەروەردە بووە، مام و پلەکانی کەسانی سەرکەوتوو بوون لە کاری ڕۆژانەیان. ئەوانەش هەر لە منداڵییەوە کاریگەرییان لەسەری زۆر بووە.

باوکی ماساکۆ، هیساشی ئاوادا لە ساڵی ١٩٣٢ لە دایک بووە، ئەوەندەی لە نیگاتا شارە شاخاوییەکەیان ژیا هیچی لە ژیان نەبینیبوو. لەو شارەدا لە ترسی بەفری زۆر، هاووڵاتیان خانووی سێ نهۆم لە دار بەرز دەکەنەوە، جاری وا هەیە لە زستاندا بەرزی بەفرەکە دەگاتە ٥ مەتر. تا ئێمڕۆش ساڵانە دەیان کەس دەکەونە ژێر بەفرەوە، بنمیچی خانووەکانیان بەسەردا دەڕمێت.

باوکی ماساکۆ خوێندکارێکی زیرەک بوو، بۆیە لە زانکۆی تۆکیۆ (هارڤارد) کورسییەکی بۆ تەرخان کرابوو، هونەرە جوانەکان و زانستی خوێندووە، لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا توانی تاقیکردنەوەی دامەزراندنی لە کاری دیپلۆماسی و قونسلییەت لە وەزارەتی دەرەوە ببڕێت، کە لەو بوارە دامەزرا بۆ خوێندن لەو بوارە چووەتە زانکۆی کمبریدج، سەرەتا یاسای خوێندووە، پاشان بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، ئەو زووتر لە لایەن هاوڕێکانیەوە بە پرۆفیسۆر ناوی هاتووە. ئەو پیاوە تا ئێمڕۆش وەک کەسێکی بەتوانا و کەسایەتی بەهێز و زیرەک ناوی دێت، هەروەها بە کەسێکی داخراویش ناسراوە، بە گەرمی ناچێتە بەر دڵان و هەستی لێبووردنی کەمە.



## حاکمە ڕاستەقینەکان:

سیر ئادم ڕۆبرتس مامۆستای زانکۆی ئوکسفۆرد و گەروە توێژەر لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ماوەیەکی زۆر دەرسی بە ماساکۆ داوە، زۆریش لە نزیکەوە هاوڕێیەتی کردووە، ئێستاش ماوە ماوە لە کۆشکی ئیمپراتۆرییەتەوە سەردانی دەکات. ئەو مامۆستایە دۆستایەتی لەگەڵ باوکیشی هەبووە، ئەو ماوەی مامۆستای میوان بووە لە زانکۆی ئوکسفۆرد دیداریان بووە، لە چەندین کۆنفراس و کۆبوونەوەی لێکۆڵینەوەی نێودەڵەتی بەیەکەوە بەرنامەیان هەبووە. ڕۆژنامەنووسی ئوسترالی گریگوری کلاک بەو شێوەیە باسی باوکی ماساکۆی پرێنسیسی کردووە:

ئەوەندەی من لەو پیاوە گەیشتبم، کەسایەتییەکی وشکی هەیە، دوورە لە هەستی سۆزداری، بە ئاسانی رەخنە قبووڵ ناکات.

باوکی ماساکۆ چەندین کار و فەرمانی لە وڵاتدا بینیوە، بۆ کاری دیپلۆماسی گەیشتووەتە مۆسکۆ، لەوێیەوە بەرەو نیویۆرک ڕۆیشتووە، پاشان گەیشتووەتە واشنتۆن، دواییش بۆ لاهای، لەو گەشتەیەدا وەک پرۆفیسۆری میوان لە زانکۆدا وانەی یاسای نێونەتەوەیی داوەتەوە، بە پەیژەکانی وەزیفەدا سەرکەوتووە تا گەیشتووەتە لووتکەی وەزارەت.

نوێنەرە ئیدارییەکانی وەزارەتەکان، واتە ئەندامانی جیهازی بیرۆکراتی دەوڵەت، لە لای ژاپۆنییەکان بە پێناسەیەکی سووکەوە ناویان هاتووە، ئەو سیاسەتمەدارانەی ڕاستەوخۆ بە بەرنامەی دیموکراسیی خۆرئاواوە بەڕێوە چووە، بایەخی نییە، چونکە ئەوانە بە سیاسەتمەداری گەندەڵ دەناسرێن. ژاپۆنییەکان حەقیانە بەو چاوەوە تەماشای بەرنامەی سیاسیی وڵات بکەن، چونکە پاش شەڕی دووەمی جیهانی چەندین حکومەت گۆڕان، ژمارەی ئەو سەرۆک حکومەتانەی هاتوونەتە سەرکار لە وڵاتی ئیتاڵیاش زۆرترە، چونکە ئیتاڵیا بەوە ناسراوە کە زۆرترین حکومەتی تێدا گۆڕاوە. ئەوەش هێمای نائارامی سیاسییە. تا ساڵی ٢٠٠١ لە ماوەی ٥٦ ساڵدا، ٤٦ جار حکومەت گۆڕاوە و چەندین جاریش گۆڕینی وەزارەتەکان بووە، بۆ نموونە لە حکوومەتەکاندا وەزیر تەنها چەند ڕۆژێکی کەم ماوەتەوە و گۆڕاوە. لەبەر زۆری گەندەڵی چەندین جار ئەندامانی گەورەی حزبی دیموکراسیی لیبڕالی دەستەڵاتدار

زیندانی کراون، لەوانە سەرۆک وەزیرانی پێشووتر کاکۆی تاناکۆ.

پاش ئەوەی قەیرانی گەندەڵی و ئابووری ساڵی ١٩٩٠ لە وڵات گەشەی کرد، کەسانی بیرۆکراتی وەک هیساشی ئاوادا ڕۆڵیان هەبووە لە چاککردنی ڕەوشی وڵات، ئەوانە خۆیان وەک کەسانی حاکمە راستەقینەکانی وڵاتەکەیان دەبینی.

ئاوادا لە تەمەنی سی ساڵیدا، لە ساڵی ١٩٦٢ ژنی هێناوە. ئەو وەک ژاپۆنییەکان بە پێشبڕکێی میللی ژنەکەی بەرنەکەوتووە، چونکە ئەو وەک ژاپۆنییەکان لە بۆنەی تایبەتی OMIAI دایکی ماساکۆی هەڵنەبژاردووە، کە لەو بۆنەدا چەند پسپۆڕێک، پیاوان بۆ بەرکەوتنی بووکێک کۆ دەکەنەوە، یەک لە حەوت گەنجە ئامادەبووە ژنخوازەکان بووکێکی بەردەکەوێت، ئەو ژنەکەی بە هۆی برادەرێکی سیاسیی پیری هاوڕێ ناو حزب و کاری وەزارەتەکەی بووە، کە ناوی هوتاکیو فوکودا بوو. لە ژاپۆن ڕێژەی جیابوونەوە، بۆ نموونە نیوەی جیابوونەوەی نێوان ژن و پیاوە لە ئەمەریکا.

**ساموورای:**

کە هاوڕێیەکەی یومیکۆ ئیغا شیرای بۆ دۆزییەوە، دایک و باوکی بە دەستنیشانکردنەکە ڕازی بوون. شیرا لە چەندین ڕووەوە باش بوو، کیژێکی جوان و بەرچاو بوو، تەمەنی پێنج ساڵ لە خۆی گچکەتر بوو، ئەوەی باش بوو لە پێشینەیەکی ڕاستەوە هاتبوو، باشیش پەروەردە کرابوو، لە زانکۆی کیۆ ئەدەبی فەرەنسی تەواو کردبوو، لە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی کارمەند بوو. شیرا باوکی کارمەندێکی دەوڵەمەندی بانک بوو، پاشان بووە بە بەڕێوەبەری ئیداری بانکی پیشەسازی، ئەو بانکە یەکێک بووە لە دە بانکە گەورەکەی جیهان و سەرمایەکی زۆری پێکەوە نابوو. ئەو بانکە پاش ئەوەی قەرزێکی زۆری بەخشی ئیفلاسی کرد. باپیرەکانی دایک و باوکی لە هێزی دەریاوانی ژاپۆنی و لە کاتی شەڕەکانی ژاپۆنی رووسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم سەرکردە بووە، ئەوانیش لە کۆنەوە دەگەڕێنەوە بۆ سامۆراییەکان.

لە ساڵی دووەمی ژنهێنانەکەی شیراو مێردەکەی نۆبەرەیان کیژبوو و ناویان نابوو، ماساکۆ. پرێنسیس ماساکۆ لە نەخۆشخانەی گەڕەکی تورانومون لە تۆکیۆ، لە ٩ ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٦٣ لە دایک بووە. لەبەرئەوەی نۆبەرەکەیان کیژ بووە، بۆیە بەو



بۆنەوە ئاهەنگیان نەگێڕاوە! ئەو دەمەی ئەو لە دایک بووە، خێزانەکەی لە شوقەیەکی گچکەی دوو ژووری نووستن و دوو ژووری دانیشتن و ژوورێکی خواردن و مەتبەخێکی سەر بە وەزارەتی دەرەوە دەژیان.

ژاپۆنییەکانیش وەک زۆربەی ئاسیاییەکان زۆرتر حەز دەکەن کوڕیان ببێت، چونکە ئەوانن ناوی فامیلییەکە دەپارێزن، ئەوەش بۆ خێزانە دەستڕۆیشتووەکان و ناودارەکان زۆر مەبەست بووە، دیارە ئەوانیش یەکێکن لەوانەی پێویستییان بە کوڕ بووە، تا ناوەکەیان راگرێت. ئەگەرچی لە زۆر یاساکانی ژاپۆنی نێر و مێ هاوبەش و یەکسانن، بەڵام هێشتا مووچەی نێری کارمەند زۆرترە لە مووچەی مێینە هاوکارەکانیان، ئێستاش هەر پیاوەکان باڵادەستن کە پلە بەرز و دیارەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتییان بەردەکەوێت.

***

ئاریک جونستۆنی ڕۆژنامەنووسی بەریتانی، ماوەیەکی زۆر پەیامنێری چەندین ڕۆژنامەی خۆرئاوایی بووە، ئێستاش جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەری JAPAN TIMES ی ژاپۆنییە، کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت. ئەو چەندین ڕاپۆرتی لەسەر بنەماڵەی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆنی ئامادە و بەرهەڤ کردییە، لەسەر کەسایەتی ماساکۆش ڕای وایە کلیلی کەسایەتی ئەو لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لەگەڵ باوکییەوە سەرچاوەی گرتووە. ماساکۆ تەمەنی تەنها ١٨ مانگ بووە، لە سەردەمی حوکمی سەرۆک لیونید بریجینیف، کە ماڵیان لە گەڕەکێکی تۆکیۆ دەگوازێتەوە گەڕەکی دیپلۆماسی لە جەرگەی کرملینی مۆسکۆ، دایکی لەبەر کارە دیپلۆماسییەکەی مێردی، بە ناچاری واز لە کاری پرۆفیسۆرییەکەی لە زانکۆ دەهێنێت، بەرەو مۆسکۆ بەڕێ دەکەوێت.

ئەو ڕای وایە شاری مۆسکۆ باندۆری زۆری لەسەر کەسایەتیی ماساکۆ هەبووە، زۆر گەڕان و گواستنەوە لاوازیی ئینتماشی لا پەیدا دەکات، ماساکۆ کە شووی کردووە نیوەی ژیانی لە دەرەوەی ژاپۆن بەسەر بردووە، وەک بێگانەیەک وڵاتەکەی بینیوە، باخچەی ساوایان و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە مۆسکۆ و نیویۆرک و تۆکیۆ و بۆستن تەواو کردووە، زمانی رووسی و ژاپۆنی و ئینگلیزی زانیوە، لەو قۆناغانەی ژیانی کۆمەڵێک هاوڕێی هەبووە. خوێندنی زانکۆشی لە

زانکۆکانی هارڤارد و تۆکیۆ و ئۆکسفۆرد تەواو کردووە. برادەرەکانی بە دوو شێوە باسی کەسایەتیی ئەو دەکەن، وەک کەسێکی نێونەتەوەیی گەشاوە و وەک ژاپۆنییەکی ژن و دایک.

یوکی کۆدۆ، کیژێکی هاوتەمەن و هاوپۆلی ماساکۆ بووە، ئەویش لە زانکۆی تۆکیۆ لە کۆلیژی یاسا خوێندوویەتی و ماجستێری لە زانکۆی لەندەن تەواو کردووە، لە ساڵۆنەکانی زانکۆی تۆکیۆ ماساکۆی ناسیوە، بەیەکەوە لە کافتیریاکەی قاوەیان خواردۆتەوە، بەو شێوەیە پێناسەی دەستە خوشکەکەی کردووە:

ماساکۆ خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز نییە، وەک ئاو شلە، لەبەرئەوەی لە چەندین شوێن ژیاوە بۆیە ناسنامەیەکی ڕاستەقینەی دیاری نییە، بۆیەش زوو دەتوانێت خۆی بگونجێنێت، نەیتوانیوە کەسایەتی تایبەت بە خۆی بەرجەستە بکات. ڕۆژانە دەگۆڕێت، ڕۆژی وایە جینز لەبەر دەکات و ڕۆژێکی تر بە سویتەر دێتە دەرەوە، بۆ بەیانی بەدلەی ڕەسمی لەبەر دەکات، زۆریش هەست بە نارێکی و بە بێ بەرنامەیی دەکات. کە باوکی وەک ئەندامی نێردراوێکی نەتەوە یەککگرتووەکان دەچێتە ئەمەریکا، ئەویش لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە لە مۆسکۆ بەرەو ولایەتە ئەمەریکییەکان بەڕێ کەوتووە، بە دروستی بۆ نیویۆرک ڕۆیشتووە. ئەو وەزیفەیەی باوکی کارێکی دیپلۆماسی گەورە بووە لە وەزارەتی دەرەوە. کە خێزانەکە مۆسکۆیان جێ هێشتووە کەسیان بۆ دوورکەوتنەوەیان لەو شارە فرمێسکیان نەڕشتووە. دەیانزانی کەشوهەوای ئەو شارە زۆر خۆشترە و لە بازاڕەکانی ئەو شارەش تامی زۆر لە گەڕانەکان وەردەگرن، لەسەر کەناری ڕووباری هدسۆنیش ئارامی و خۆشی دەدۆزنەوە، هەروەها خێزان و کەسانی دیپلۆماسی و دەوڵەمەندان و کارمەندانی بانکە گەورەکانیش دەناسن. بارەگاکەی ئەو دامەزراوە دەکەوێتە ناو یەکێک لە تاوەرەکانی گەڕەکی دیپلۆماسی لەسەر کەناری ڕووباری خۆرهەڵات، ماساکۆ لەو شوێنە سێ ساڵ ژیاوە.

## وڵاتێکی نوێ و زمانێکی نوێ:

ماساکۆی پرێنسی دواڕۆژ، سالآنە زمان و وڵات و ژیانی نوێی هەبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە نیویۆرک لە باخچەی ساوایانی گشتی ژمارە ٨١ وەرگیراوە،



مامۆستاکانی ئەو باخچەیە ئەو منداڵە هێمن و ئارامەیان لە بیرماوە. چوار مانگی یەکەمی لە ژوورەکەی دادەنیشت و هیچ لەو زمانە تێ نەدەگەیشت، بەڵام گوێگرێکی باش بوو، زۆر نەماوەتەوە دووبارە باوکی گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی، ئەمجارەیان کراوەتە سکرتێر و ڕاوێژکاری هاوڕێیەکی خۆی (تاکیۆ فوکودا)، کە کراوە بە وەزیری دەرەوە. پاشان بووە بە سەرۆک وەزیران. باوکی ماساکۆ شەرەفی ئەوەی بەرکەوت هاوڕێیەتی ئیمپراتۆر هیرۆ هیتۆ لە یەکەم گەشتی ئەوروپی پاش شەڕی دووەمی جیهان بکات، ئەگەرچی چەندین لایەن بەشداری پێشوازییەکان نەبوون، بەڵام دیداری چڕوپڕیان ئەنجام دابوو.

دایک و باوکی ئەو زارۆکانە، لەبەرئەوەی زۆر لە وڵاتانی جیهان دەگەڕان، تا لە کولتووری ژاپۆنی دوورنەکەونەوە، کۆششیان بەردەوام بوو، لە ماڵەوە بە زمانی خۆیان قسەیان کردووە، خواردنیان خۆماڵی ژاپۆنی بووە، بەڵام ماساکۆ کە گەڕاوەتەوە وڵات زۆر بە زەحمەتی لەگەڵ کۆمەڵگەکەی جارانی راهاتووە. لەبەرئەوەی کوڕ و کچ لە قوتابخانەی رومی کاسۆلیک تیکەڵ نەبووە، بۆیە دایکیان حەزی دەکرد منداڵەکانی ڕەوانەی ئەو مەکتەبەیان بکات، هەر خۆشی لەو قوتابخانەیە دەرچووە. کە لەو قوتابخانەیە وەرنەگیراوە، ئەوە یەکەم دوا جاری بوو لە دەستنیشانکردنی قوتابخانە سەرکەوتوو نەبێت. لە پێنج قوتابخانە دەرسی خوێندووە، لە هەموویان سەرکەوتوو بووە. لە ڕۆژانی خوێندنیدا فێری ژەنینی ئامێری پیانۆ و یاری تنس بووە.

کومی هارای دەستە خوشکی وتوویەتی، ماساکۆ لە خوێندکارە سەرکەوتووەکانی قۆناخەکەیان بووە، بەڵام لە زماندا لە خوێندکارەکانی تر باشتر نەبووە، ئەو زۆر جار ئەگەر مامۆستا هەڵەی کردبا عینادی لەگەڵیان کردووە و بێدەنگ نەبووە، زۆریش پلەکانی نایاب بووە، ئەگەرچی چەندین زمانی زانیوە، کۆششی بۆ فێربوونی زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسیش کردووە.

هاوینان بنەماڵەی ئیمپراتۆر لە خانووێکی تایبەتی خۆیان لە بەنداوی کارۆزاوا، پشووەکەیان بەسەر بردووە، ئەو شوێنە بارەگای هاوینەی چینە بالآدەستەکان و گەڕاوە خۆرئاواییەکان بووە، بە هۆی ئەو ترێنە خێرایەی پەیدا ببوو، ڕێگەی نێوان

هاوینەهەوارەکە و تۆکیۆی پایتەخت تەنها نیو دەمژمێر دەبوو.

برادەرایەتی کۆمی هارا و ماساکۆ دە ساڵ بەردەوام بوو، زۆر سەردانی ماڵەوەی یەکتریان دەکرد، هاموشۆیان گەرم بوو، بەیەکەوە دەچوونە گەشتی دووروودرێژ و سپۆرتیان بەیەکەوە کردووە، سەردانی یانەی زۆریان کردووە، لە چێشتخانەی خۆش و لە قاوەخانەی زۆر دیداریان بووە، هارای وتوویەتی:

ماڵی ماساکۆ زۆر پارێزگار بوون، ڕۆیشتن لە ناو ماڵەکەی ئەوان ڕۆیشتن بووە لەسەر هێلکە، هەر چواردەوری ماڵەکەیان کتێب بوو، ئەوەی سەیربوو لەو ماڵەدا ئامێری تەلەڤزیۆنی بوونی نەبوو، دایک و باوکی ماساکۆ پێشبینی زۆر زۆریان لە ماساکۆ دەکرد.

هاراو ئاریک جۆنستۆن کۆک و هاوبیرن کەوا باوکی ماساکۆ کەسێکی دەسەڵاتداری توند بووە لە ژیانی ماساکۆ، بەڕاستی ئەو کیژی باوکی بووە، وەک کوڕێکی ئەو ماڵە گەورە کراوە، ئەویش حەزی دەکرد لەبەر رۆشنایی باوکی بجووڵێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٩ باوکی ماساکۆ، هیشاشی ئاوادا پلەی نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی لە مۆسکۆ وەرگرت، پاشان بووەتە ئەندامی وەفدی وڵاتەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە گەڕاوەتەوە کراوە بە ڕاوێژکار لە وەزارەتی دەرەوە، پاش ماوەیەکی کورت پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەرکەوتووە.

**پرێنسە کەنەدییەکە:**

لە ڕۆژانی پشوودانەکانیدا، پرێنس کەشێکی سریالی دەخولقاند، لەسەر مێزەکەی بەردەمی تابلۆیەکی داناوە، وێنەی تابلۆیەکەش دوو گەنج بوون کەمانچەیان دەژەنی، شوێنەکەش باخچەی داری چابوو.

پرێنس ناروهیتۆ لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ یەکەمین جار سەفەری دەرەوەی کردووە، کە ئەو سەفەرەی کردووە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە، ئەوەش بە پێچەوانەی ماساکۆ بووە، ئەو لە تەمەنی چوار ساڵییدا لە وڵات دەرچووە، لە وڵاتانی ئەمەریکا و رووسیا ژیاوە، بەتایبەتی لە نیویۆرک و لە مۆسکۆ. پرێنسیش وەک زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی



زۆر کەم لە وڵات دەرچوون، زۆربەی تەمەنی ژیانیان لە ناو وڵات بەسەر بردووە.

لە پاش دەرئەنجامەکەی شەڕی دووەمی جیهانی، ژاپۆنییەکان ترسیان لە دەرەوە هەبووە، کۆششیان کردووە ئەو سامە بشکێنن، هیرۆ هیتۆ باپیری ناروهیتۆ یەکەمین ئیمپراتۆری ژاپۆنی بووە، لە ماوەی ٢٦٠٠ پێی لەسەر خاکی بێگانە و دەرەوە داناوە. پرێنس تاکامادۆی مامیشی لە دەرەوەی خوێندووە، بۆ خوێندن گەیشووەتە کەنەدا، بۆیە بەو پرێنسەیان وتووە پرێنس کەنەدی. ئەو لە زانکۆی کۆنیز خوێندوویەتی و لەوێش ژیاوە، تا لە ئەنجامی یاری ئاسکۆاش لە سەفارەتی کەندی لە تۆکیۆ بە نەخۆشیی دڵ مردووە. وا کاتی ئەوە هات ئیپمراتۆری ئایندەی ژمارە ١٢٦ ی ژاپۆن تامی ژیان بکات و بە سەردان بچێتە ئوستراليا. لەسەر پێشنیازی ئەندامێکی بنەماڵەکەیان بۆ خوێندن لە زانکۆی کانبیرا چووەتە ئوستراليا، لەبەرئەوەی لەو وڵاتە خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە و کەشوهەواکەی خۆشە و لە ژاپۆنیش زۆر دوور نییە، بۆیە خوێندنی لەو وڵاتەدا هەڵبژاردبوو.

ئەگەرچی وا سی ساڵ بەسەر شەڕی دووەمی جیهانی ڕابورد، ژاپۆنیش ببووە هاوبەشێکی باشی بازرگانی ئوستراليا، هێشتا بەشێکی زۆری هاووڵاتی ئوسترالی بە چاوی ڕق و دوژمنایەتی تەماشای ژاپۆنییەکان دەکەن، دیارە کەوا ژاپۆنییەکان لە ڕۆژانی شەڕەکاندا زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵ دیلە ئوستراليیەکان لە سەربازگە و گرتووخانەکان کردووە.

لە ١٨ی ئوگسستی ساڵی ١٩٧٤ پرێنس بۆ خوێندن گەیشتبووە ملبۆرن، یەکەم شت ڕووی لە دەرگای چێشتخانەیەکی ژاپۆنی کردەوە، زووش بۆ دیتنی یەکەم ئاژەڵی کەنغر لە ژیانیدا سەردانی زووی شارەکەی کردووە، لەو سەردانەیدا وەفدێکی رەسمی هاوشانی بووە، دەستەیەک پاسەوانانی کۆشکی ئیمپراتۆریەتیشی لەگەڵدا بووە، بۆ رێکخستنی جلوبەرگ و پێویستییەکانی فەرمانبەری تایبەتی لەگەڵ هاتووە. بە گەیشتنی پرێنس دەستەیەکی تر لە سکرتێری دووەمی سەفارەتی ژاپۆنی لە کانبیراو دەستەیەکی فریاکەوتن لە حکومەتی ئوسترالی بە سەرپەرشتیی جێگری سەرۆکی بەشی پێشوازی و ئەفسەرێکی پۆلیس و ئەفسەرێکی پەیوەندی ڕاگەیاندنیش گەیشتنە ناو ستافەکەی پرێنس لە ئوستراليا. ئەگەرچی هاتنەکەی

وەک پشوودانێکی تایبەتی بوو، بەڵام هەر ڕووداوێک، یان پێشهاتی هەر هەڵەیەک، زیانی زۆری بە پەیوەندیی هەردوو وڵات دەگەیاند.

**لاساییکردنەوەیەکی ئەمەریکایی:**

بە گەیشتنی پرێنس ڕۆژنامەنووسان دەست بە کامیراوە گەیشتنە ناوچەکە، ڕۆژنامە گەورەکانی ژاپۆن بە وەرگرتنی دوا هەواڵی پشوودانەکە کەوتنە کار، بە هەموو شێوەیەکی ئیجابی چالاکییەکانیان گواستەوە، چەندین وێنەی پرێنسیان لە چەندین شوێن و بۆنە بلاو کردەوە، لە هەموو جیهان وێنەی پرێنس بلاو کرایەوە. وێنەیان بلاو کردەوە، یاری تنس دەکات، تەماشای تەیری بەتریق دەکات، بەسەر بەرزایی ئایاز دەکەوێت، وێنەیان بلاو کردەوە لەسەر شەڕەفی حاکمی ولایەتی فکتۆریای ئەو کات، سیر ڤۆن کیر لە پێش جەماوەرە و کەمانچە دەژەنێت.

پرێنس کە ناوی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکی هنری کیسنجەری هێنابوو، جێگەی سەرنج بوو، چونکە ئەو کەسایەتییەیە لە لای ژاپۆنییەکان خۆشەویست و بەڕێز نەبوو، لەبەرئەوەی لە سەردەمی ئەودا ئەمەریکا دانی بە کۆماری چین ناوە و شەڕی ڤیتنامیش بەرپابووە. دیارە پرێنس هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییدا ئارەزووی کاروباری نێونەتەوەیی هەبووە.

پرێنس بە دوو ساڵ توانی بە نووسینەوە زمانی ئینگلیزی فێربێت. بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت. جارێک بۆ یاری گۆلف داوای کردبوو دوور بکەوێتەوە، یاوەرەکانی خۆیان پێڕانەگیرابوو، پێیان وتبوو، ناکرێ دوور بکەوینەوە، نەوەک لەو ناوچانە مینێکی کۆنی ژاپۆنی سەردەمی شەڕەکان لەژێر پێمان بتەقێتەوە؟! ئیمپراتۆر هیروهیتۆ یاری گۆلفی لە ژاپۆن قەدەغە کردبوو، بە بیانووی ئەوەی یارییەکە لاساییکردنەوەیەکی ئەمەریکییە. ئەگەر زانیبیای ئەوە نەوەکەی لە ئوسترالیا یاری گۆلفی کردووە، ئەو دەروازەکانی دۆزەخ دەکرانەوە. تا ئوسترالییەکانی یاوەری پرێنس خۆیان لەو گێژاوە رزگار بکەن، بەرنامەیان دانا تا کامیرە بەدەستەکان دوور بخەنەوە، وتیان پرێنس لە ناوچەی (ئەنتدنددەید) دایە. بەوەش چاوی میدیایان لە پرێنس دوورخستەوە. لە ناو ئاهەنگی ئێوارەیەکی هوتێلی ئوزون، ماوەیەک پرێنس



دیار نەما، هەموو دارودەستەکەی زۆر پەریشان و تەنگاو بوون، پاش ماوەیەکی کورت زانرا لە سالۆنەکەی بلیاردی تەنیشتە خۆیانەوەیە، هەموو هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا.

**بەڕاستی بنەماڵەیەکی شایستەن:**

پرێنس زۆر گوێڕایەڵی کۆت و بەرنامەکانی کۆشک نەدەبوو، ئەو لە هەموو ئەندامانی تری خێزانەکەی سەربەستانەتر دەجووڵایەوە. ئەوەی ڕۆژانە بەدوای ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەدا دەگەڕێت، ئەوە دایک و باوکی ماساکۆیە.

باپیرە گەورەکەیان بەرپرسە لە بەکوشتندانی زۆرتر لە ٢٩ ملیۆن کەس لە هاوولاتیانی چواردەوری خۆیان. باپیرە گەورەکە، ئەوەی لە ژنێکی خزمەتکاری خۆیانەوە لە دایک بووە، پاش ئەوەی تووشی نەخۆشی گرویی هاتووە، ماوەیەکی درێژ لە خەڵک دابڕاوە، تا لە ساڵی ١٩١٣ بەشداریکردنەوەی دانیشتنی پەرلەمانی کردووە. لە جیاتی نامە نووسراوەکەی دەستی بخوێنێتەوە، نامەکەی لە ناو دەستی لوولداوە و وەک تەلسکۆب بە چاوانی وەناوە و تەماشای خەڵکی پێ کردووە!

باپیرێکی تری بە ناوی موتسو هیتۆ، ئەوەی بەدانەری نوێی ژاپۆن دەناسرێت، ئەوەیان ١٥ زارۆکی لە پێنج ژنان هەبووە، هیچ لەوانەش ژنی نەبوون، بەڕاستی خێزانێکی سەیرن!!

یەکەمین ئیمپراتۆری دەستووری وڵاتیش باوکی ناروهیتۆبووە، ئەو وەک خوداوەند نەپەرستراوە، هیرو هیتۆ لە پاش ساڵی ١٩٤٦ دەستبەرداری ئەو نەریتە بووە، ئەوەش یەکێک بووە لە مەرجەکانی دەستدانی ژاپۆنییەکان، بۆ هێزەکانی ئەمەریکی لە شەڕی دووەمی جیهان. ئەو لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا زۆربەی شکۆکانی ژاپۆنی گێڕاوەتەوە، بە کردەوەکانی رووی میللی بە پایەی ئیمپراتۆریەتەکان داوە. ئەوەش بۆچوونی (کینیث رۆفی) مامۆستای مێژوو و بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی ژاپۆنی لە زانکۆی بۆرتلاند و نووسەری کتێبێ بەناوی (ئیمپراتۆریەتی میللەت)ی کە خەڵاتێکیشی لەسەر وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٨٩ ئیمپراتۆر ئاکیهیتۆ تاجی ئیمپراتۆریەتی وەرگرتووە، لەو ڕۆژەوە

چاکسازی دەست پێ کردووە، بەردەوام بەرنامەی تازەی بۆ وڵاتەکەی داڕشتووە، دەست و پەنجەی گۆڕانەکانی دیاربووە، لەبەر زۆری پێشێلییەکانی ژاپۆنییەکان لە ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهان، داوای لێبووردنی لە هەموو وڵاتانی چواردەورەی خۆیانەوە کردووە. کە بە شێوەیەکی مۆدێرن لەساڵی ١٩٥٩ ژنی هێنابوو، لەسەر ئاستی چینە ئورستقراتییەکە دەنگی دایەوە، چونکە لەسەر بناخەی خۆشەویستی ژنی هێنابوو، نەک لەسەر شێوە باوەکەی جارانی بنەماڵەکەیان. هیروهیتۆ بێ هیوابوو لە پەیداکردنی جێنشینێک بۆ تاجەکەیان، چونکە ژنەکەی چوار کیژی یەک لەدوای یەکی بووە، بۆیە زۆر لە برادەرەکانی ئامۆژگارییان دەکرد، با دۆستێک بگرێت، پەندێکی کۆنی ژاپۆنی هەیە دەڵێت؛

ئەگەر ژنەکەت کوڕی نەبوو، بەرەڵای کە!

ئەو دیاردەیە هەتا ڕۆژانی حوکمی هیروهیتۆش ئاسایی بووە، نیوەی ئیمپراتۆرەکانی ژاپۆن کوڕی ناشەرعیان هەبووە، بەڵام ئەو نەیویستووە دۆستێک بگرێت، تا لەو دۆستەی کوڕێکی بۆ تاجی ژاپۆن ببێت. لەو ساڵەی هێزەکانی ژاپۆنی هێرشیان کردۆتە سەر چین لە ٢٣ ی دیسمبەری ١٩٣٣ ئاکیهیتۆ لە دایک بووە. ئەو کوڕە لە تەمەنی یەک هەفتەییدا لە دایک و باوکی وەرگیراوە و ڕەوانەی داینگەی تایبەتی کراوە، لە تەمەنی سێ ساڵییدا گەڕاندراوەتەوە ناو بنەماڵەکەیان، لەسەر دەستی باشترین پەروەردەکار پەروەردە کراوە، هەفتانە یەک جار و لە بۆنە تایبەتییەکانی وەک سەری ساڵی زاینی دایک و باوک و خوشکەکانی بینیوە. یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی چین جارێک نووسیبووی:

ئەگەر من لە باوەشی چەند دایکێک گەورەبووم، بەڵام لە سۆزی دایک بێ بەش بووم. هەروەها بوبی لە ناو شارە شوورەکراوەکە بەو شێوەیە پەروەردە کراوە.

یەکێک لە پرێنسیس ژاپۆنییەکان بە توشیاکی کاواهارای نووسەری ڕاگەیاندووە، من کە دایکم مردووە، یەک دڵۆپە فرمێسکم بۆ هەڵنەڕێشتووە، بەڵام کە دایەنەکەم وازی لە بەخێوکردنم هێناوە زۆر دڵتەنگ بووم، زۆری بۆ گریاوم. ئاکیهیتۆ تەمەنی منالّییەکەی لە کاتی شەڕ بەسەر چوو، کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەردوو شاری ناگازاکی و هیرۆشیما بە بۆمبە ناوەکییەکەی وێران کرد، ئاکیهیتۆ و برا



بچووکەکەیان بۆ هیتاشی دوور خستەوە. کە باوکی هاتە سەر رادێو و تەسلیمبوونی ژاپۆنی ڕاگەیاند، ئەو تەمەنی تەنها ١٢ ساڵان بوو.

**فەزیلە گەورەکە:**

ئاکیهیتۆ بەختیار بوو، کە پێشەوای هێزەکانی ئەمەریکای داگیرکەر لە ساڵی ١٩٤٦ ژەنرال (دۆگلاس ماک ئارثر)، ئامۆژگاریی ئیمپراتۆری کردووە، بۆ کوڕەکەی ڕاهێنەری بێگانە پەیدا بکات، مامۆستایەکی ژنی ئەمەریکییان بە ناوی (ئەلیزابێث گرای فیننگ) بۆی تەرخان کرابوو، تا زمانی ئینگلیزی فێر بکات، مامۆستاکەی تا ناوەکەی ڕاست و باش بڵێتەوە ناوی (جیمی) ی لێنابوو. ئەو ژنە مامۆستایە دەوری زۆری بینیوە لەسەر خەملاندنی کەسایەتی و ژیانی ئەو، توانی سیمای مرۆڤایەتی بەرزی لا دروست بکات.

ئاکیرا هاشیموتو، ئەو ژنە ماوەیەکی زۆر هاوڕێی هیروهیتۆ بووە، سەبارەت بە خودانکردنی منالّ ئەو ڕستەیەی لێ دەگێڕنەوە:

(من ئەو پیاوەم نەمتوانی شەڕەکە ڕاگرم، پیاوی وەک من ناتوانێ منالّیش بەخودان بکات، ئەدی کێ پەروەردەی بکات..؟؟).

ئەگەرچی بەو جۆرەش قسەی کردووە، بەڵام ئەویش هەمان بەرنامەی پێشووتری کە چەندین سەدەیە بنەماڵەکەیان پەیڕەوی دەکەن، کردوویەتی. ئەویش باجی ئەو بەرنامەیەی داوە.

تا نەوەکەی سۆزی دایک و باوکیان هەبێت، وەک خۆیان نەبن، ناروهیثۆی پرێنس چەندین کۆتی کۆنی پچڕاندووە، یەکێک لەوانە ڕازی نەبوو لەسەر ئەساسی دابونەریتی بنەماڵەکەیان ژن بهێنێت، ئەو بڕیاری دا، بە خۆشەویستی هاوسەری ژیانی دەستنیشان بکات.

کوڕانی ئەو بنەماڵەیە ژنیان بە بەرنامەی ڕێکخراو لە لایەن ماڵەوەیان بووە و دەزگای کۆشکیش ڕەزامەندی لەسەر داوە. ئەو کیژەی بۆ پرێنسەکان دەستنیشان کراوە، کیژی یەکێک بووە لەو ٥٠٠ بنەماڵەی بەگزادەکانی نزیک خۆیان، یان لە خزمە دوورەکانیان. دەزگای کۆشک چەندین بووکیان بۆ دۆزیوەتەوە، لیستی ناوەکانیان لە

پێش داناوە، بەڵام ئەو بەوانە ڕازی نەبوو، تا لە ساڵی ١٩٥٧ جارێکیان لە ڕۆژێکی پشووی ئاساییدا، لە بەنداوی کارۆزاوای شاخاویی یاری تنسی چوارکەسی کردووە، لەوێ چاوی بە کیژێک بەناوی میشیکۆ شودا کەوتووە. ئەو کیژە بووە ژنی ئیمپراتۆرو دایکی ناروهیتۆ. شودا کیژێکی جوانی خوێن شیرینی نازدار بوو، لە زانکۆی سیشێن خوێندنی تەواو کردبوو، کیژی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، هاید سابورا شودای باوکی خاوەن کارگەیەکی گەورەی ئارد بوو. تەمەنی بووکەکە ٢٣ ساڵان بوو، سێ ساڵ لە ئیمپراتۆر گچکەتر بوو، چەند سانتیمەترێک لەو کورتتر بوو. دەزگای کۆشک و ناگاکوی ژنی ئیمپراتۆر، لەو هەڵبژاردنە رازی نەبوون. میشیکۆ شوداش وەک ماساکۆ زۆر دووچاری کێشەی ماڵەوە دەهات، لە ئەنجامدا نەخۆشیش کەوت. دوو ساڵ پاش ئەو دیدارە، بە ڕەزامەندی دەزگاکەو ژنە ئیمپراتۆرەکە، ئاکیتهۆ میشیکۆی هێناوە، ئاهەنگەکەیان لە شێوەی ئاهەنگی ناروهیتۆو ماساکۆیان گێڕابوو.

***

دووەم لادانی رادیکالی لە دابونەریت و ڕێنماییەکانی ئیمپراتۆریەت، پەروەردەکردنی مناڵەکانی ئەو بنەماڵەیە بە بەرنامەیەکی تری باشتر بوو، چیتر زارۆک بە تەنهایی و لانەوازی گەورە نەکرێت، وەک چۆن ئاکیتهیتۆ ژیا. کوڕی یەکەمی ئەو بنەماڵەیە لە ساڵی ١٩٦٠ لە دایک بووە. لیژنەیەکی تایبەتی لە زانایانی ئەمپریالی بۆ ناونانی کۆبوونەوە. ناروهیتۆ ماناکەی (فەزیلەی مەزن) دەگەیێنێت، ئەو ناوەی پرێنس بە وەرگرتنی تاجی ئیمپراتۆریەت دەگۆڕێت و ڕۆژژمێرێکی نوێ دەست پێ دەکات. میشیکۆ خۆی لەسەر بەرنامەی ئەمەریکی و لەبەر رۆشنایی کتێبی پەروەردەی هاوچەرخی زانای ئەمەریکی بنیامین سپۆک راستەوخۆ سەرپەرشتی پەروەردەکردنی مناڵەکانی کردووە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو بنەماڵەیە، بۆ ماوەی ١١ مانگ کۆرپەکەی بە شیری خۆی شیردا. ئەو ژنە مەتبەخی تایبەتی هەبوو، خۆشی خواردنی ئامادە دەکرد، ئەوەش لادانێکی تری نەریتی ڕێساکانی ئیمپراتۆریەت بوو.

ژاپۆنییەکان بە دەزگای کۆشکی ئیمپراتۆریەت دەڵێن (وەزارەتی سەر هەورەکان)، ئەو دەزگایە خاوەنداریەتی ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی پیشەسازی و عەقاری بە



سەرمایەداریەتی چەندین ملیارد دەکات. بەڵام ئیمرۆ ئەو دەزگایە وەزنی جارانی نەماوە، کراوەتە ئاژانسێک و دە یەکی جارانی لە دەست نەماوە، سەرچاوەی سەرمایەکەشی لە باجی هاووڵاتیانەوەیە. بەرپرسەکانی ئەو دەزگایەش بە وەراسەت و بە میرات وەردەگیرێت. بۆیە ناکرێ بنەماکانی چاکسازی تێدا بکرێت.

هاماو، کەسێک بووە لە نزیکەوە پرێنس ناروهیتۆی ناسیوە، ئەو لەبەر چاودێرییەکی وردەوە ڕۆژانەکەی نووسیوەتەوە.

ئەو وێنانەی پرێنس تشارلز لە تەمەنی چواردە ساڵی، کە لە بەرگی گۆڤاری تابلۆید بڵاو کرابوونەوە، وێنەی لەم جۆرە لە ژاپۆن بوونی نییە. پرێنس تەمەنی تەنها یەک ساڵ بووە، کە هاماو وەک مامۆستایەکی تایبەت بۆ ئەو دانراوە. دەستەی کارکەرانی ناو کۆشکی خۆرهەڵات، ژمارەیان زۆرە، سەد کەس دەبن، لەوانە هەشتیان پاسەوانن، سێ پزیشک و سێ چێشتلێنەرو (یەک لەوانە بۆ ئامادەکردنی خواردنی ژاپۆنی و یەکێکیان بۆ ئامادەکردنی خواردنی خۆرئاوایی، ئەو سێیەمیشیان بۆ سازکردنی شیرنەمەنی) بوون، بێجگە لەوانەش دەستەیەک کارکەر کاری شووشتن و ئوتووکردنی جلوبەرگەکان دەکەن، پێڵاو بۆیەکردن و خاوێنکردنەوەی کەرەستە زیوینەکانیش کارکەری تایبەتییان هەیە.... کە پرێنس دەچووە دەرەوە چەندین ڕۆژنامەنووس بەدوای دەکەوتن.

ماساکۆ ئارەزووی زۆری لە یاری بیبسۆل و ئامادەکردنی خواردنە، پرێنس ناروهیتۆش وەک جاران سەرکەوتنی شاخی لا خۆشە، ئەویش وەک ماساکۆ پشووی کۆتایی هەفتە لە شارۆچکەی کارۆزاوا بەسەردەبەن.

ئارەزووەکەی پرێنس بۆ سەرکەوتنی چیای بەرزیش، دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووەکەی باوکی، ئەویش لە ژاپۆن و نیپال و ئەلاسکا و بەریتانیا و ئوسترالیا بەسەر ١٤٠ لووتکەی بەرزی چیای بەرز کەوتووە. پێش شەڕی دووەمی جیهان، ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە هەموویان دەرسیان لە زانستە سەربازییەکان وەردەگرت، بەڵام پاش ئەو شەڕە وڵاتی ژاپۆن پابەندبوونی بێ چەکی و نەبوونی سەربازی لە لایەن رای گشتی لەسەر چەسپاو دەستووریش پەسندی کردووە. بەو جۆرە هەموو روویان لە خوێندنی ئەکادیمی کردووە، ئیمپراتۆری ئێستا ئاکیهیتۆ ٢٦ توێژینەوەی ئامادە کردووە. برا

گچکەکەی ناروهیتۆ، ئاکیشینۆ دکتۆرای لە زانستی چاندن بەدەست هێناوە. ئارەزووی سەرەکی پرێنس دوورکەوتنەوە بووە لە کۆشک و کۆتەکانی. یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی پرێنس ئەندرۆ ئارکلی ئوسترالی بوو، بەیەکەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی تر دەچوونە دەرەوەو لە چێشتخانە چینییەکان نانیان دەخوارد، شەوانە ئەو هاوڕێیە ئوسترالییە هاوشانی دەگەڕایەوە ناو کۆشک، بەیەکەوە مەشروبیان خواردیتەوە. سەرەڕای ئەوەی خواردنەوە لە ژاپۆن لە ناو پیاواندا نەریتێکی باوی کۆمەڵایەتییە، لە کاتی خواردنەوەش ئازادی هەرچی بڵێیت، بۆ ئاخاوتنەکان سنوور نییە.

## ژاپۆن ژمارە یەک:

کە ماساکۆ لە خوێندن پلەی زۆر سەرکەوتووی بڕیبوو، پرێنس ناروهیتۆ تازە لە قۆناخی ناوەندی خوێندنی زانکۆ بوو. بابەتی خوێندنەکەی ئاسایی بوو، مێژووی گواستنەوەی دەخوێندو بابەتی دکتۆراکەشی گواستنەوەی دەریایی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاست. کەسە نزیکەکانی ناو کۆشک دەیانزانی ئەو پرێنسە کوڕێکی هەڵکەوتەی لێ دەردەچێت، دایکی دڵی بەوە خۆش بوو، کەوا کوڕەکەی دەتوانێت سەربەستانە و بە لێهاتوویی بگاتە کۆشک و لەسەر کورسی ئیمپراتۆریەت دابنیشێت.

لەو سالانەی خوێندکاری زانکۆی ئوکسفۆرد بووە، هاوڕێ کەمی هەبووە، ئەو لە کتێبەکەیدا تەنها بە پیتی یەکەم ناوی سێ هاوڕێی هێناوە، ئەگەرچی لە وڵاتانی ئەوروپا زۆر گەڕاوە، دیداری زۆربەی پرێنسەکانی جیهانی کردووە، بەڵام دیدارەکان تەنها لەسەر ئاستی پرۆتۆکۆلیان هەبووەو بەس.

کە ماساکۆ گەڕایەوە تۆکیۆ ئەوەی بیری لێ نەکردبۆوە شووکردن بووە، بەگاڵتەوە بەهاوڕێیەکانی وتووە، من ئەوەندە سەرقاڵم پێویستم بە ژنێک هەیە...!! ئەو قسەی ماساکۆ دەنگی دابووەوە. لەو دەمانەدا باوکی پاش دوورکەوتنەوەیەکی زۆر، بە هاتنە دی خەونە گەورەکەی، بە پۆستی وەزیری دەرەوەی ژاپۆن گەڕابووەوە.

ماساکۆ ڕاژەی کارەکەی گواستەوە لای باوکی، لە بەشێکی گرینگی ناو وەزارەتی دەرەوە دەست بەکار بوو، ئەو شوێنەی ئەو تێدا دەست بەکار بوو خەونی زۆرینەی فەرمانبەران بوو، پێنج هەزار فەرمانبەرەکەی ناو وەزارەت لیکاویان بۆی دەهاتە



خوارێ. بەشەکە ناوی بەشی ئەمەریکای باکوری دووەم بوو، ئەو بە بەرپرسی پەیوەندیی ئابووری ژاپۆن دانرا، ئەو پۆستە لەو کاتە ناسکەی جیهانی و ململانێیەکان و ئاڵۆزییە ئابوورییەکان و گەشەی فراوانی پەیوەندییە بازرگانییەکان شوێنێکی هەستیار بوو.

ڕۆژێکیان مامۆستایەکی ماساکۆ لە هارڤارد (ئایزرا فۆگیل) بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک بە ناوی (ژاپۆن ژمارە یەک) زەنگێکی بە رووی ئەمەریکییەکان لێدا. مەبەستی نووسینەکەی بە ئاگاهێنانەوەی هاتنە پێشەوەی پیشەسازی ژاپۆنی و لاوازبوونی ئابووری ئەمەریکا لە رووی ژاپۆنییەکان بوو. لە ناوەندی پەنجاکانەوە زیادەی ئابووری ژاپۆنی سەد جار لە چاو ئەمەریکا زۆرتر بووە، تا گەیشتووەتە پێنج ملیار دۆلار. لەو دەمانەدا خاوەنکارە ئەمەریکییەکان بە رووی سەرۆک بۆشی (باوک) هاواریان لێ هەڵسابوو، بواریان بۆ بسازێت دانووستان بکەن، تا زۆرترو گەرمتر بگەنە بازارەکانی ژاپۆنی.

لەو دوو ساڵەی دواییدا ماساکۆ، زۆر خۆی بە زمانی ئینگلیزی ماندوو کرد، زۆرتر رووی لە وەرگێڕانی ئینگلیزی کرد، تا بەیانییان دەمایەوە، کاری زۆری دەکرد، بووە وەرگێڕی تایبەتی گەورە پیاوانی دەوڵەتی وەک، یاشۆهیرۆ ناکاسۆنی و نۆبۆرۆ تاکیشیتا و سوسوکو ئاونو. ئەرکی وەرگێڕانی ئاستی بەرزی کۆبوونەوەکانی بازرگانی کەسانی وەک میشیو واتانابی وەزیری دەرەوە و دانوستانی بازرگانی ئەمەریکی تایبەتی نێوان کارلا هیلزو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی جیمس بیکر کەوتبووە سەر شان و متمانەی وەرگرتبوو، هەروەها لە کۆنگرەی لووتکەیی ئابووری لە هیوستن و هاوای بەشدار بووە. کە ئاهەنگی تایبەتی لەسەر شەرەفی سەرۆک بۆش لە تۆکیۆ ساز کرا، لەوێش بەشدار بوو. ئەو دانیشتنە بەوە ناسرا کە سەرۆک بۆش لەسەر کۆشی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆنی کیشی میازاوا رشایەوە.

## ترێنە خێراکەی سەرکەوتن:

کە هەواڵی بە دەستگیرانکردنەکەی بڵاو کرایەوە، لویس کۆهنی کارمەندی ئەمەریکی لە نووسینگەی بازرگانی ئەمەریکی لە ژاپۆن سەبارەت بە ماساکۆ نووسیبوی:

لەو سی چڵ ساڵەی دواییدا، ئەو نموونەی زیندووی پێشکەوتنی ژاپۆنە لە بواری فێربوون و پێشکەوتنی ژنان.

وەنەبێ ژیانی ماساکۆ تەنها کارکردن و خوێندن بووبێت، یاری و گەمەی تێدا نەبووبێت، لە ڕۆژانی پشوودان لەگەڵ هاوڕێکانی دەچووە سەر بەفر و یاری خلیسکانێی کردووە، سەردانی بەنداوەکان و یاریگاکانی کردووە، بەشداریی ئاهەنگی گۆرانی و بەزمی خۆشیشی کردووە.

لەو ماوەیەدا مانگێکی بە ساڵێک تەواو دەکرد، تەمەنی گەیشتە سی ساڵ و پیاوێکی نەناسی بێتە ناو ژیانی، یەکە یەکەی هاوڕێکانی شوویان کردو دوورکەوتنەوە. لە لای برادەرەکانی سەرکەوتنەکانی ئێرەیی و حەسوودیی لێ دەکەوتەوە، لە نێوان خۆیاندا دەیانوت ئەو بە کۆشش و دەستەڵاتی باوکی بە ترێنە خێراکە گەیشتە ئەو پلە و پایەیە. یەکێک لەوانەی ڕەخنەی زۆری هەبوو پەیامنێری JAPAN TMES ئاریک جۆنستۆن، ئەوەی پاشان بووە جێگری سەرنووسەر، تا جارێکیان وتبووی:

ئەو زۆر لووتی بەرزە، ڕەخنە لەسەر کار و تاقەتەکانی وەرناگرێت.

کە شووی کرد و دەستی لەکار کێشایەوە، هەر ئەو ڕۆژنامەنووسە وتبووی:

برادەرەکانی کە شەوانە سەمایان دەکرد، دەیانوت، ئەو لە کارکردندا زوو بەرپرسیاریەتی وەردەگرێت.

لە سەفارەتی ئەمەریکی لە ژاپۆن، دیدارێکی بازرگانی لەگەڵ مۆردین هەبووە، ماساکۆ لەبەرئەوەی پێشتر سیدییەکانی نەبینیبوو، بۆیە شارەزایی نەبووە، لە کارەکەی هەڵەی کردووەو شتەکانی ئاڵۆز کردووە، بۆیە ئەندامانی وەفدە ئەمەریکییەکە خۆیان تووڕە کردووە، ئەویش بە گریانەوە کۆبوونەوەکەی جێهێشتووە، ئەندامانی وەفدە ژاپۆنییەکە بە ناچاری داوای لێبووردن لە سەفیری ئەمەریکی مایکل ئارماکۆست و لە ئەندامانی وەفدەکە دەکەن. زۆر لە ناسیارەکانی ئەو ڕووداوە دەگێڕنەوە.

ڕۆژنامەنووسێکی هاوڕێی پرێنس جارێک بە پرێنس دەڵێت:

تا زۆرتر بەختیار بیت، تۆ لە ژنێک بگەڕێ وەک تۆ چاپووک بێت لە سەرکەوتنی



لووتکەی شاخان. ئەویش لە وەڵامدا وتبووی، من ئەو لووتکەکەم دۆزیوەتەوە، بەڵام نازانم چۆن بگەمە سەری.

پرێنس ناروهیتۆ لە کارە رەسمییەکانی دەست بەکاربوو، پێشوازی لە سەفیری وڵاتان دەکردو بە کاری رەسمیش سەردانی چەند وڵاتێکی کردبوو، زۆر جار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئوستڕالی هاوڕێی گریگۆری کلاک ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە تۆکیۆ بەیەکەوە ژیابوون، بەسەر لووتکەی شاخان دەکەوتن. کلاک ڕۆژێکیان لە ناکاو تەلەفۆنێکی لە یەکێک لە یاوەرانی پرێنسەوە بۆ هاتبوو، داوای لێ کردبوو خۆی و ژنەکەی بە سەردان بێنە کۆشکی ئیمپراتۆر. پاشان زانی پرێنس دەیەوێت بەیەکەوە بۆ سەرکەوتنی چیای کیتادیک بچنە ئەلب. پاش ئەوەی لە ڕێوڕەسمی سەفەرەکەیان بۆ ئەلب بوونەوە، پرێنس داوای لە کلارک و ژنەکەی کرد لە کۆشک بمێنێنەوە، باسی ڕۆژانەی خۆی لە زانکۆی ئۆکسفۆردیان بۆ بکات.

## باڵندەیەکی ناو قەفەس:

کلاک بۆ پێناسەی پرێنس ئەو چەند دێڕەی نووسیوە:

ئەو کوڕێکی ڕێکە، بەردەوام حەزی دەکرد من زۆرتر قسە بکەم و ئەو گوێ ڕاگرێت، من زۆر بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پیاوە ڕۆژانە بە چی خەریک دەبێت..؟ بەردەوام بە پیاوانی کۆشک و بە یاریدەرەکانی چواردەوری گیراوە، هەموو کرنۆشی بۆ دەبەن، بەڵام ئەوەی من هەستم پێکرد ئەوانە دەستەڵاتیان لەسەری هەیە، ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە ئازاد نین، بەردەوام گەمارۆ دراون، تا رادەی ئەوەی ناتوانن دایک و باوکیانیش ببینن، من دڵم بۆیان دەسووتا، بەزەییم بەو ڕەوشەیان دەهات، وەک باڵندەیەکی گیراوی ناو قەفەسێک بوون.

ساڵەکان بە هێواشی دەڕۆیشت، لە ساڵی ١٩٩٠ براکەی پرێنس ئاکیشینۆ، کیکۆ کاواشیمای هاوڕێی کیژی مامۆستایەکی زانکۆی گاکوشینی هێنا، ئەو بووە دووەم پرێنس لە دەرەوەی بنەماڵەکەیان ژن بهێنێت، ئەوەش لادانێکی تریان بوو لە نەریتەکانی باوی ئیمپراتۆریەت، کە نابێ برای گچکە پێش برای گەورە ژن بهێنێت. کە برا گچکەکە دەست پێشخەری کرد، هەڵەی ناروهیتۆ نەبوو، لە ماڵەوە ئەویان تەنگاو کرد ژن بهێنێت تا ڕێگە لەو پڕۆپاگەندانە بگرن، کە لە سەفەرەکانی بانکۆک

بۆی دەکران. ڕۆژنامەنووس ئادوارد کلین ئەوەی ئاشکرا کردووە کەوا ناویان لە پرێنسی گچکە نابوو، دەستە خێراکان.

کینیشی ئاسانۆی مامۆستای میدیا لە زانکۆی وشیشا، ئەوەی لەمێژە سۆراخی بنەماڵەی ئیمپراتۆرییەت دەکات و شتیان لەسەر کۆ دەکاتەوە و ڕەخنەی زۆری لێ گرتوون، ئەو وتوویەتی:

من دوو ژن دەناسم و زانیاریم هەیە، ئەوانە پەیوەندیی سێکسییان لەگەڵ پرێنس هەبووە، یەکێک لەوانە کیژی برادەرێکی ئەوە. خێزانی کیژەکە سووربوون لەسەرئەوەی ئەو هاوڕێیەتی کیژەکەیان دەکات، ناوبانگی بەرەو کیژێکی شەریف بگۆڕێت. بۆیەش بنەماڵەی پرێنس بە پەلە بوون ژنی بۆ بهێنن.

لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هێرشی زۆر توند دەکرایە سەر پرێنس و زۆر کردەوە ناشیرینەکانیان ئاشکرا دەکرا، بەڵام بە پیرۆزی ناوی بنەماڵەکەیان دەهێنا، ئەوەش بە پێچەوانەی ناوهێنانی بنەماڵەی پاشایەتین لە وڵاتانی ئەورووپی، بۆ نموونە لە بەریتانیا، ئەوانەی تر کە بڵاو دەبوونەوە، بریتی بوون لە سووکە بەیانی ڕاگەیاندن، نووسەرەکانیانیش فەرمانبەرانی ناو کۆشکی ئیمپرایۆریەت بوون.!

٣٠٠ ڕۆژنامەنووس ستافی کارن لە دەزگای کۆشک KUNAICHO ئەوانە لەژێر چاودێری وردەوە کارەکانیان بەڕێوە چووە، برادەرێکم لە ناو ئەو ستافەیە، ئەو بۆی گێڕامەوە، ئەگەر هەواڵێکی لەناکاو لەسەر ئەو بنەماڵەیە دەنگۆی هەبێت، پێش ئەوەی هیچ بکرێت، تاقیبی ڕاستی و ناڕاستی هەواڵەکە دەکەین، ئەگەر هەواڵەکەمان بە دروستی بۆ ئاشکرا نەبوو، ئەوە ناکرێ بڵاوی بکەینەوە. ناکرێ ژیانیان شێلوو بکرێت. ڕۆژنامەنووسێک نەیویست ناوی ئاشکرا بکەم وتی:

ئەگەر ویستمان هەواڵێک لەسەر ئەو بنەماڵە بڵاو بکەینەوە، پێشتر دەبێ بە ڕێژەی ١٢٠٪ لە ڕاستی مەسەلەکە دڵنیا بین. ئەگەر لە هەواڵێکی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکەمان لەسەر ئابووری یان لەسەر تاوانێک، هەڵەو نادروستی تێدابوو، ئەوە بە بڵاوکردنی لێبووردنێک تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر هەڵەکە سەبارەت بە خودی ئیمپراتۆر بوو، ئەوە دەبێ داواکردنی لێبووردنەکە بە ناوی بەرپرسی یەکەمی ڕۆژنامەکەوە بێت.



کارکردن و مامەڵەکردنی یانەی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ کۆشکی ئیمپراتۆریەت، پەیوەستە بە چەندین کۆت و ڕێنمایی، ئەو یانەیە بارەگایەکیان لە نزیک دەزگای کۆشکەوە هەیە، ئەوەی بیەوێت کێشەیەک بۆ خۆی دروست بکات، بێ ڕەزامەندی دەزگای کۆشک وێنەیەکی ئەو بنەماڵەیە بگرێت، یان هەواڵێکیان لەسەر بڵاو بکاتەوە. هەموو ئەوەیان لە بیرە ئەو وێنەگرەی وێنەیەکی پرێنس ئاکیشینۆی بێ ڕەزامەندی کۆشک بڵاو کردبۆوە، سزاکەی ئەوە بوو لەسەر کارەکەی دەرکرا.

**بەدوای دڵت بکەرەوە:**

ڕەخنەگرتن لە بنەماڵەی ئیمپراتۆریەت لە ژاپۆن وەک بنەماڵەکانی پاشایەتی ئاسیا و ئەورووپا نییە، ئەوەی لە ژاپۆن ڕەخنەی لێ بگرێت، لە لایەن باڵە ڕاسترەوەکان و نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانەوە ژیانی دەکەوێتە مەترسی، ڕاسترەوەکان پەیوەندییان بە باندێکی تاوانی ناسراو بە YAKUZA هەیە، ئەوانە خاوە و پارە بە زۆر لە کۆمپانیاکان بە بیانووی پاراستن وەردەگرن، ئەوەی پارە نەدات کۆبوونەوەی ساڵانەیان دەشێوێنن. ئەو دەستە چەتانە بەرپرس بوون لە کوشتنی ڕۆژنامەنووس (شیشرۆ فوکازاوا)، ئەوەی بە نووسینی کتێبێک لەسەر ئاکیهیتۆ و میشیکۆ ناوی هات، هەروەها دەستەیەکی تر هێرشیان کردە سەر ماڵی خاوەنی ئەو دەزگایەی کتێبەکەی بڵاو و چاپ کردبۆوە، تێدا ژنە خزمەتکارەکەیان کوژرا و ژنەکەشی بریندار بوو. پەنجا ساڵە ئەو ڕووداوە لە هزر و بیرەوەری نووسەران و خاوەنی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ماوە، ئەوەیان لە بیر ماوە، ئەگەر بیر لە نووسینێک بکەنەوە بە شێوەیەکی ناشایستە ناوی ئەو بنەماڵەیە بهێنێت، دووچاری سەرئێشە دەبێت.

لە ساڵی ١٩٨٩ دەستەیەکی ئەو لایەنە توندڕەوانە، تەقەیان لە سەرۆکی شارەوانی ناگازاکی هیتوشی موتوشیما کرد، چونکە وتبووی، ئیمپراتۆر هیروهیتۆ بەرپرس بووە لە بەشداریکردنی وڵاتی ژاپۆن لە شەڕی دووەمی جیهان.

دەستەی (تۆکیۆ ژەنرال) لە ساڵی ١٩٩٣ نەیانتوانی ئاهەنگی زەماوەندەکەی ناروهیتۆو ماساکۆ، وەک یاری و وشەی یەکتربڕین و بەزمی شادی تر، بڵاو بکەنەوە، چونکە کۆمپانیای TOPPAN بەپەسندی نەزانی، بەرپرسی بڵاوکردنەوەی کۆمپانیاکە کریک ستار وتبووی:

لەبەرئەوەی ناوی ئیمپراتۆر هاتووە، بەوەی بەرپرسە لە هەڵگیرسانی شەری دووەمی جیهان. هەروەها ناوی پرێنسیسێکی تریان کە ناوی (سایاکۆ) یە، کە شووی نەکردووە، گوایە قژی لە قژی (مادۆنا) دەکات، بەڵام گوایە هۆی سەرەکی بڵاو نەکردنەوەی ئەو یارییانە لە لایەن ئەو کۆمپانیایەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دەقی یەک لە یارییەکاندا وتراوە کێری پرێنس کورتە. ئەوەی شایانی باسە ئەو دەمەی ئەو کارە هونەرییە ئامادە کرابوو، هێشتا پرێنس ژنەکەی نەگواستبۆوە.

کە هۆکاری بڵاونەبوونەوەی کارەکەیان لە بەرپرسی دەزگای کۆشک پرسی، لەو وەڵامەدا، وتبووی:

پرێنس ناروهیتۆ ئەگەر ماساکۆ نەهێنێت، ئەوە هەرگیز ژن ناهێنێت.

لەو دەمانەدا دایکی زۆر هانی داوە، دڵی کێی دەوێت، ئەو بخوازێت، ئەوەش بوو، دەزگای کۆشک بە ناچاری داواکەیان بە هێنانی ماساکۆ قبووڵ کرد. بەڵام ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردبوو، بنەماڵەی ماساکۆ، ئەگەرچی دەیانزانی پرێنس زۆر شەیدا و عاشقی ماساکۆشە.

پاش پێنج ساڵ لە سووتانەکەی پرێنس بۆ ماساکۆ بەسەر چووبوو، کە لە ١٦ ی ئۆگسستی ساڵی ١٩٩٢ پرێنس بە ئۆتۆمبێلێکی بێ ژمارەی تایبەتی کۆشک، بە داخراوی جامەکانی پشتەوە و تەنیشتەکانی، بە چاوپۆشینی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو سەفەرە ڕۆمانسییەی پاشایەتی، توانرا پرێنس دیداری ماساکۆ بکات. لەو سەفەرەدا تەنها دوو لە ئەندامەکانی کۆشک مەبەست و شوێنی مەبەستیان دەزانی. ئۆتۆمبێلەکە لە پێش دەرگای ماڵێک لە گەڕەکی شیود و لە تۆکیۆ راوەستا، پێشتر سیتسوکۆی خوشکی بە ئۆتۆمبێلێکی جۆریINSPIRE هۆندا رەنگ شینەکەی، ماساکۆی گەیاندبووە ئەو شوێنە. دیداری پرێنس ناروهیتۆ و ماساکۆ لەو شوێنە تایبەتییە چوار دەمژمێری خایاندبوو، کە شەو داهاتبوو دیدارەکە بە وەرگرتنی ژمارەی مۆبایلی یەکتری کۆتایی هاتبوو.

***

ماساکۆ هێشتا نەگەیشتبووە ئەو قەناعەتەی شوو بکات، بە تایبەتی بە پرێنس ناروهیتۆ، ئەو وای دەزانی پرنسیپەکانی ژیانی کۆشکی پێ جێبەجێ ناکرێت، لەو



کۆشکەش دەبەسترێتەوە. زۆریش بیری لەوە دەکردەوە ئەو هێشتا زۆری لە پێش ماوە ئەنجامی بدات، زۆری ماوە بە دەوروبەرەکەی و بە تایبەتی بە باوکی بسەلمێنێت، بەرامبەر بە خۆی کاری ماوە. ناروهەیتۆ سوور بوو لەسەرئەوەی جارێکی تر چاوی بەو بکەوێتەوە، پاش شەش مانگ ماساکۆ رازی بوو پرێنس ببینێت. ئەوجارە لە شوێنێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، لە تەنیشت گۆمە ئاوەکی قازو مراوییەکان بوو، لە تەنیشت کۆشکی ئیمپراتۆریەت.

لەو دیدارەدا کەس نەیدەزانی چ لە بیر و هزری ساماکۆدا هەیە، بەیەکەوە لە قەراخ گۆمەکە پیاسەیان دەکرد، پرێنس ئازایانە پرسیاری ئەوەی لێ کرد ئەگەر داوای بکات شووی پێ دەکات، ماساکۆ گومانی لەو بۆچوونە هەبوو، بۆیە زوو وەڵامە بە نەخێرەکەی ئامادە کردبوو، بەڵام ئەو جۆرە وەڵامە بۆ ئەو کەسە ئاسان نەبوو، دەبووایە زۆر بە ڕێزەوە وەڵامەکەی بداتەوە. برادەرەکانی ماساکۆ وتوویانە، ئەو پێی وتبوو، پاشان وەڵامت دەدەمەوە.

وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسان نەبوو، چەند شەوێک بێ نان و ئاو مایەوە، خەو نەچووە چاوانی، ئەو داوایەی بە ماڵەوەیان وتبوو، بە برادەرانی ڕاگەیاندبوو، باوکی بە کەسێکی نزیکی بنەماڵەی ئیمپراتۆری ڕاگەیاندبوو، پێیان بڵێن، ماساکۆ ناتوانێت بڕیار بدات، ئاسان نییە، ئەوەش واتە ڕازی نییە. کە ناروهیتۆ ئەو وەڵامەی وەرگرتەوە، لاملی گرتی، چەندین جار بە تەلەفۆن داوای دیداری کرد، ئەویش لە کۆتاییدا قایل بوو. پاش سێ هەفتە لە گۆشەیەکی تایبەتی کۆشکی خۆرهەڵات دانیشتن. دووبارە پرێنسی جێنشینی ئیمپراتۆر داوای کردەوە. ئەویش دووبارە داوای کرد بیر بکاتەوە، ئەوە بیرکردنەوەی دەوێت. وازهێنان لە خەونەکانی، کۆششە زۆرەکانی هەموو بە فیڕۆ دەڕوات، ئەو بڕیارە بۆ ئەو زەحمەت بوو، گوشاری زۆری لەسەربوو، بیرکردنەوەکان ماندووی کرد، بەناچاری بۆ دوو هەفتە مۆڵەتی لە کار وەرگرت. تا کێشەکە چارەسەر بکەن، بە ناچاری ئیمپراتۆر و ژنەکەی بۆ چارەسەری هاتنە ناو کێشەکە، بە چەندین شێوە ئەو دەستێوەردانەی ئەوان باس کرا، بەڵام ئەوەی لە هەموویان ڕاستتر و شیاوتر ئەوەبوو، گوایە ژنە ئیمپراتۆرەکە پەیوەندی بە بنەماڵەی ئەودا کردووە، واتە کەسوکاری ماساکۆ. ئەوانیش وەڵامیان دابوونەوە ئەگەر داواکردن و داخوازییەکە سەری گرت، ئەوان بۆ ئارامی و خۆشی کیژەکەیان

هەموو هەوڵ و کۆششێک دەدەن. بەپێی ئەو هەواڵەی لە گۆڤاری (فانیتی) بڵاو کرایەوە، ژنە ئیمپراتۆرەکە بە نهێنی لە ماڵی ئایسامو کاماتای دۆستی زۆر نزیکی بنەماڵەی ئیمپراتۆرە، چاوی بە ماساکۆ کەوتبوو، ژنە ئیمپراتۆرەکە بە ئۆتۆمبێلە جام بە پەردە داپۆشراوەکە گەیشتبووە ماڵە ناسیاوەکەیان، لەوێ چاوی بە ماساکۆ کەوتبوو، لە چاوە رەش هەڵگەڕاوەکانیەوە دیاربوو ماوەیەکی زۆر بوو خەوی لێ نەکەوتبوو، ژنە ئیمپراتۆرەکە وەعدی پێ دابوو خۆی پشتیوانی بکات و هەموو پارێزگارییەکی بۆ دابین بکات. بەڵام ناتوانرێت گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە پشتڕاست بکرێتەوە. دەزگای کۆشک ئەو قسانەی بە درۆ باس کرد، بنەماڵەی کاماتاش نەیانویست هیچ لێدوانێک بدەن، بەڵام ئەوەی دووپات کرایەوەو گومانی تێدا نەبووە، پرێنس بە قووڵی کەوتبووە داوی خۆشەویستی ماساکۆ و لە ناو ئەڤینییەکەی خنکابوو. بۆیە بەڵێنی وای بە ماساکۆ دابوو، کە جێبەجێکردنیان زۆر زەحمەت بوون.

## دیپلۆماسیەتێکی شاهانە:

ئاکیرا هاشیمۆتۆ، یەکێکە لە کەسە ئاگادارەکانی کۆشک، ئەو وتوویەتی:

ماساکۆ ویستی لە داخوازییەکەی خۆی ناروهیتۆ بدزێتەوە، پێی وتبوو، من حەز ناکەم شوو بکەم دەمێنێمەوە، ئەوەش بوارم بۆ خۆش دەکات ئارەزووی کاری دیپلۆماسیم گەشە دەکات، دەتوانم پەیوەندییم بە دەرەوە زۆرتر بکەم، ئەوانەش هەمووی لە بەرژەوەندی ژاپۆن دەکاتەوە. ئەویش وەڵامی دابووەوە، ئەگەر شوو بە من بکەیت، ئەوە لەو بوارەدا زۆرتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، تۆ لە گەشتەکانی دەرەوەمدا هاوڕێم دەبیت.

دیارە پرێنس هەڵەیەکی گەورەی کردووە، چونکە بڕیارەکانی بنەماڵەکەیان تەنها هێمان، نەک کارگوزاری دیپلۆماسی، ئەو بەڵێنانەی ئەو داویەتی جێبەجێ نابن، ئەوەشی لە گێلییەوە بووە، دیارە ئەویش وەک ئەو گێل بووە، کە بڕوای بەو بەڵێنە کردبوو. ئەو بە کارکردنی سێ ساڵی لە وەزارەتی دەرەوە زۆر پلەی بەرزی بڕیبوو، بە تایبەتی بۆ کەسێکی مێینەی وەک ئەو، ئەوەش لە بەهرە و لێهاتووییەکانیەوە بووە.

ماساکۆ سێ کاریگەری لەسەر بوو، ئەوانە هانیان دا بەو داخوازییە رازی بێت،



یەکێک لەوانە هاندانەکەی باوکی بوو، زۆر حیسابی بۆ بۆچوونەکانی ئەو دەکرد. باوکی رای وابوو، ئەگەر ئەو لە دوارۆژا هاوشانی پرێنس بێت، بەیەکەوە دەتوانن زۆر لایەنی ئەو بنەماڵەیە بەرەو نوێکردنەوە بگۆڕن، دیارە کوڕەکە خوێندەوارە و ئارەزووی زۆرتر فێربوونی هەبوو، لەبەرئەوەی شێتانەش خۆشی دەوێت، ڕەنگە بتوانێت هاوکار بن، دوایی ئەو بەڵێنی داوە کیژەکە بپارێزێت.

لە ١٢ ی دیسمبەری ١٩٩٢ ماساکۆ گەیشتە کۆشکی خۆرهەڵات، لەوێ بۆ پرێنس چەمایەوەو وەڵامی ئەو داوایەی دایەوە کە یەکەم جار و پێش پێنج ساڵ داوای دەستی کردبوو. بە ڕێزەوە پێی وتبوو:

ئەگەر من دەتوانم هاوکارت بم، شووت پێ دەکەم. لەبەرئەوەی من ڕازی بووم، ئەوە نکووڵی و کەمتەرخەمی لە بەختیارکردنی پایەدارتان ناکەم.

ناروهیتۆیش هاتووەتە وەڵام و وتبووی:

من هاوشانت دەبم، کۆشش دەکەم، لە ژیانت هەر شتێک بێتە پێشت پارێزگاریت بکەم.

دیارە کە باسی پارێزگاریکردنی کردووە، مەبەستی پاراستنی ئەو بووە لە کەسانی ناو بنەماڵەکەی لە ناو کۆشکدا، چونکە ئاشکرایە پێشتر زوڵمی زۆر لە ناو کۆشک لە دایکی کراوە، بۆیە لەبەر ئەو زوڵمانەی ناو کۆشک، دایکی دووچاری داڕمانی هۆش و بیر ببوو. هاشیمۆتۆ پاش دایک و باوکی بووە کەسی ژمارە سێی لەوانەی پیرۆزباییان لە پرێنس کردبوو. پاش ئەوەی نەفەسێکی قووڵی هەڵکێشابوو، وتبووی:

ئای کە کاروانێکی درێژبوو.!

بۆ سازکردنی ڕاگەیاندنی داخوازییەکە چەند هەفتەیەکی ویستبوو، بۆ گواستنەوەکەش چەند مانگێکی تری ویستبوو. لە ڕۆژی لەدایکبوونی بۆ دیداری ئیمپراتۆرو ژنەکەی، ماساکۆ بۆ جاری دووەم سەردانی کۆشکی کردەوە.

لە ١٩ی ینایردا ئەنجوومەنی بنەماڵەی ئیمپراتۆریەت، کە لە سەرۆکی حکوومەت و هەردوو سەرۆکەکەی ئەنجوومەنی پەرلەمان و سەرۆکی باڵای دادو سەرۆکی دەزگای کۆشک KUNAICHO پێک دێت، بۆ ڕەزامەندی دەربڕینی رەسمی لە داخوازییکردنەکە کۆبوونەوە.

**پیاوە ڕەشپۆشەکان:**

پیاوە ڕەشپۆشەکان، یان پیاوانی ناو کۆشک کە زانییان پرێنس ژنی خواستووە، زۆر سەرسام بوون، کە ئەو مەسەلەیە وا بەنهێنی تەواو بووە، ئەوان پرسیان پێ نەکراوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیش، بۆ پاراستنی پەیوەندییە ڕۆمانسییەکان بنەماڵەکەیان پەیمانەکەیان نەشکاندبوو، بەڵام لە دەرەوە لە ئاژانسەکانی بێگانەوە هەواڵەکە بڵاو کرابووەوە. ئەوەش ئەوانی نیگەران کردبوو، بۆیە دەزگاکان تیمی زۆریان بۆ گواستنەوەی هەموو وردەکارییەکانی ئەو داخوازییە نارد، بڕیاریشیان دا پەیمانەکەیان بشکێنن و پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی پێویست، هەموو شتەکان بڵاو بکەنەوە. لە ٧ ی ینایری ١٩٩٣ تۆم رید لە واشنتۆن پۆست تەواوی ڕووداوەکەی بۆ یەکەم جار بڵاو کردەوە. ڕۆژنامەکە هەواڵەکەی بە بچووکی لە لاپەڕەیەکی ناوەوە بڵاو کردبۆوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەیەکی بێگانە بواری خۆش کرد تا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ژاپۆنی هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ بکەن، دەزگاکانی بینراو و بیستراو کەوتنەخۆ، ئیستگەی پەخشی وا هەبوو، بەرنامەکانی خۆی راگرت، بەرنامەی تایبەتی لەسەر ژیانی ماساکۆ بڵاو کردەوە، ڕۆژانەی وردی مناڵییان گێڕایەوە، هەر لە داینگەوە تا ماوەی ژیانی لە شاری مۆسکۆ، تا دامەزراندنی وەک کارمەند لە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنی، زۆریان لەسەر بڵاو کردەوە، حەز لە چ خواردنێک دەکات، شوکولاتەی لا خۆشە، ئارەزووی چی هەیە، چ جۆرە سپۆرتێکی پێ خۆشە، بە تایبەتی یاری بیبسبۆل، حەز لە چ جۆرە جلوبەرگێک دەکات، یەک لە ڕۆژنامەکان کورتەی باسەکەی تێزی دکتۆراکەی لە ئابووری لە زانکۆی هارڤارد بڵاو کردەوە. هەرچی خزم و کەسوکارو برادەرانی هەبوو، بە شەپۆلێک ڕۆژنامەنووسان گەمارۆدران. ڕۆژنامە و گۆڤارە ژاپۆنییەکان چەندین پاشکۆیان بە ناوو وێنەی پرێنس دەرکرد. هەر بە خێرایی و لەناکاو ماساکۆ بووە خۆشەویستی ژاپۆنی نوێ، وەک چۆن گۆڤاری نیوزویک نووسیبووی، سەرۆکی ژووری بازرگانی ژاپۆنی روکۆرو ئایشیکاوا لەو بۆنەیەدا وتبووی:

چەندین سەدەیە هەواڵی وا مەزن بڵاو نەکراوەتەوە.



لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا ڕا و بۆچوونی چەندین هاوڕێ و مامۆستایانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی ئەوانەی هاوشانی سالانی خوێندنی ماساکۆ بوون، بە ڕووبەری پانەوە بڵاو کرانەوە. گۆڤاری NOUGUE لەسەر زاری ژنە پرۆفیسۆری توێژینەوەی ژاپۆنی و هاوڕێ و مامۆستای ماساکۆ لە زانکۆی هارڤارد نووسیبووی:

ئەو وەک جاکلین کندی ژاپۆنی دەبینم، کە لە وڵاتی ژاپۆن رادەماین، هەستمان بە کەماسیی وێنەی بیرۆکراتی ژاپۆن دەکرد، بەڵام وا ماساکۆ ئەوەی پڕ کردەوە. کومیکۆ ئانگۆشیی هاوڕێی ماساکۆ لە زانکۆی هارڤاردی ئەوەی ئێستا لە زانکۆی سۆفیا لە تۆکیۆ زانستە سیاسییەکان دەخوێنێت، وتوویەتی:

پرێنس تشارلز پاکیزەیەکی هێنا ئارەزووی لە سەما و دیسکۆ بوو، ئەوان خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا نەبوو، بۆیە تەماشاکە لە ڕۆژانی ژیانیاندا چەندین کێشە و گرفتیان زوو هاتە پێش. بەڵام هەڵبژاردنەکەی ناروهیتۆ و ماساکۆ وا نییە، لە راستیدا زەواجێکی هاوچەرخانەیە.

لە ڕۆژانەی ژیانیاندا دڵشاد دەبن، پەیوەندیی ماساکۆش بە ژنە ئیمپراتۆرەکە، خۆش دەبێت، ئەوەش لەبەرئەوە نییە کوڕەکە زۆر گوێڕایەڵی دایکیەتی. ڕاگرتنی رێز و خۆشەویستی ژن بۆ دایک و باوکی مێردەکە، لە خۆرئاوا دەستکەوتێکی مەزنە، بەڵام لە ژاپۆن ئەوە ئاساییە، پیرەکان ڕەوانەی خەڵوەتگاکانی پیری ناکرێن، بووکەکە بە ئەرکی خۆی دەزانی لە تەمەنی پیرییا خزمەتیان بکات.

**لەدایکبوونی پرێنسیس:**

کە پرێنسە ژاپۆنییەکان ژن دەخوازن ئەڵقە پێشکەش بە بووکەکەیان ناکەن، بەڵام دایکی زاوا گەنجینەیەکی پلاتینی پێکهاتوو لە ئەنگوستیلەیەک و یاقووتێک بە وەزنی ٧ قیراتی پێشکەش کرد، کە لە لایەن دایکی ئیمپراتۆر ناجاکۆوە پێشکەشی کرابوو. ئەوەی گرینگ بوو لەو بۆنەیەدا دایکی زاوا، لە ناو کۆشکدا، لە سەر شەڕەفی ماڵی ماساکۆ خوانێکی گەورەی سازکردبوو، لە کاتی خۆی ئەو خوانە لەسەر شەڕەفی ئەو بۆ ماڵە باوکی نەکرابوو. بۆ سازکردن و ئامادەیی ئاهەنگی گواستنەوەکە چەند مانگێک کارو بەرنامەیان داڕشت، ماساکۆ دەرسی شێوەی مامەڵە و هەڵسوکەوتی

لەگەڵ بنەماڵەکە و کۆشک وەردەگرت، لەبەرئەوەی هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی پێرفێکت دەزانی، بۆیە پێویستی بە مامۆستا و فێرکردن نەبوو، ئەگەرنا ئەو دوو زمانە بۆ هەر ژنێک ببێتە بووکی ئەو بنەماڵەیە مەرجی سەرەکی بوون. بەپێی ڕاپرسییەکانی ناو ژاپۆن دەرکەوت، ڕێژەیەکی زۆر ئەو زەواجەیان پێ باش بووە، بەڵام ئەو کەسانەی هاوپۆل و هاوڕێی ماساکۆ بوون، ئەوەیان بە هەڵە دەزانی، بە تایبەتی بێگانەکان، چونکە ئەو کاری زۆر قورس و ئەرکی زۆری کردبوو بۆ کاری دیپلۆماسی، بەو شووکردنەش ئەوانە هەمووی هەڵدەوەشێتەوە، قوربانییەکانی بەفیڕۆ دەچێت.

هاوڕێیەکانی سەرسام و نیگەران بوون، بە تایبەتی ولیام بوسیرتی هاوڕێی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد. دەستە خوشکی لە کارەکەی لە وەزارەتی دەرەوە کۆمی هارا، تا بەشداری ئاهەنگەکەی نەکات بۆ نیویۆرک سەفەرێکی ڕێک خست. تیم ئۆلینەی دەستە خوشکیشی وتبووی:

کە زانیم ماساکۆ شووی کردووە، زۆر دڵتەنگ بووم، بەڕاستی مرۆڤێکی شایستە بوو، ئەوەی ئەو کردی وەک ئەوە بوو قوربانی بۆ وڵاتەکەت بدەیت.

گۆڤاری نیوزویک لە چاپە ئەمەریکییەکەی بابەتێکی بە ناوی (پرێنسە یاخی بووەکە) لەسەر ماساکۆ بڵاو کردەوە، چاپە ژاپۆنییەکەش هەمان بابەتی بڵاو کردەوە، بەڵام لە ژێر ناوی (لە دایکبوونی پرێنس)، سەرنووسەری چاپە ژاپۆنییەکەی هۆکاری ناوگۆڕینی بابەتەکەی لە چاپە ژاپۆنییەکەی نەخستە ئەستۆی سانسۆری ژاپۆنی، وتیشی گۆڕینی ناوەکەش لەبەر زەحمەتی وەرگێڕانی دەستەواژەکەی ناوەکە بوو. ئانا ئوگینۆی پۆفیسۆر لە زانکۆی کیۆو هەڵگری چەندین خەڵات بۆ چاپکراوەکانی، بەردی لەسەر ئەو کێشەیە دانا و بەو ڕستەیە کۆتایی بە مەسەلەکە هێنا و وتبووی:

ئەوەیان وەرچەرخانێکی گەورەیە لەو بنەماڵەیەدا، یان ماساکۆ لە ناو وێنەکانی دەشاردرێتەوە، یان دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ گۆڕان و کرانەوەی ئەو بنەماڵەیە. کێ ئەو کارەی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەوە بە ناروهیتۆ دەکرێت، ئەوەی لە دەست دەردەچێت، ماساکۆ دواڕۆژێکی پرشنگداری بۆ مەیسەر بکات و بە گۆڕانی سیستەمی وەرگرتنی تاج لە ژاپۆن، یان ئەویش وەک خەسووەکەی لە ناو دابونەریتە




باوە کۆنەکانی دەمینێتەوە، ئەویش وەک هەموو ژنەکانی ئەو بنەماڵەیە تەنها وەک ژمارەیەک لە ڕیزبەندییەکە دەمینێتەوە.؟!

لە مانگی مایوی ٢٠٠٤ دەزگای کۆشک کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری بۆ پرێنس ساز کردبوو، بەڵام ئەو لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دواکەوت، لە ساڵۆنی چاوەڕوانیدا ڕۆژنامەنووسەکان تەنگاو بوون، بۆ ئەو دواکەوتنەی چەندین قسە کران، کە پرێنس هات، هەواڵی ئەوەی پێ بوو، کەوا پاش ١٨ مانگ لەگەڵ ماساکۆ سەفەرێکی دەرەوەی وڵات دەکات.

## ناڕێکی بەڵانس:

پاش نیو دەمژمێر لە دواکەوتن، ناروهیتۆ گەیشت، بە سوود وەرگرتن لەو پارچە کاغەزەی دەستی، کورتە وتارێکی پێشکەش کرد، لە وتەکەیدا، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، کەوا بە شانازی و بە شکۆوە بەشداری دوو ئاهەنگی زەماوەندی شاهانە لە ئەوروپا دەکات، یەکەمیان زەماوەندەکەی پرێنسی جێنشینی دانیمارک، دووەمیشیان زەماوەندی پرێنس جێنشینی ئەسپانیایە. کە ڕۆژنامەنووسان زانییان ماساکۆ لە دوا ساتەکانیدا هاوڕێیەتی مێردەکەی بۆ ئەو دوو سەفەرە ڕەفز کردیتەوە، زوو پرسی ئەوەیان کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

هێشتا ماساکۆ تەندروستی باش نییە، دکتۆرەکان ئامۆژگارییان کردووە سەفەر نەکات. ماساکۆ زۆری پێ ناخۆش بوو کە نەیتوانی ئەو سەفەرە بکات.

لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا. زۆریان لا سەیر بوو، پرێنس هێرشی کردە سەر پیاوە ڕەشپۆشەکان، واتە پیاوەکانی ناو کۆشک، ئەوانەی ڕێنمایی لە دەزگای کۆشک وەردەگرن، بەردەوام ماساکۆ هەراسان دەکەن، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان زوو هاتە وەڵام و بە ناروهیتۆی وتبوو:

ئەوەیان مانای ئەوەیە تۆ شەڕ دژ بە دەزگای کۆشک ڕادەگەیەنیت.!

لەو وتە کورتەیدا ناروهیتۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد، کەوا ئەو ناتوانێت، ماساکۆی ژنی بپارێزێت، ئەو بەڵێنی ئەوەی پێ دابوو، ئێستاش دەستەڵاتی ئەوەی نییە. داوای کۆمەک لە هاووڵاتییان دەکات کۆمەکی بکەن و

ژنەکەی لە دەست کۆشک بۆ دەربهێنن، بەو پەیامە کورتە پرێنس، توانی بۆ ماوەیەکی کورت، لەو داوایەی سەرکەوێت، پاش ئەوەی داوای کۆمەکی لە ژاپۆنییەکان کرد ژنەکەی بپارێزن، لە سەعاتی یەکەمەوە، هەزارەها نامەی ئەلکترۆنی پشتیوانی بۆ هات، نارەزایی زۆر رووبەرووی ماڵپەری دەزگای کۆشک بۆوە. لەو رەوشەدا بێژەر و نووسەر و بەرنامەکانی دیالۆگ لە چەندین کەناڵەوە کەوتنەخۆ، لە شێوەیەکی کۆمەکی هاوبەش و پشتیوانی پەیڤ و هاوکارییان بۆ داواکەی ناروهیتۆیان نارد، گۆڤاری (جوسای سڤن)ی ژنانەی زۆر ناسراو و بەربڵاو، بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو نووسیبووی:

بۆ کەسایەتی ماساکۆ پەراوێز دەکرێت،،،؟!

ڕۆژنامەی (ئاسابی) لیبرال، لە ستوونی یەکەمیدا نووسیبووی:

داوا لە دەزگای کۆشک دەکەین، زۆرتر ئازادی بدرێتە ناروهیتۆ و ماساکۆی ژنی.

میدیاکانی ژاپۆنی ئەوەیان بە بیانوو زانی، زۆرتر باسی رەوشی ماساکۆ بکەن، لەو پێگەوە داوای زۆرتر گۆڕان و دەستکارییان لە سیستەمی بنەماڵەکە کرد، بەردەوامیش لە شێوەی تۆڵەکردنەوەش ڕووبەڕووی دەزگای کۆشک دەبوونەوە، لەو پێشهاتە نوێیانەوە ئاستی نێوان ناروهیتۆ و ماساکۆ بەرامبەر دەزگای کۆشک بەرەو لاوازی دەچوو. بۆیەش ئیمپراتۆریش لەسەر ئەو پێشهاتانە نیگەران ببوو، لە ناروهیتۆ و ماساکۆس توورە ببوو، بۆیە برا گچکەکەی داوای لێبووردنی بۆ باوکی نارد، ئەوەش وای کرد ناروهیتۆش داوای لێبووردن لە باوکی بکات، لە قسەکانی پەشیمان ببێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی دەرزەکە ڕووی دابوو.

ماساکۆ لەمێژ بوو، لە ڕەوشی ژیانی ناو کۆشک بێزار بوو، داوای زۆرتر سەربەخۆیی دەکرد، بەڵام هەموو ئەو داوایانە بەنهێنی و لە پشتەوەی پەردەوە بوون، بەو گۆڕانە تازیە شتەکان ئاشکرا بوون، ئەوەش گورزێکی کوشندە بوو بە ڕووی پەیوەندیی نێوان ژاپۆنییەکان و بنەماڵەی ئیمپراتۆریەت.

پرسیارەکەش ئەوە بوو، ئایا دەکرێ ئەوان بۆ ماساکۆ قوربانی بە ئیمپراتۆریەتەکەیان بدەن؟

یان بە ڕاستی ئەو سیستەمە کۆن بووە و پێویستی بە گۆڕان هەیە؟!



ئەو سیستەمە کۆن بووە، بە کەڵک ئەو نەماوە، وەک نموونەیەک ببێتە سیمبۆلێک بۆ وڵاتەکەیان، ئەوەش پێناسەکەی مێژوونووسی ناودار هربرت بیکس بوو؟

لەناکاو و لە کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا، دەزگای کۆشک ڕووبەڕووی هێرشەکەی پرێنس و پشتیوانییە زۆرەکەی ماساکۆ هاتەوە، ڕۆژنامەنووس ریتشارد لویدباری لە تایمزی لەندەنی یەکەم کەس بوو، پاش دوو هەفتە لە وتەکەی پرێنس، وتارێکی لەسەر بارە ئاڵۆزەکەی ناو کۆشکی ئیمپراتۆری ژاپۆنی بە ناوی (خەمۆکی پرێنسیس) بڵاو کردەوە، لە وتارەکەی ئاماژە بەوە دەدات، ماساکۆ دووچاری دارمانی عەسەبی بووە. بەڵام دەزگای کۆشک زوو هاتە وەڵام و هەواڵەکەی بەدرۆ خستەوە، لە بەیانییکدا ڕایان گەیاندبوو، کەوا ماساکۆ تەنیا تووشی نارەحەتییەک هاتووە. ڕۆژنامەنووسێکی تری ژاپۆنیش وتبووی، ئەو هەواڵانە داتاشراون و دوورن لە ڕاستی، شیاوی گاڵتە پێکردنن. بەڵام کە هاوین داهات و ماساکۆ بەدەرنەکەوت، دەزگای کۆشک بەناچاری رایگەیاندبوو، کەوا پرێنسیس لەبەرئەوەی تووشی نەخۆشی نارێکی بەلانس بووە، بۆیە چارەسەری وەردەگرێت.

***

پاش ئەوەی پرێنسیس لە کاروزاوا گەڕایەوە، لە نزیک کۆشکەوە، خۆی بە سوارئەسپی و وەرزشی ترەوە خەریک دەکرد، کەم و زۆریش بەشداری پرێنسی دەکرد لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، خۆشی گەڕایەوە سەر کارە ڕەسمییەکانی. ڕاستییەکەش ئەوەبوو، پاش ئەوەی لە بەنداوە شاخاوییەکە گەڕایەوە، هاتەوە ناو زیندانەکەی ناو کۆشکەکە، بەوەش رەوشی بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، زۆر لە مێوانە بێگانەکان کە ماساکۆیان بینیبوو هەستیان بەوە کردبوو، یەکێک لەوانە هاوڕێی سەردەمی خوێندنی ئەندرۆ ئارکلی هەستی بەوە کردبوو. کە رەوشی پرێنسیس بەرەو خراپی دەچێت، ناروهیتۆ بەناچاری ئەرکە رەسمییەکانی تەنها بەڕێوە دەبرد، لە سەردانەکانی بۆ قوتابخانەکان و پێشوازیکردنی سەفیرەکان و سەردانی خەڵوەتگاکان و لە بەفرە خلیسکانێیەکان و لە کردنەوەی خولی یارییە زستانییەکانی ئۆلیپییەکانیش تەنها دەبینرا.

پاش ٢٠ مانگ پرێنسیس یەکەم گەشتە گشتییەکەی بۆ دەرەوەی کۆشک لە هاوینی ٢٠٠٥ بوو، لەبەرئەوەی پرێنسی مێردی سەرۆکی فەخری دەزگای ناوچەی

پیشەسازی (ناگۆیا) بووە، بۆیە بە سەردانی رەسمی لە پێشانگەی AICHI WORLD EXPO ئامادە بوو. ئەگەرچی بزەی لەسەر لێوانەوە دیار بوو، بەڵام لە چاوانی پرشنگێکی جوانی تێدا بەدی نەدەکرا، لەو دەرکەوتنەی دیار بوو کێشی زۆر دابەزیبوو، هەرگیز وا لاواز و زراڤ نەبینرابوو.

دوو ساڵ بوو، دەزگای کۆشک ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کەوا ڕەوشی ماساکۆی پرێنسیس بەرەو چاکبوونەوە دەچێت، کە تەندروستی باش باش بۆوە، چالاکییە رەسمییەکانی دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام ئەو قسانە لە واقیع هیچ دیار نەبوو، دکتۆرە ئوسترالییەکان و ژاپۆنییەکان و ئەمەریکییەکان، بەردەوام چاودێرییان کردووە، وتوویانە ڕەوشی ناو کۆشکی باش نەکرێت، تەنگژە دەروونییەکان بەری نادات، چارەسەری ئەو خۆی لە زۆرترین ئازادی تاکە کەسییدا دەبینێتەوە، ئەوەش تاکە دەرمانە بۆ نەخۆشییەکەی.

ماساکۆ و ئەوانەی چواردەورەکەی نایانەوێت، ڕاستییەکە بدرکێنن، دان بەوە بنێن، کەوا پرێنسیس نەخۆشە و نەخۆشییەکە پەیوەندیی بە بیر و هۆشەوە هەیە، لەبەر ترسناکییەکەی چارەسەریشی نییە. دەزگای کۆشکیش نایانەوێت ڕاستی و شێوەی چارەسەرییەکەی رابگەیێنن، لە ناو خەڵکەکەش دەنگۆی ئەوە هەبوو، کەوا رەوشی تەندروستییەکەی بەرەو خراپتر دەچێت. ئەو شەوانە بەردەوام تەنها کتێبی ئابووری دەخوێنێتەوە، یان بە تەنها بۆ خۆی مۆسیقا دەژەنێت، لەگەڵ ئەندامانی ناو کۆشکیش پەیوەندیی زۆر کەمە. هەر کە بە تەنها بمینێتەوە بەردەوام پارچە کاغەزێک بۆ خۆدوورگرتن بە دەرگاکەی هەڵدەواسێت. وەزیری تەندروستیی پێشوو شینگۆ هاکیتا، پاش ئەوەی بە بەرپرسی دەزگای کۆشک دامەزرابوو، قبووڵی نەکردبوو ئەویش ببینێت، ئەوەش نیشانەی ناتەواوی ڕەوشی دەروونی دەگەیێنێت.

لە ساڵی ٢٠٠٥ ناروهیتۆ بەشداریی ٣٠٠ بۆنەی رەسمی کردبوو. لەو هەموو بۆنانەدا، پرێنسیس تەنیا دە جار هاوشانی بووە، لە کەرنەڤاڵی یارییەکانی زستانان کە لە هۆکیرۆ ساڵانە دەکرێت بەشداری نەکردبوو. ئەگەرچی چەند هەفتەیەک پێشتر (ئایکۆ) ی کیژی بردبووە ناوچە شاخاوییەکان بۆ یاری سەر بەفر. ڕەوشی ئەو ژنە لەو ڕۆژانە تێڕوانینی دەوێت، مەزاجی بەرزی و نزمی تێ کەوتبوو، جاری وا هەبوو



نەیتوانیوە ڕێ بکات، بەرامبەر ئەوەش لە ڕۆژانی دوایی لەگەڵ دەستەخوشکەکانی قۆناخی خوێندنی کۆبوونەوەی چاخواردنەوەی کردووە.

کەم دەچووە دەرەوە، هاوشانی مێردەکەی بەشداری زۆر بۆنەی گرینگیشی نەکردووە، لەگەڵی سەفەری دەرەوەشی نەکردووە، بۆ نموونە لە بەهاری ٢٠٠٦ پرێنس بەناچاری بەتەنیا سەردانی وڵاتی مەکسیکی کردووە، بۆ بەشداری لە کۆنفراسی نێونەتەوەیی سەبارەت بە ئاو، زۆر لە گۆڤارە ناخۆییەکان نووسیبوویان پرێنسیس داوای زۆری ئیمپراتۆرو ژنەکەی بۆ بەشداریکردن لە زۆر بۆنەکان ڕەت دەکاتەوە.

بە ڕووکەش ئەو نموونانە سادە و کەم بایەخن، بەڵام لە رووی کولتوورییەوە مانا و گرینگی زۆری هەیە، بەتایبەتی ئەگەر چاوی میدیاکانی تێ کەوت، دیارە نەخۆشییەکەی ئەو بیانوویە نییە، بۆ بەشدارنەکردنی لەو بۆنانەدا، کارمەندانی کۆشک ئامادەنەبوونی پرێنسیس لەو بۆنانەدا، بەتایبەتی بۆنە نیشتیمانییەکان، هەڵوێستەی لەسەر دەکەن، وەک بۆنەی یادی بەزر ڕاگرتنی ئیمپراتۆر (تیشۆ) و سەلاوەتەکانی بۆ ئاشتی و بۆ گلکۆی میللەتی ژاپۆنی لە سەرەتای ساڵی نوێدا.

یەکێک لە بەرپرسانی دەزگای کۆشک رای وا بووە، پرێنسیس لەوە نەگەیشتووە ئەو بۆنانە چەند گرینگن، لە ئەرکە گشتییەکانیش گرینگترن، بەڵام ئەو نازانێت.!

دوو ساڵ بوو، هاووڵاتیانی ژاپۆنی دەیانزانی پرێنسیس نەخۆشە، بەڵام بە درەنگەوە لە نهێنییەکانی ناو کۆشک تێگەیشتن. چەندین دکتۆری تایبەتی دەروونییان بانگهێشتی کۆشک کرد. یەکێک لەوانە مەسەلەکەی بە جدی وەرگرت، پرۆفیسۆر یوکاتا ئۆنۆ بوو، ئەو لە لایەن دایکییەوە راسپێردرابوو، چونکە لە کیژەکەی گەیشت کە بڕوای بە دکتۆرەکانی ناو کۆشک نییە، نایەوێت دکتۆرەکانیان ببینێت، بۆیە دایکی بیری لە دۆزینەوەی دکتۆرێکی بەهرەمەند لە دەرەوەی کۆشک کردەوە، بە مەرجێک کیژەکەی متمانەی پێی هەبێت. ماساکۆ لەگەڵ دکتۆرە نوێیەکەی دانیشت و گوێی لە بەرنامەکەی راگرت، ئەو چارەسەری بۆ خەمۆکییەکەی بۆی دانابوو پەیڕەوکرد. لە کۆتاییی ساڵەکە دەزگای کۆشک ڕاپۆرتێکی سێ لاپەڕەییان لەسەر ڕەوشی ماساکۆ پێ گەیشت، بەڵام لەو ڕاپۆرتەدا باسی نەخۆشی خەمۆکی، یان بێ مەزاجی تێدا نەهاتبوو.

**هەنگاوێکی بێهوودە:**

ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی دکتۆرەکەدا هاتبوو، شتی سادە بوون، پێش ١٣ ساڵ خەڵکەکە ئەوەیان دەزانی، ماساکۆ پێش ئەوەی شوو بەو بنەماڵەیە بکات، دەیانزانی ئەو ژنە زیرەکە و ئارەزووی بێ سنووری لە فێربوون هەیە، وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەش هاتبوو، ئەو بە ژیانی دیلی ناو کۆشک رازی نابێت، لە خێزانێکی ئارەزوومەند لە کار و بەرهەم پەروەردە بووە، بۆیە بەشداری زیندووی ڕۆژانەی ژیانی دەوێت. ئەو ژنە لە زانکۆیەکی وەک هارڤارد ماجستێری لە زمان وەرگرتووە، دوورکەوتنەوە و پەراوێزگرتنی لە دیالۆگی راستی قبووڵ ناکات. دەزگای کۆشک بڕیاری دا ڕاپۆرتەکە دیراسەت بکات، واتە نایەوێت هیچ بڕیارێکی لەسەر دەربکات، ئەو بڕیارە تەنیا بە دکتۆرێکی نەفسی نییە، هەر چەند چارەسەرییەکانی پرۆفیسۆر ئونۆش کاریگەریشی هەبێت، شتەکان ئاسایی نابێتەوە تا هۆکارە سەرەکییەکانی خەمۆکی ئەو ژنە لە ناو کۆشک چارەسەر نەکرێت، تا ڕەوشەکەی نەگۆڕێت، چاک نابێتەوە، ئەگەر وا بمینێتەوە ئەگەری ئەوەش هەیە هەنگاوێکی بێهوودەییش بهاوێت.

ئەگەرچی ڕاپۆرتی دکتۆرە دەروونییەکانیش بڵاو کرانەوە، زۆر لە دەستڕۆیشتووە ژاپۆنییەکان، بڕوایان بە نەخۆشییەکەی پرێنس نەدەکرد، بە ئاشکرا قسەی خۆیان دەکرد، لە لایەکی تریشەوە وا خەریک بوو رای گشتی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەگەرچی ئەو زۆر پێویستی بە پشتیوانی ئەوان هەبوو.

لەبەرئەوەی ناکرێ زانیاریی ڕاست لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەدەست بهێنن، بۆیە بەناچاری تۆڕەکانی ئەنتەرنێت کرانە گۆڕەپانێکی تەواوی شەڕەکان. لەگەڵ گۆڕانەکانی ڕەوشی تەندروستیشی، ئەو لە ئاهەنگێکی نزیک ئیستگەکانی ناوەندیی ترێنەکان بینرابوو، لە ئاهەنگێکی مۆسیقایی کەمانچەژەن ئاسحق بیرلمان بینرابوو، بینیبوویان سواری ئەسپ بووە، بەشداری ئاهەنگی هاوڕێیەکی ڕۆژانی خوێندنی پرێنس بووە. هەندێ لە نووسەرە نزیکەکانی کۆشک بە نووسین ئەوەیان بڵاو کردەوە، کەوا پرێنسیس نەخۆش نییە، ئەو هەڵسوکەوتانەشی بۆنی خۆپەرستی پێوەیە، تا زۆرتر کاتەکانی بۆ ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی تەرخان بکات، بە بیانووی نەخۆشی لە بەشداریکردنی لە بۆنە رەسمییەکان دوا دەکەوێت.



یەکێک لە کەسە دەستڕۆیشتووەکان بە ناوی توسیاکی کاواهارا، ماساکۆی بە زۆردار پێناسە کردبوو. ئەو پێناسەیەش لە لایەن ئەو نووسەرەی لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە نووسەری بنەماڵەیەو ١٢ کتێبی لەسەریان نووسیوە، تاوانبارکردنێکی مەترسیدار بوو. دوا بەرهەمیشی وتارێک بووە لەسەر ناروهیتۆ بووە، سەبارەت بە ڕۆژانەی خوێندنی لە زانکۆی ئوکسفۆرد، بۆ ئەو زەواجەش وتبووی:

ئەو زەواجە لە سەرەتاوە هەڵە بوو، ئەوەی ڕەوشەکەی گەیاندە ئەو ڕۆژە، ئەو ژنە زۆر خۆپەرستە، چارەسەری ناوەندی ناخوازێت، لەبەرئەوەی ئاستی فێربوونەکەی زۆر بەرزە، بۆیە لەگەڵ چواردەورەکەی ناو کۆشک ناگونجێت، ئەو ژنە ئینگلیزییەکی باش قسان دەکات. ئەوەش بوو پرێنس عاشقی بوو، ژنانی ژاپۆنی بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەو ژنە بە کەڵک ئەوە نایێت ڕۆژێ ببێتە ژنە ئیمپراتۆر، ئەو کەسێکی بەهێزە و دەیەوێت واش هەڵسوکەوت بکات و بۆچوونەکانی بچەسپێنێت.

**هێمایەکی نیشتیمانی:**

ئەگەر ماساکۆ نەخۆش بێت، یان نەخۆش نەبێت، ڕەخنە و بۆچوونەکانی کەسێکی وەک کاواهارا، ئەوانە هەموو ناتوانن لەو تەنگژە دراماتیکییە دەربازی بکەن، ئەو ڕەوشەی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆنی پێوەی تێدەپەڕێت ناتوانن چارەسەر بکەن، دوور نییە سی چل ساڵی تر ئەو سیستەمە نەمینێت، کە ناروهیتۆ و براکەی مردن، ئەوە سیستەمەکە تەواو دەبێت، ژاپۆنییەکانیش بە پێچەوانەی هەندێ لە هاووڵاتیانی ئەوروپییەکان نایانەوێت دەستبەرداری ئەو سیستەمە بن. ئەگەرچی ئەو سیستەمە لە زۆر لە وڵاتاندا ماوەیەکی زۆرە بەسەر چووە، لە ڕاپرسییەکدا ڕێژەی ٧٠٪ ژاپۆنییەکان لەگەڵ مانەوەی سیستەمی ئیمپراتۆرییەتن. ژمارەیەک لەوانە بە نەمانی ئیمپراتۆریەت دڵشاد دەبن. ئەو سیستەمە پشتیوانی هەیە، بۆ نموونە میدیای حزبی شیوعیش چالاکییەکانی کۆشکی ئیمپراتۆریەت بڵاو دەکاتەوە. ژمارەی ئەوانەی لەگەڵ سیستەمی حوکمی کۆمارین زۆر کەمن. ئەگەر زۆرتر لە ویستی خەڵکەکە وردبیتەوە، هەست بەوە دەکەیت ژاپۆنییەکان زۆر بایەخ بەوە نادەن سیستەمی وڵات کۆماری بێت، یان پاشایەتی بێت.

ڕاستڕەوە توندڕەوەکان بوونی رەمزی ئیمپراتۆر لە ژاپۆن بە نیشانەی شکۆ و

شانازی مەزن دەزانن، کۆشش دەکەن ئەو هێمایە، لە داهاتوو بکەنە ڕەمزێکی نیشتیمانی نوێی ژاپۆن، دیارە ئەوانە چاو لە ڕاسترەوە فەرەنسییەکان دەکەن، ئەوانیش کە دوا ئیمپراتۆرەکەیان پێش ١٣٠ ساڵ نەما، سەرکردەکەیان جان ماری لۆبان کۆششی کرد، تا (جاک دارک) وەک ڕەمزی نیشتیمانی بمینێت. ڕەنگە ژاپۆن چاوەڕوانی گۆڕانی رادیکالی لەو جۆرەی لێ نەکرێت، پرسیارەکەش ئەوەیە ئەوان چۆن دەتوانن سیستەمە ئیمپریالییەکەیان بپارێزن، ئەگەر تاجی وڵات نەما. ئەو پرسیارەش لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن سیاسەتمداران و بیرۆکراتەکان و ڕۆژنامەنووسەکانیان بە گەرمی دەکرا. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەش ساڵی پار، پرێنس ناروهیتۆ بۆ ئەوەی جێنشینێکی کوڕ بۆ تاجی ژاپۆن پەیدا بکات، داوای نوستنیان لەگەڵ ژنە خزمەتکارێک لێ کردبوو. پرێنسەکان لەو جۆرە نوستنانە ١٥ کوڕیان لەو ژنانە دروست کردبوو، بەڵام کە هیرۆهیتۆ تاجی وڵاتی لە سەر کردبوو، ئەو پرۆسەیەی بۆ کوڕ پەیداکردن ڕاگرتبوو.

تا ئەندامانی کۆشکەکە بێکار نەمینێنەوە، لە پاش ساڵی ٢٠٠١ ەوە، پاش نەمانی ئەو سیستەم و ئەو بنەماڵەیە، بە جدی خەمیان لە ڕێگەچارەسەرێک خوارد، پێشنیاز زۆر بوون، یەکێک لە پێشنیازەکان ئەوە بوو بازنەی نەژادی بنەماڵەکە فراوانتر بکەن، تا زۆرترین کەس مافی تاجی ئیمپراتۆریەتی بەرکەوێت، یان دووبارە و پاش دوو سەدە ژنان مافی تاجیان پێ رەوا ببینرێتەوە. بەڵام ئەو پێشنیازەی لە لایەن توندڕەوەکانی ناو دەزگاکە بە باشتر زانرا، ئەویش گەڕانەوەی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بوو، کە پێش ٥٠ ساڵ لە کۆشک دەرکرابوو، مافی وەرگرتنی تاجیشی لێ وەرگیرابۆوە، پاش ئەوەی کوڕێکی ئەو بنەماڵەیە بەناوی خۆی بکات.

## بیردۆزی پلانگێڕی:

بەڕاستی بیر لەوە کرایەوە، دەستووری وڵات هەموار بکرێت، تا بکرێت ژن لەو بنەماڵەیە تاج وەرگرێت، ئەوەش کێشەکە چارەسەر دەکات، بۆ وەرگرتنی ئەو تاجەش هەشت پرێنسیس مەرجی ئەوەیان تێدایە تاجەکە وەرگرن، لەوانە ماساکۆ و ئایکۆی کیژی. لە ڕاپرسییەکدا ٧٥٪ لەوانەی بەشدارییان کردبوو، پێیان ئاساییە ژن تاجی ئیمپراتۆریەت وەرگرێت، ئەوانەی دژ بە پرۆسەکە تەنها ١٦٪ بوون، ئەوەش لە لایەن



وەکالەتی هەواڵەکانی کیودۆ ئەنجام درابوو.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆک وەزیران جونیشیرۆ کویزومی، پشتیوانی بۆ هەموارکردنی دەستوور دەربڕیبوو، بۆ بەدواچوونەوەش لیژنەیەکی دانابوو. لەو لیژنەیە ئەو مێژوونووسە ئیمپریالییانەیان تێدا بەشدار نەکرد، کە بەوە ناسراون دژی ژنن بۆ وەرگرتنی تاجی ئیمپراتۆریەت لە ژاپۆن. لیژنەکە لە دەستەیەک لە قازی و مامۆستای زانکۆو گەورە بەرپرسانی پێکهاتبوو، بۆ سەرۆکایەتییەکەی سەرۆکی پێشووی زانکۆی تۆکیۆ هیرویوکی یوشیکارا، کە ئەندازیارێکی گەورە و دیارە لە بواری رۆبۆت، دەستنیشان کرابوو. لیژنەکە بە کۆی دەنگ بڕیاریان لە سەر گۆڕینی یاساکە دابوو، بۆ ئەوەی ژن لە بنەماڵەی ئیمپراتۆر بە وەراسەت تاج وەرگرن، کویزومی ئەگەرچی سەد کەس لە ئەندامانی حزبەکەی دوورکەوتنەوە، ئەو کۆشش دەکات لە پەرلەمان دەنگ بۆ گۆڕینەکە دەدات، ئەوەش بوار دەدات هەشت پرێنسیسەکان بۆیان هەبێت لە داهاتوو، تاج وەرگرن، بە مەرجێک پێش وەرگرتنەکە شوو نەکەن. پرێنسیس ئایکۆ پاش مردنی ناروهیتۆی باوکی یەکەمین پاڵێوراو دەبێت.

دیارە لە ژاپۆن زۆر جار ڕووداوی لەناکاو دێتە پێش، هەموو شتەکان وەک خۆی ناهێتە دی. کویزومی لە پەرلەمان وتارێکی پێشکەش دەکرد، پارچە پسوولەیەکیان لەبەردەمی دانا، لە پسوولەکەدا نووسرابوو، براژنەکەی ناروهیتۆ، ژنی پرێنس ئاکیشینۆ ئاوسە، لە چەند مانگی داهاتوو چاوەڕوانی منداڵێک دەکەن، بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە چەند ڕۆژێک پێش دەنگدانی پەرلەمان بوو لەسەر گۆڕینی یاساکە.

لە ناو ئەو بنەماڵەدا وا باوە، پاش سێ مانگی ئاوسی پرێنسیس راناگەیندرێت، بەڵام ئەوجارە زووتر ئاشکرا کرا، تا لەسەر دەست و لە سەردەمی کویزومی نەبێت، دەزگای کۆشک لەو بڕیارە پەلەی کرد، دیارە ئەو دژی ئەو گۆڕینە بوون. ئەگەر پرێنسیس کوڕێکی بوو، ئەوە پێویست بە گۆڕینی یاساکە ناکات، ئەگەر کیژیشی بوو، ئەوە سەرۆک وەزیران گۆڕاوە، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەوەی پاش ئەو دێت، وەک کویزومی سوور نەبیت لەسەر ئەو هەموارکردنە، تا بوار بدرێت ژنێک تاجەکە وەرگرێت، چونکە دیارە ئەندامە گەورەکانی ناو حزبی دیموکراسی لیبرالی

دەستەڵاتدار بڕیاریان داوە لە چوار ساڵی داهاتوو، پیاوێکی تر بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دادەنێن، بە دوورکەوتنەوەی ئەویش بڕیاری گۆڕانەکەش نامینێت. چاودێرە سیاسییەکان دەترسێن گوشار لەسەر ماساکۆ توند بکەن تا کوڕێکی بۆ تاج ببێت.

***

ناوهێنان و باسکردنی تەڵاق لە بنەماڵەی ئیمپراتۆر، ماوەیەکی زۆرە یەکێکە لە هێڵە سوورەکان، لە شتە حەرامەکان، بەو شێوەیە باس دەکرێت. دەزگای کۆشک بە چرپەوە بیری لەوە دەکردەوە ماساکۆ لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، هەواڵێک بڵاو بووەوە، یەک ساڵ زیادترە گوایە شارەزایان بەرنامەی بۆ دادەڕێژن، لە کەسە ئاگادارەکانی ئاستی میدیاکان دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایەوە گوایە ماساکۆ بە کەڵک ژنە ئیمپراتۆر ناهێت، ئەگەر ناروهیتۆ تەڵاقی بدات و ژنێکی تر بهێنێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کوڕێکی ببێت، ئەویش دەبێتە جێنشینی ئیمپراتۆریەتەکە. ئەوەش باشتر لە گۆڕینی یاسای وڵات.

بەشێک لە چاودێرەکان، نموونەی پرێنس ناروهیتۆ و ماساکۆیان بە نموونەی پرێنس تشارلز و دیانا دەشوبهاند، بۆچوونی دەزگای کۆشک لەسەر هەردوو ژنەکە باش نەبوو، بەڵام لە راستیدا جیاوازی لە نێوان دوو نموونەکەدا هەبووە، چونکە پرێنس ناروهیتۆ ماساکۆی زۆر خۆش دەویست، بۆ پشتیوانیکردنی ژنەکەی لەسەر پەیمانەکەی خۆی بوو، هوسی کبد پرۆفیسور لە توێژینەوەی ژنان، بەو نووسینە ڕاستییەکەی پێکاوە، کە نووسیویەتی:

ڕاستییەکە ئەوەیە ماساکۆ بە چەندین کۆت و بەند ژیانی تایبەتی و گشتی گەمارۆدراوە، پرێنسیس لە مافە ئەساسییەکانی بێبەش کراوە، لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤی بێبەشە. من هاوار دەکەم، ئەو ژنە سەربەست بکەن، بەڵام منیش دەپرسم، چۆن...؟؟!

ئەگەرچی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە شێستەکانی سەدەی رابردووەوە زۆربووە، بەڵام هێشتا لە چاو خۆرئاوا ئەو ڕێژەیە کەمە، لە ناو ژاپۆنییەکان دەستەواژەیەکی باو هەیە، زۆر دەیڵێنەوە، ئەویش، تەڵاق بۆ ئەو کەسانەی ئەگەری بوونە ئیمپراتۆریان هەیە، قەدەغەیە. کینیشی ئاسانۆ مامۆستای میدیا لە زانکۆی تۆکیۆ، کە یەکێکە لە



دیارترین ڕەخنەگر لەسەر بنەماڵەی ئیمپراتۆر، دەڵێ دوو بنەماڵە لەو ژاپۆنەدا هەیە، لە دەستیان ڕزگارمان نابێت، یەکەمیان، یاکۆزا (چەتەکانی تاوان)، دووەمیشیان بنەماڵەی ئیمپراتۆرە.

ئەو دەستەواژەیە هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، لە مێژووی درێژی ئەو بنەماڵەیەدا یەک جار تەڵاقدران کراوە، ئەویش لە ساڵی ١٨٨٩، لە لایەن پرێنس کیتشاریکا بووە. لە ناو ئەو بنەماڵەیەدا هەبووە پەیوەندیی سۆزدارییان نەماوە و بە ڕەزامەندی لەیەک دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام بەیەکەوە ژیاون. پرێنسیش هەبووە دۆستی هەبووە لە ماڵی تایبەتی دایناوە، خانووی بۆ کڕیووە. ئەگەر لە یاساکان وردبیتەوە، دیارە کەوا پرێنسەکان بۆیان هەیە، ژنەکانیان تەڵاق بدەن، ئەوەش لە بەندی ١٤ی یاسای ئیمپراتۆریەتیدا هاتووە، بەڵام پرێنسیسە تەڵاقدراوەکە لە هەموو پێگەکانی پاشایەتی بێبەری دەبێت، ئەوەشیان دوور لە ڕێساکانی باو لەو سیستەمە.

ئەوانەی دەهۆڵ بۆ تەڵاقدانەکە لێ دەدەن، ڕووبەڕووی دوو بەربەست دەبنەوە، یەکەمیان، پرێنس ناروهیتۆ هێشتا ماساکۆی خۆش دەوێت.

دووەمیشیان، ئەگەر یاساش هەموار بکرێت، ژن بکارێت ببێتە ئیمپراتۆریش، ئەوە ئایکۆی کیژی ناروهیتۆ لە پاش مردنی باوکی دەبێتە ئیمپراتۆر، دیارە بەرپرسەکانی کۆشکیش ناتوانن لە کۆشکی دوور بخەنەوە، ماساکۆش بە ئاسانی واز لە نازناوەکەی ناهێنێت.

پاش ئەوەی دەنگۆی زۆر لە سەر باری خراپی تەندروستی و کێشەکانی تایبەتی ناو کۆشکی پرێنسیس بڵاوکرابۆوە، بۆیە کە زانرا لەگەڵ پرێنس بەیەکەوە دەچنە دەرەوە بۆ سەیران، چاوی میدیا و ڕۆژنامەنووسان کەوتنەخۆ، بۆ وەرگرتنی وێنەی پرێنسیس. ڕۆژنامەنووسەکان تا ڕاوەکەیان لە دەست نەچێت، بۆ چەندین شوێن بڵاوەیان کرد، هەندێکیان ڕوویان لەو ڕێستۆرانتانە کرد کە بنەماڵەی ئیمپراتۆر زۆر نانی تێدا دەخۆن، هەندێکیان چوونە ئەو شوێنە پیتزای لێ دەخۆن، لە بەیانی زووەوە چاوەڕوان بوون. تیمێکی تر ڕوویان لەو شوێنە کرد، کە پرێنسیسی کیژی ماساکۆ جاروبار کێکی تایبەتی لێوە وەردەگرێت. تیمی پێنجەمی ڕۆژنامەنووسەکان بەرەو (زوو)ی شارەکە چوون، تیمی شەشەمیش ئەو یانەی زۆر جار ناروهیتۆ و ماساکۆ

سپۆرتی تنسی تێدا دەکەن ڕۆیشتن، بۆیەش دەزگاکانی میدیا وا پەرت بوون و کەوتنە جوولە و چالاکی، چونکە هەواڵەکە وا بڵاو کرابووەوە، گوایە ناروهیتۆ و پرێنسیس بەنیازن یەک هەفتەی تەواو لە دەرەوەی کۆشک بمینێنەوە، دەستەڵاتی کۆشک نەیانگاتێ، لەو ماوەیەشدا ناروهیتۆ بۆ کاری ڕەسمی لە ناو کۆشک بە سەردان دەگەڕێتەوە.

## گۆشەگیری و تەنیایی:

تیمێکی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانی ناودار لە تۆکیۆ بوو، سەرقاڵی ئامادەکردنی فیلمێکی تایبەتی بوو لەسەر بنەماڵەی ئیمپراتۆر. ئەو تیمە ماوەی سێ مانگ بوو، گفتیان لە نووسینگەی ڕۆژنامەگەری کۆشک بۆ دیدارێک وەرنەگرتبوو، بۆیە هەستیان بە بێزاری کردبوو، منیش لەگەڵ ئەو تیمە چاوەڕوان بووم، بیست دەقە مابوو بۆ دەرکەوتنیان، لە ژووری پێشوازیی گەورە مێوانەکاندا ناروهیتۆ و ماساکۆ، وەک هەموو جارێکیان بە ناچاری ڕووی خۆیان شیرین کرد، بە بزەوە هاتنە دەرەوە، ئامادەبووان لە شێوە ئالییەکەیان دەستیان بۆیان دەشەقاند. ناروهیتۆ یەک دوو هەنگاو لە پێشەوەی ماساکۆوە بوو، ئەویش لاواز و ماندوو دیار بوو، ئەگەرچی بە مکیاژێکی زۆرەوە ڕوویان پۆشیبوو، بەڵام هەر ڕووناکی تێدا بەدی نەدەکرا. ماساکۆ دەڕۆیشت، بە دەستێکی دەستی کیژەکەی گرتبوو، ئەویش دەستەکەی تری پڕ یاری بوو. چەند مانگ بوو، ماساکۆ بەشداریی بۆنە رەسمییەکانی لەگەڵ مێردەکەی نەکردبوو، زۆر بە کەمی لە بۆنە رەسمییەکان ناوی دەهات، لەگەڵ مێردەکەشی نەچووە مەکسیک، بۆیە لەو ماوەیەدا زۆرتر هەستی بە تەنیایی دەکرد. هەر لەو ماوەیەدا هیچ ڕاپۆرتی پزیشکان لەبارەی تەندروستی ماساکۆش دەرنەچووبوو، ئەوەش ئەو دەگەیێنێت، کەوا هیچ گۆڕانێک لە رەوشی ئەو رووی نەداوە. مەسەلەی خەمۆکییەکەی زۆرتر ئاڵۆزتر دەبوو. زۆر لە ڕۆژنامەکان ستوونی تایبەتییان لەسەر ماساکۆ دەنووسی، نووسیبوویان گوایە زۆر بە کەمی لە سەرینەکەی نووستنی دوور دەکەوێتەوە، ماوە ماوە و لەناکاو بێ ژیربوونەوە دەگرێت، ناتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات. کە تا و هوڕێنە دەگرێت و دووچاری تیفۆ دەبێت، بەناچاری شلە و دەرمانی تایبەتی وەردەگرێت.



## گرێ کوێرە:

ئامادەباشی بۆ جەژنەکانی سەری ساڵ بەجۆش بوو، هەموو لایەک هەڵپەی بەرنامە و ئاهەنگ بوون، بەڵام ناروهیتۆ و ماساکۆ، لە ناو تەنگژەدابوون، زۆر ئەگەر هەبوون بۆ دەربازبوونیان لەو گرێ کوێرەیەدا، گۆڤارەکان ئاماژەیان بەوە دابوو، کەوا ڕەنگە ناروهیتۆ واز لە جێنشینی بهێنێت و خۆی رزگار بکات، ئەویش وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی لەگەڵ ژن و کیژەکەی بژیت.

ئەگەر ناروهیتۆ واز لە تاجی ئیمپراتۆریەت بهێنێت، ئەوە بنەماڵەکەشی بە چاوی سووکەوە تەماشای دەکەن، ئەوەش ڕووی داوە، لە مێژووی ئەو بنەماڵەیەدا نموونەی وا بووە، لە مادەی ٣ ی یاسای ئیمپراتۆریەتدا باس کراوە. ئەگەر ناروهیتۆ لە کۆشک دوور کەوێتەوە، ئەوە براکەی دەبێتە جێنشین، ئەویش کەسێکی خۆشەویست نەبوو، میللەتی ژاپۆنی و دەزگای کۆشک حەزی لێ ناکەن. کیژە گچکەکەیان دەبێتە جێنشینی ئیمپراتۆریەت، دیارە ئەویش لەگەڵ دایک و باوکی لە گەڕەکێکی تۆکیۆ، یان لە شاری ئۆکسفۆرد و بۆستن دەژیت. یان لە شێوەی پەناهەندەیەک لە ناو کۆشک دەمینێتەوە. پێشبینییەکان دیارە کەوا کۆتاییەکەی باش نابێت، یان کۆتایی بەدی ناکرێت، ترووسکاییەک بەدی دەکرا، کە میدیاکان ئاماژەیان بەوە دابوو، ئەگەری ئەوە هەیە ماساکۆ بکەوێتەوە سەر چالاکییەکانی و بەشداری مەراسیمەکانی ڕەسمی بکاتەوە. لەو ساتانەدا کە ناروهیتۆ بۆ سەفەرەکەی مەکسیک کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری ساز کردبوو، ماساکۆی لەگەڵ دەرنەچووبوو، لە کۆنگرەکەش وتبووی، باری تەندروستی ماساکۆ بەرەو باشی دەچێت، دەرمانەکانی وەردەگرێت، باشبوونی پێوە دیارە. لە دواڕۆژا بەشداریی مەراسیمەکان دەکاتەوە.

## ئاشی پرۆپاگەندەکان:

ئۆلیفر ئۆلدمانی مێردی باربرای دەستەخوشکی ماساکۆ لە ڕۆژانی خوێندنی لە زانکۆی بۆستن، ئەو دوا کەس بووە سەردانی ماساکۆی لە بەشی خۆرهەڵاتی کۆشک کردووە، ئەو وتوویەتی:

ڕەوشی تەندروستی ماساکۆ باشە و ئەگەری ئەوە هەیە، دووبارە دەربکەوێتەوە و

کاره ڕەسمییەکانی دەست پێ بکاتەوە.

کە ئۆلدمان ڕای گەیاند، سەردانی ماساکۆ بۆ هارڤارد نزیک بووەتەوە، بۆیەش دەزگای کۆشک ڕەزامەندی لەسەر ئەو سەردانە نیشان داوە. سێ ساڵ بوو، باسی ڕەوشی خراپی تەندروستی ئەو دەکرا، کەوا ناتوانێت، کارە ڕەسمییەکانی جێبەجێ بکات، لە مانگی ئۆگستی دەزگای کۆشک سەلماندوویەتی، کەوا ڕەوشی تەندروستی باشەو دەتوانێت سەردانی دەرەوە بکات، بەڵام سەردانەکەی وەک پشوودانیک دەبێت، دەچێتە لای دایک و باوکی لە شاری لاهای لە هۆڵەندا. کە ڕەزامەندی کۆشک لەسەر سەردانەکەی وەرگیرا، مەرجی ئەوەیان دانا، کە دکتۆرە تایبەتییەکەی پرۆفیسۆر ئۆنو هاوڕێیەتییان بکات. پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە دووبارە پڕۆپاگەندە دەستی پێکردەوە، لە گۆڤاری نیوزیوک نووسرا، گوایە ماساکۆ لەو وڵاتە داوای مافی پەنابەری سیاسی دەکات، بیانووکەشی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە.

لە ٦ی سپتەمبەردا، کیکۆی ژنە براکەی ناروهیتۆ کوڕێکی بوو، پاش ٤٠ ساڵ لە بنەماڵەی ئیمپراتۆری ژاپۆن منداڵێکی نێرینەیان ببێت، بەو بۆنە لە شەقامەکانی تۆکیۆ ئاهەنگی شادی و خۆشی دەستی پێ کرد، پاش ئەوەش گوشاری سەر ماساکۆ سووک نەبوو. ناویان لە کوڕەکە نا (هیسا هیتۆ)، ئەویش ژمارە سێی لە نۆرەی جێنشینی ئیمپراتۆر وەستا، بەو پێشهاتەش بەردەوامی ئیمپراتۆریەتەکە درێژەی دەبێت، پێویست بە هەموارکردنی یاسای ئیمپراتۆریەتی ناکات.

کە هەواڵەکە لە ناو کۆشک بڵاو بۆوە، شادی و ئاهەنگ دەستی پێ کرد، بەڵام ماساکۆ بەو هەواڵە دڵشاد و خەمگینیش بوو، دڵشاد بوو کەوا پرێنسیس ئاکیشینۆ پاش مەترسی لە سکەکەی ئەو بە ئارامی کۆرپەکەی دانا و کوڕێکی بوو، ئەوەش ژیانی کیژەکەی ئازاد دەکات، لە داوڕۆژا سەربەستانە دەژێیت، دەتوانێت بێ ڕەزامەندی دەزگای کۆشکیش شوو بکات، لە ڕوویەکی تریشەوە ناشادبوو بەوەی تاجی ئیمپراتۆریەت بۆ خۆی و کیژەکەی دوورکەوتەوە، چونکە پاش ناروهیتۆ براکەی نۆرەی دێت، لەویشەوە نۆرەکە دەگاتە کوڕەکەی.

بە ناچاری ماساکۆ چەند ئەگەری لە پێش بوو، یەکێک لەوانە بیرکردنەوە بوو لە خۆکوشتن، یان جیابوونەوە و تەڵاق و ڕاکردن، یان ڕوودانی شۆڕشێک لە لایەن



پاسەوانەکانی کۆشکەوە. دیارە ژن و مێردەکە زۆر یەکتریان خۆش دەوێت، کیژێکیان لە نێواندا هەیە، ئەوەش زەحمەتە. ئەگەری دووەمیش وازهێنانیان لە کۆشک و دوورکەوتنەوەیان، ئەوەش وازهێنانی مێردەکەیەتی لە تاجی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن. لە ناو ئەو هەموو پێشنیازانە، تروسکایی هیوایەک لە سیستەمی کۆشک بەدی ناکرێت، کۆشک لە هیچ بڕیارێک پەشیمانی ڕاناگەیێنێت، تا ماساکۆ بە بەهرەکەی بوارێک بدۆزێتەوە خزمەتی وڵاتەکەی بکات. لە ڕۆژی یەکەمەوە هەموو دەروازەکانی بە رووی دادەخرێت.

لە کتێبێکی لیسلی داونر، ڕەخنەگرەکانی ماساکۆ ئەو بەشەیان وەرگرتووە، کە ماساکۆ لە نێوان سەرۆکی ئەمەریکی بیل کلنتۆن و سەرۆکی رووسی میخائیل گۆرباتشۆف، دانیشتبوو، ئەو بە ئینگلیزی لەگەڵ یەکەمیان قسەی کردووە، لەگەڵ دووەمیشیان بە رووسی قسەی کردووە، دیارە ئەندامانی بنەماڵەی ئیمپراتۆر کاری سەفیر ناکەن، بۆیە پێویست ناکات بەو زمانانە بپەیڤێت، ئەوە کاری وەرگێڕەکانە، ئیشی ئەو تەنها دانیشتنە بە ڕوویەکی خۆشەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیاتی ئەوەی کۆتەکانی سەر دەستەڵات و هێزی ماساکۆ سووک بکرێت، توندتر دەکرا، دیارە رەوش و قەدەری ئەویش وەک ژنی ئیمپڕاتۆر دەبێت.

ئەو خۆی دابووە دەست نەخۆشی و خەمۆکی و تەنهایی، رووناکی چاوەکانیشی کز ببوون، دەستەڵاتی ئەوەی مابوو جاروبار ئەو ناڕەزاییانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بدرکێنێت. نەیتوانی بەشداریی ئارەزووی مێردەکەی بکات، لە وێنەکێشان و پەروەردەکردنی کیژەکەیان، هێدی هێدیش لە هاوڕێ و خزمەکانیشی دووردەکەوتەوە.

ماساکۆ دەژێیت و نەفرەت لەو ڕۆژە دەکات ڕێی کەوتە ئەو کۆشکە و دووچاری ئەو ژیانە هات، بووە قوربانی وڵاتەکەی.

لە ١٢/٥/٢٠٠٧ تا ١٨/٥/٢٠٠٧

لە ڕۆژنامەی (القبس) ی کوێتی بڵاو بوویتەوە.



پرێنس و پرێنسیس و کیژەکەیان




ناروهیتۆ و ئادم هاربری هاوڕێی کەمانچە دەژەنێت






ماساکۆ یاری دەکات



بووک و زاوا بە جلی تەقلیدی ئیمپراتۆریەت



ناروهیتۆ بە منالّی



ناروهیتۆ لە ئوسترالیا






ماساکۆ لەگەڵ هاوڕێیەکانی



لەگەڵ کۆمی هارای
دەستەخوشکی



بووک و زاوا
سڵاو لە مێوانەکانیان دەکەن



ماساکۆ دوا دیداری ماڵەوەیان بەرەو کۆشک





بووک و زاوا لە سەیرانا



بووک و زاوا کرنۆش بۆ ئیمپراتۆر دەبەن



پرێنسیس لەگەڵ کیژەکەی لە ناو
باخچەی کۆشکدا



بە جلی ڕەسمییەوە
بەڵام بە ڕووێکی ناخۆش





لەگەڵ بنەماڵەی ئیمپراتۆر



نۆ ساڵ پاش زەواجیان

## پاشکۆ

### بەسەرهاتی دوو پرێنسیسەکە

محەمەد عەلی ساڵح

لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ەوە.

لەو ڕۆژانەدا ئیمپراتۆر ئاکیهیتۆ و ژنەکەی ئیمپراتۆر میشیکۆ لە ئەوروپا دەسووڕێنەوە، لەو سەردانەدا گەیشتنە بەریتانیا و سوید و لیتوانیا، لەبەرئەوەی ئەوان کەم سەفەریان کردووە، بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە باسی ئەو سەفەرەیان کراوە، ئیمپراتۆر میشیکۆ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندبوو، پاش ئەوەی تەندروستیم باش بوو، توانیمان ئەو سەفەرە بکەم.

دیارە کەوا جاران باری دەروونی خراپ بووە، ئەوەش دووچاری خوێنپرژێنی ریخۆڵەکانی کردبوو.

لە هەمان کاتدا ماساکۆی بووکیشی دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتبوو. میشیکۆ کۆششی کردبوو ئەو کتێبەی لە ئوسترالیا بە زمانی ئینگلیزی دەرچووبوو، کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسی (بن هیلز) نووسرابوو قەدەغە بکات لە ژاپۆن بڵاو بکرێتەوە، کە باسی نەخۆشی خۆی و بووکەکەی کردبوو.

ئەو دوو پرێنسیسە ئازاری زۆریان کێشابوو، بۆ خۆگونجاندن لە ژیانی ناو کۆشک، ئەگەرچی سەرپەرشتکارانی کۆشکەکە کۆششیان کردووە، تا چەند گۆڕانێک بکەن بۆ ئەوەی سیستەمە باوەکانی کۆنی ئەو کۆشکە بگۆڕن، بە مەرجێک سیمای هاوچەرخی پێوە بێت، بەڵام هێشتا زۆری ماوە، سیستەمە باوەکانی وەک شێوەی لەبەرکردن و پەیڤین و دیداری خەڵک و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە هێشتا وەک خۆی ماوە.

چیرۆکی ژنە ئیمپراتۆرەکە و پرێنسیس جێگەی سەرنجە، چونکە هەردووکیان لە



ناو ئەو کۆشکەدا ڕۆژانە کێشەی زۆریان هاتووتە پێش، ئەو دوو ژنە لەو چەند خاڵەی خوارەوە بەیەک دەچن:

یەکەم: چەند ساڵە ئەو دوو ژنە هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و دارمانی دەروونی دەکەن.

دووەم: ئەو دوو ژنە هاتوونەتە ناو ئەو بنەماڵەیە، بەبێ ئەوەی بە خوێن و بە پشت ئاوێتەیان بەو بنەماڵەیە هەبووبێت، لە دەمارەکانیان خوێنی ئەو ڕەگەزە نارِوات.

سێیەم: پێش گواستنەوەکەیان بە هەردووکیان وتراوە، دەبێ کوڕتان ببێت، هەر هیچ نا، یەک کوڕ تا لە داهاتوو ببێتە جێنشینی ئیمپراتۆر.

ئەو دوو ژنەش لە چەند لایەنێکەوەش لەیەک دوورن وەک:

جیاوازیی تەمەنیان ٣٠ ساڵە، واتە یەک پشت، لەو ماوەیەدا گۆڕانی زۆر لە پرنسیپەکانی کەلتووری و ژیان لە وڵاتی ژاپۆن گۆڕاوە. دیارە ئەوەی یەکەمیان توانی کوڕێکی ببێت، بەڵام ماساکۆی بووکی کیژێکی بوو، لەوەش بەختی یار نەبووە. یەکەمیان توانی لە ناو کۆشکدا خۆی تا رادەیەک بگونجێنێت، بەڵام ماساکۆ لەبەرئەوەی ماوەیەکی باش لە ئەمەریکا ژیاوە، لە سەردەمێک ژیاوە، خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئاوێتە کراون، لەو ژیانە رانەهات.

میشیکۆ لە ساڵی ١٩٣٤ لە تۆکیۆ لە دایک بووە، باوکی سەرۆکی کۆمپانیایەکی ئارد بووە، لە زانکۆی سیکردهارت لە تۆکیۆ خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە. لە یارییەکی تنسدا لە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم دیداری لەگەڵ پرێنس ئاکیهیتۆ بووە، کە بڕیاری هاوسەرییان دابوو، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر هاتبوون، لە مێژووی دوورودرێژی ئەو بنەماڵەیە و کۆشکی تاجە گوڵینەی (کرسانثیامۆم) ی ژاپۆن، لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا رووی نەدابوو، پرێنسێک ژن لە ناو میللەت بهێنێت. کە (کۆنیتشۆ) ئەنجوومەنی ئیمپراتۆریەت پێک هاتوو، لە (سەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران و گەورە قازییەکانی دادگای باڵا و دوو لە ئەندامانی بنەماڵەی ئیمپراتۆر) ڕەزامەندی نیشان دابوو، ئەنجامی ئەڤینەکەیان بەسەرکەوتبوو. کۆجۆن ژنی ئیمپراتۆر هیروهیتۆو دایکی پرێنس ئاکیهیتۆ لە

بەرهەڵستکارانی دژواری ئەو هاوسەرگیرییەبووە. بێجگە لە کەسایەتی ناو بنەماڵەکە پیاوە ئاینییە توندڕەوەکان و پەرلەمانتارە پارێزگارەکانیش دژبوون.

لە ٢٧ /١١/ ١٩٥٨ پرێنسی ژاپۆنی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ژنی لە دەرەوەی بنەماڵەکەیان هێناوە، ئەوەش لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی پرێنس بوو، لە سنوور و بازنەی بنەماڵەکەی کە لە ئەنجامی شکانی ژاپۆن بوو لە شەری دووەمی جیهان و تەسلیمبوونیان بە ئەمەریکا هاتە پێشەوە، ژەنەرال دۆگلاس ماکارثری ئەمەریکی کرا بە حاکمی سەربازی ژاپۆن.

لەو ڕۆژانە هیروهیتۆ ئیمپراتۆری ژاپۆن (١٩٢٦ ـــ ١٩٨٩) بوو، لە بیرەوەرییەکانیدا ماکارثر نووسیبووی:

ڕۆژێکیان بیرم لەوە کردەوە چی لە ئیمپراتۆر بکەم، دەمزانی ئەو ڕاستەوخۆ شەڕی ئێمەی نەکردبوو، بەڵام ئەو بوو بڕیاری شەڕی ئێمەی دابوو، ئەوەشم دەزانی ژاپۆنییەکان وەک پەرستن خۆشیان دەوێت، چی بکەم؟ زیندانی بکەم؟ دادگایی بکەم؟ لە سێدارەی بدەم؟؟ لە کۆتایی بڕیارم دا واز لە ئیمپراتۆر بهێنم، خەریکی کوڕەکەی بم، کارمان بۆ ئەوە کرد، ئیمپراتۆری ئێستا بکەینە کەسێکی ئەمەریکی! ئەو کارە خرایە ئەستۆی (ئالیزابێث واینینگ) مامۆستاو کارمەند لە کتێبخانەی گشتی ولایەتی تیکساس، لە لایەن پنتاگۆنەوە ئەو مامۆستا ژنە دەستنیشان کرا سەفەری ژاپۆن بکات، ببێتە مامۆستای جێنشینی ژاپۆن، ئەویش بێگانەی ژمارە یەکە بچێتە ناو کۆشک. کە لە ساڵی ١٩٨٩ لەسەر تەختی ئیمپراتۆریەت دانرا، مامۆستاکەش ئامادە بوو، تاکە کەسی بێگانە بوو لەو بۆنەدا ئامادەبوو.

ئەو مامۆستا ئەمەریکییە، یەکەم ژنە بێگانە بووە چوار ساڵ لە ناو کۆشک ماوەتەوە، کە گەڕاوەتەوە ئەمەریکا کتێبێکی بە ناوی (پەنجەرەکانی پرێنس) بڵاو کردەوە. نووسەرەکە ناوی کتێبەکەی بە ڕەزامەندی ئیمپراتۆر دانابوو، کە پرسی ناولێنانەکەی لێ کردبوو، وتبووی:

من دەمەوێ کوڕەکەم فێری زمانی ئینگلیزی بکەیت، لە ڕووی کوڕەکەم چەندین پەنجەرەی جیهانی بکەیتەوە.

لەو رستەیەوە ناوی لە کتێبەکەی نابوو، پەنجەرەکانی پرێنس. مامۆستاکە



سەبارەت بەو کوڕە نووسیبووی:

کوڕەکە زۆر کوڕێکی ئاسایی بوو، لە گەڵ منداڵێکی ئەمەریکی هیچ جیاوازییەکم لێ بەدی نەدەکرد، وەک هەموو مناڵێک ئارەزووی یاری دەکرد، ئاسایی پێ دەکەنی، شەڕی دەکرد، بەدکاری کردووە، بەڵام ناوەکەی لە لام زەحمەت بوو، بۆیە بە ناوی (جیمی) بانگم کردووە، بەڵام ئەو ناوەکەی لا خۆش نەبوو، پاشان لە ناوەکەی ڕاهاتم، بە ناوی خۆی بانگم دەکرد، من فێرم کرد ئازادی بە پیرۆزی ببینێت، سەربەخۆیی ڕادەربڕینم فێر کرد، هانم دا داهێنەر بێت، فێرم کرد، ئەگەر هەڵەیەکی کرد بڵێت، داوای لێبووردن دەکەم، ئەگەر خۆت قسەت کرد بواری بەرامبەرەکەت بدە، ئەویش قسان بکات.

ڕەنگە بە کاریگەریی ئەو پەروەردە ئەمەریکییەوە بێت، کەوا بڕیاری داوە ژن لە دەرەوەی بنەماڵەکەیان بهێنێت، لە بۆنە ئاینییەکان و ڕەسمییەکان بەشداری بکات، چونکە ئەوانی پێش ئەو بەیەکجاری لە میللەت دابڕابوون. هەر بە کاریگەریی ئەو پەروەردەیەوە دانی بە هەڵەکانی ژاپۆن ناوە لە شەڕی دووەمی جیهانی. دانی بە هەڵەکانی لێدانی ژاپۆن ناوە لە (بیرل هاربر) و هێرش بۆ سەر وڵاتانی چین و کۆریا و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا. بە باندۆری ئەو پەروەردە ئەمەریکییەوە بووە، ئەو کراوەتە ئیمپراتۆر، نەکراوە بە خوداوەند، ئەو خوداوەند نییە و ناپەرسترێت.

لە ١٩٤٦/١/١ سەردەمی ئیمپراتۆرییەت لە ژاپۆن تەواو بوو، ئەوەش پاش ئەوەی (هیروهیتۆ) لەبەر فشاری ژەنەراڵی ئەمەریکی ماکارثر وتی من خوداوەند نیم!

پاش شووکردنەکە پرێنسیس میشیکۆ دوو کوڕی بوو، ئەوانیش، پرێنس ناروهیتۆو پرێنس ئاکیشینۆ و کیژێکی بەناوی پرێنسیس سایاکۆ بوو. بەپێی نەریتی باوی ناو کۆشک هەر مناڵێک تەمەنی بگاتە دوو ساڵ، لە دایک و باوکی دوور دەخرێتەوە، بەشی پەروەردە لە ناو کۆشک بەو ئەرکە هەڵدەستێت، ئەو کچ و کوڕانە لەبەر ڕۆشنایی و بەرژەوەندیی ئیپمراتۆریەت گەورە دەکرێن و هەڵسوکەوتی دڕییان لەگەڵ دەکەن، بەڵام پرێنس میشیکۆ منداڵەکانی خۆی بەخۆی پەروەردە کردووە، بەیانیان خۆی پارووی قوتابخانەی بۆ ئامادە دەکردن، یارمەتی ئەرکەکانی ڕۆژانەی دەدان، سەرپەرشتیی گەمەکانی دەکردن، چاوی لە ئارەزووەکانیان بوو. ئەوەش کێشەی

زۆری لە لایەن بیرۆکراتەکانی ناو کۆشکی بۆ دەهاتە پێش، ئەوان لە شتی ورد و درشتەکانی ڕۆژانەی ژیانیان دەهاتنە وەڵام. جارێکیان جامی ئۆتۆمبێلەکەی بەڕووی کامیرای ڕۆژنامەنووسان کردبووەوە، تا باشتر و زۆرتر وێنەی منداڵەکانی بگرن، ئەوان بەو کردەوەیە هەراسان بووبوون و گلەییان لێ کردبوو. ئەو ڕووداوە کێشەیەکی گەورەی نایەوە، لەو ڕۆژەوە شوێنەواری نەخۆشی دەروونی سەری هەڵداوە. ئەو کێشەی پرێنسیس درێژەی کێشا تا لەساڵی ١٩٨٩بوو بە ئیمپراتۆر. هەر لەو ساڵەدا زۆر لە کارمەندانی کۆشک تووڕە بووبوون، ئاگاداریان کردبۆوە ئاگای لەخۆ بێت، بە هەڵسوکەوتەکانیدا بچێتەوە.

دیارە لە هەڵسوکەوتدا جیاوازیی زۆر بەدی دەکرێت، لە نێوان پرێنسیس میشیکۆ و ئیمپراتۆر میشیکۆ، دەیەوێت زۆرتر خۆی بەتوندی و تووڕەیی نیشان بدات، سێ ساڵ دەبێت، بینیبوویان لە ئاهەنگێکدا زۆر تووڕە بووبوو، تاقەتی قسەکردنیشی نەمابوو، تا لەسەر ئەرزا خۆی پێ ڕانەگیرابوو. پێنج ساڵیش دەبێت وتیان، جارێک لەگەڵ بووکەکەی بووبووە شەڕیان، چوار ساڵ لەوەوپێش لە پرسیاری ڕۆژنامەنووسێک تووڕە بووبوو، گوایە پرسیاری نەشیاوی ئاراستە کردووە. پێش سێ ساڵ هەواڵێکی وا بڵاو بووەوە گوایە نیازیەتی کتێبێک لەسەر ژیان و ڕەوشی خۆی لە ناو کۆشکی ئیمپراتۆریەت بنووسێت. ساڵی پاریش زۆر لەوە تووڕە ببوو، کە زانی چەند پەرلەمانتارێکی پارێزگار دەیانەوێت دەست لە کاروباری ولایەتی تاجەکەیان وەربدەن، پێش دوو مانگیش دووچاری خوێنپرژێنی ریخەڵۆ هاتبوو.

ئیمپراتۆر میشیکۆ بەوە دڵی خۆشە، کەوا میللەتی ژاپۆنی ئەویان خۆش دەوێت، لەبەرئەوەی پاڵپشتی بۆچوونی لیبرالەکانی ناو وڵات دەکات. مامۆستای میدیا لە زانکۆی (موساتشی) ی ژاپۆنی میکۆ کۆداماش نووسیبووی:

نەخۆشی دەروونی کاریگەری دەبینێت لە سەرهەڵدانی نەخۆشی جەستەیی و بەپێچەوانەش.

ئەگەرچی ئەو قسەیە زانراوە، چونکە ئیمپراتۆر میشیکۆ ئەندامێکی ئەو میللەتەیە، خەڵکەکە ڕێزی زۆریان هەیە، ئەویش دەیەوێت لەگەڵ دابونەریتێک خۆی بگونجێنێت، کە مێژووەکەی بۆ چەند هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە. ئەو بە درێژیی باسی گرفت و



کێشەکانی خۆی بۆ ڕۆژنامەنووسان کردبوو، کەوا پەنجا ساڵێک دەبێت لەبەریان دەناڵێنێت. لە وڵامی نەخۆشە دەروونییەکانیدا، زیرەکانە هاتبووە وەڵام و وتبووی:

وەستان بۆ گۆڕین و بنیاتنانەوەی ژاپۆن، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەروونی مەزنە.

ئەو لە تەمەنی گەنجیدا لە ساڵەکانی یەکەمی ناو کۆشکی ئیمپراتۆریەتدا لە قسەکردنەکانیدا بە جورئەتتر بوو، دیارە ئێستا تەمەنی ٧٢ ساڵە، ئەو وتوویەتی:

من هەستم نەدەکرد، ژیانی ناو کۆشک ئەوەندە کۆت و لێپرسینەوەی تێدا بێت، نەمدەزانی پیاوانی ئاینی دەستەڵاتیان ئەوەندە زۆرە، من زۆر شتم لە دەست دا، وەک چوونە سینەماو دانیشتنی کافتریاو خواردنی ناو چێشتخانەکان، کە ئەو منالانەشم بوو کێشەو تەنگژەم زۆرتر بوون.

پاش سی ساڵ، پرێنس ناروهیتۆ ژنی هێنا، کوڕی ئیمپراتۆر ئاکیهیتۆو ئیمپراتۆر میشیکۆ، لە ناو میللەتا ماساکۆی هێنا. ئەگەر پێش شێست ساڵ باوکی ئەو پرێنسە، بە بەرنامەی مامۆستایەکی ئەمەریکی ئاکارو ڕەوشتی ئەمەریکایی وەرگرت، فێری زمانی ئینگلیزی کرا، وا کوڕەکەشی هەمان ڕێبازی گرتۆتە بەر، ئەو بۆ خوێندن چووەتە ئەمەریکا، وا کوڕەکەشی بۆ خوێندن چووەتە بەریتانیا، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەرچوو و گەڕایەوە ژاپۆن، بە زمانی ژاپۆنی کتێبێکی لەسەر ژیانی ئەوێندەری بە ناوی (ڕووباری تایمزو من، دوو ساڵەکەی ئۆکسفۆردم) نووسی، ئەو ژنەکەشی لەبەرئەوەی لە زانکۆی هارڤاردی خوێندبوو، لەوێش گەڕابوو، لەوێش ژیابوو، بۆیە ئەویش ئەمەریکا کاریگەری لەسەر دانابوو، لەوەش زۆرتر ژنەکەی لە چەندین وڵاتی تر گەڕابوو، لەبەرئەوەی باوکی لە زانکۆی هارڤارد مامۆستا بووە، لەوێ ژیابوو، کە کاری دیپلۆماسیشی لە وەزارەتی دەرەوەش وەرگرت زۆرتر لە جیهان سووڕایەوە. بۆیە پرێنس لە ئیمپراتۆر میشیکۆ زۆرتر دووچاری کێشە هاتەوە، کە لە میللەت دابڕا. چیرۆکی ئەو لەگەڵ میشیکۆ جیاوازە، ئەو لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایک بووە، باوکی مامۆستای زانکۆو کارمەندی دیپلۆماسی بووە، زۆر هاوشانی باوکی گەڕاوە، بەڵام لەو کاروانە درێژەدا زۆرتر لە ئەمەریکا ماوەتەوە. لەوێ زۆری خوێندووەو زۆریش فێربووە، لە کاری زۆری لە وەزارەتی دەرەوە سەربەخۆیی هەبووە، کە ڕووبەڕووی ژیان و دیدی ئەمەریکی هاتووە، هەستی بە

دژواری کێشە دەروونییەکان کردەوە. کێشەی ئەو پرێنسیسە لەوە ئاڵۆزتربوو، کە لە یەک منداڵی زۆرتر نابێت، ئەوەی یەکەمیشی کچ بووە. ئەو کیژەکەی بەپێی دەستوور نابێتە ئیمپراتۆر. زۆریش لە پەرلەمانتارە پارێزگارەکان و بیرۆکراتەکانی ناو کۆشکیش نەبوونی کوڕێک بۆ جێنشینی ئیمپراتۆریان خستبووە ئەستۆی ماساکۆ، چونکە بە نەبوونی کوڕێک تاجی ژاپۆن دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەوانە هەمووی هۆکار بوون ئەو دووچاری نەخۆشی دەروونی زۆر ببێتەوە. دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی کوڕە دەگمەنەکەی ئەو بنەماڵەیە، پەرلەمانی ژاپۆنی خەمی بوونی کوڕێکیان بۆ تاجی ژاپۆن لەبەربوو، بیریان لە هەموارکردنی دەستوور دەکردەوە، تا پاش مردنی پرێنس ناروهیتۆ کیژەکەی پرێنسیس ئایکۆ تاجی ژاپۆن وەرگرێت. ئەو دەستەیەی دانرابوون دەستوورەکە بگۆڕن، بوونە دوو بەش، تیمێکیان لەگەڵ ئەوەبوون ئەو کیژە ببێتە ئیمپراتۆر پاش مردنی باوکی، تیمی دووەمیش کە لە ئەندامە پارێزگارەکان پێکهاتبوون، داواکار بوون کوڕی دووەمی ئیمپراتۆر پرێنس کیشینۆ کوڕێکی بۆ شوێنی باوکی ببێت، ئەوەش پاش ئەوە هات کە برا گەورەکەی و ژنەکەی نەیانتوانی کوڕێک دروست بکەن.

ساڵی پار پەرلەمان خەریکی کاری هەموارکردنی دەستوور بوون، زانرا ژنی کوڕی دووەمی ئیمپراتۆر ئاوسە، بۆیە وازیان لەو بەرنامەیە هێنا، بەو هیوایەی ئەو کوڕێکی ببێت. کە زانرا ژنە ئاوسەکە مانگێک لە کاتی ئاسایی خۆی زووتر کوڕێکی بە کێشی گرانترو بە نەشتەرگەری قەیسەری بووە هەموو لایەک شادومان بوون. بەو هەواڵەو ئەو پێشهاتە نوێیە کێشەی ڕۆژانەی ماساکۆ لە رووی دەروونی و جەستەیی زۆرتر بوون، لە ڕۆژنامەکان ئیشارەت بەوە درابوو، گوایە ماساکۆ وا خەریکە غیرە دەیکوژێت. لەبەر رەوشی ئاڵۆزی تەندروستی پرێنسیس ڕۆژنامەکە پێشنیازی کردبوو، بۆ ئەو باشترە بگەڕێتەوە سەر کارە دیپلۆماسییەکانی خۆی لە ناو کۆشک، نوێنەرایەتی وڵاتەکەی بکات لە بۆنە رەسمییەکان و بۆنە دەوڵییەکان، (دیارە ئەو زووتر پێشوازی و دیداری سەرۆکی ئەمەریکی بیل کلنتۆن و سەرۆکی رووسی بۆریس یلتسن کردبوو، کە کاری دیپلۆماسی دەکرد، کە لە زانکۆی هارڤارد دەرچووبوو).



پرێنسیس ماساکۆ لەبەرئەوەی لە مێردەکەی و ژنی شووبراکەی زۆرتر ئەمەریکا کاریگەری لەسەر دانابوو، بۆیە ئەو لە ناو کۆشکدا لەوان زۆرتر هەستی بە نائارامی دەکرد. ساڵی پار لە لایەن ڕۆژنامەنووسی ئوسترالی بن هیلرەوە کتێبێک بەناوی (پرێنسیس ماساکۆ) وە دەرچووبوو، لەو کتێبەدا، باس لەوە کراوە کەوا ژیانی ماساکۆ لە ئەمەریکا ئەوی گۆڕیوە، کە لە قۆناخی دواناوەندی لە شەقامەکانی بلمۆنت (شارێکی بچووکە لە ولایەتی ماساشوستس) دەسوورایەوە لەوێ چووەتە ئاهەنگەکان، یاری و زۆرانبازەکانی بینیوە، بە شۆرتی مایۆ لەسەر کەناری رووباری شارلز (نزیک زانکۆی هارڤارد) دانیشتووە. ئەو ئازادییە ئەمەریکییەی ئەو فێری بووە، لە ناو کۆشکی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆندا بوونی نییە.

لە کتێبەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، ئەو زووتر پێش ئەوەی بگوازرێتەوە کێشەی هەبووە. زووتر ئیمپراتۆر ئاکیهیتۆ بەو کیژەی دەرەوەی کۆشک رازی نەبووە بۆ کوڕەکەی. بیرۆکراتەکان ناو کۆشک زوو وتیان ئەو کیژە زیاد لە پێویست کراوەیە. پیاوانی ئاینی وتیان، ئەو کیژە کە لە ئەمەریکا ژیاوە دینداری نەکردووە، لە ڕۆژنامەکان وێنەی ئەویان بە فستانی کورت و بە مایۆی مەلەوانی سەردەمی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد بڵاوکردەوە، ئەندامانی پارێزگاری ناو پەرلەمان پاش چوار ساڵ لە شووکردنەکەی لەگەڵی کۆبوونەوەو لەسەر مەسەلەی منداڵبوونەکەی قسەیان لەگەڵ کردبوو، کە منداڵیشی بوو، کیژێکی بوو، سکی تری نەکردەوە. ئەوانە وتیان لەبەرئەوەی لە وڵات دەرچووەو لە دەرەوە ژیاوە، بۆیە منداڵی نابێت، پێیان وتبوو ئەگەر دەتەوێت منداڵت ببێت، نابێ سەفەری دەرەوە بکەیت، دەبێ لە ناو وڵاتا بگیرسێتەوە. هەروەها لە ناو کتێبەکەشدا نووسراوە، کەوا پیاوانی ئاینی و فاڵگرەوەکان وتوویانە، لەبەرئەوەی ئەو زۆرتر بە ماڵە باوانیەوە بەندە و بیری زۆر لای ئەوانە، کەمتر ئاوێتەی بنەماڵەکەی کۆشک دەبێت، بۆیە ئاوس نابێت، بۆیە لە کۆشکەوە فەرمان دەرچوو، ماڵی باوکی سەردانەکانی ئەو کەم بکەنەوە، تەلەفۆنەکانیش کەم بکەنەوە. دیارە ئەندامانی ناو کۆشک بۆ بەدواچوونی ئەو فەرمانە گوێیان لە تەلەفۆنەکانی ڕادەگرت. کە کیژە تاقانەکەی بوو، گەورە بەرپرسانی کۆشک، توشیو یواسا، لە بەیانێکی ڕۆژنامەگەرییدا وتبووی:

بۆ ئەوەی جێنشینێک لە ژاپۆن لە دایک ببێت، کۆشش بەردەوام دەکەین.

ئەو بەیانەش دیارە کەوا سووکایەتی بوو بۆ بۆ پرێنسیس ماساکۆ، پرێنس ناروهیتۆش لەو بەیانەدا هەستی بە پەلاری بەیانەکە کردبوو، بۆیە گلەیی لە پیاوەکە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش گلەیی لە باوکی و لە دایکیشی هەبوو، بۆیە وتبووی:

ئەوانە وەزیفەی ژنەکەمیان دارماندو کەسایەتییەکەشیان شێواند. بەڵام بە تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر گلەییەکەی پەشیمان بۆوەو وتبووی:

ئەوەی من وتبووم، ویستم ئەوە ئاشکرا بکەم ژنەکەم چی بەسەرهاتووە، مەبەستم ناوهێنانی کەس نەبووە، ئەوەی من هەستی پێدەکەم لە ناو خێزانەکەمان ناکۆکی هەیە. نووسەران دوو بۆچوونیان هەبوو، رەنگە ناروهیتۆ ماساکۆ تەڵاق بدات، ئەگەرچی ٢٦٠٠ ساڵە لە ناو بنەماڵەکەو لە ناو کۆشکدا تەڵاقدان رووی نەداوە. دووەمیشیان پرێنس واز لە تاج دەهێنێت، بۆ برا گچکەکەی پرێنس کیشینۆ، ئەوەشیان ٢٩٩ ساڵە رووی نەداوە. ئەوانە روو بدەن و روونەدەن، رەوشی ئیمپراتۆر میشیکۆو پرێنسیس ماساکۆ هیچ گۆڕانی بەسەردا ناهێت، ئەو دوو ژنە بوونەتە قوربانی ئەو دابونەریتە باوانەی کۆنی ئەو بنەماڵە داخراوەیە، ئەو کەلتوورەی لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئەوبەر و ئەوبەریەتی.



## ناروهیتۆ کتێبەکەی لەسەر ماساکۆی ژنی نەخوێندیتەوە


لە ڕۆژنامەی المستقبلی ٢٤– ٢ – ٢٠٠٧ وەرگیراوە.

دەرچوونی کتێبێک لەسەر پرێنسیس ماساکۆی ژنی جێنشینی ئیمپراتۆرری ژاپۆن، حکوومەتی ژاپۆن و بنەماڵەکەیانی تووڕە کردووە، کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسی ئوسترالی بن هیلز بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە، Princess Masako - Prisoner of the Chrysanthemum Throne کتێبەکە لە خەمۆکی و ناڕەزایی ژیانی ماساکۆ لە ناو کۆشکدا دەدوێت، بەڵام ناروهیتۆ بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە کەوا کتێبەکەی نەبینوە، کە حکوومەتی ژاپۆنی ناڕەزایی هەبوو لەسەر دەرچوونی ئەو کتێبە، دەزگای (کودانشا لیمتد) بەرنامەی چاپەکەی بە زمانی ژاپۆنی راگرت، بۆیە نووسەرەکەی ئامادەیە داوایان لەسەر تۆمار بکات، بە بیانووی راگرتنی چاپەکە لەبەر سانسۆرو رەقابە. لە لایەکی ترەوە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنی داوای لە نووسەرەکە کردووە، بە هەنگاوی شیاو داوای لێبووردن بکات، ئەوەش سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە، بەڵام باس لە لەدایکبوونی پرێنسیس ئایکۆی کیژی ناروهیتۆو ماساکۆ وەک منداڵێکی ناو لوولە نەکراوە.

لە پاش دەرچوونی کتێبەکە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ناروهیتۆ، سەبارەت بە یادی ٤٧ ساڵی لەدایکبوونەکەی، بەو چەند وشەیە رای خۆی دەربڕیبوو:

من کتێبەکەم نەخوێندیتەوە، لە ئەندامانی کۆشکم زانیوە، کەوا کتێبێکی لەو جۆرە دەرچووە، وا دەزانم دەکرێ لە ناوەرۆکەکە حاڵی بین. دیارە کەوا حکوومەت بابەتەکە چارەسەر دەکات، بۆیە من هیچ شتێک ناڵێم.

# ديانا




ساڵەکانی دیانا

نووسینی: تینا براون

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئاغنیس بسمە

ئەگەر دیانا لە جیاتی فرمێسکەکانی، هەوەس و چەشە سێکسییەکانی بەکارهێنابووایە،

بە ئاسانی بەسەر کامیلادا سەردەکەوت.

پرێنیس تشارلز بە برادەرەکانی وتبوو:

شەوی یەکەممان لەگەڵ دیانا زۆر خۆش نەبوو.

لە یادی ٤٦ ساڵەی لەدایکبوون و یادی دە ساڵەی کۆچی دوایی دیانا لە ١ ی یولیوی رابردوو، ڕۆژنامەنووسی بەریتانی خاتوو تینا براون، کتێبێکی نوێی بەناوی (ساڵەکانی دیانا) بڵاوکردەوە. گرینگی کتێبەکە لەوەدایە، زۆر لایەنی شاراوەی ژیانی دیانای تۆمار کردووە، وردەکاری زۆری تێدایە، زۆر بە هێزەوە پرسیاری ئەوەی کردووە، ئایا بەڕاستی دیانا، ژنێکی پیرۆزو موقەدەس بووە، یان ژنێکی ناپەسندو خراپ بووە، کتێبەکە ئەو پرسیارانەی ورووژاندووە. لەو رووەوە بۆچوونی هەمەجۆری هەیە. بەڵام لە کۆتاییشدا ئەو ژن بووە.

وا لە چەند بەشی ئەو کتێبە بڵاو دەکەینەوە.

***



لە ماوەی ساڵانی خوێندنیدا لە زانکۆی کامبریدج، لە سەردەمی پەیوەندی کردنی بە سوپای دەریاوانیدا، پرێنس تشارلز پەیوەندی و دۆستایەتی زۆری بە چەندین ژنانی ئەکتەرو ژنانی نمایشکەری مۆدیل و مۆدەو جلوبەرگەوە هەبووە، بێجگە لەوانەش پەیوەندی سەرپێیی بە چەندی تریش لە ناسیارەکانی خێزانەکەیان هەبووە. تشارلز وەک کەسێکی عاشقی زانا ناسرابوو. یەکێک لە دۆستە ژنەکانی وتبوویان: ئەو پیاوێکی شەرمن بوو، حەزی لە پەیوەندی و دۆستایەتی لە شوێنی تاریک کردووە.!

یەکێک لە یاریدەرەکانی پرێنس وتبووی:

پەیوەندییەکانی ئەو وەک عادەتێک بوو، ئەو حەزی بە پرۆسەی هاوسەرگیری نەدەکرد، بە هەموو ماناکانی وشە، ئەو کابرایەک بوو ئارەزووی ژنهێنانی نەبوو، حەزی دەکرد هەر کوڕ بێت، شەیدای راو و شکارو تیروکەوان بوو، ئارەزووی زۆری لە نووسینی نامەی درێژ بوو، تامی لە کڕین و ناردنی دیاری دەکرد، زۆریش گوڵی بە دیاری دەنارد.

ئەو کەسێکی تەنهاو بێ ناز بووە، ئەلیزابێثی دووەمی دایکی کەم ئاگای لەو بووە، زۆرتر خەریکی کاروباری نیشتیمانی بوو، سەرقاڵی پەیوەندییەکانی رەسمی حکوومەت بوو، ئەو وەک دایکێک بە کارەکانی خۆی هەڵنەستاوە. هەفتانە لە میدیاکان ناوی ژنێک دەنووسرا، کەوا ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە شاژنی داهاتووی ئینگلتەرا.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧١ پرێنس تشارلز. بۆ یەکەم جار (کامیلا) ی ناسیوە، لەو ڕۆژەوە قەناعەتی لا دروست بووە، کەوا ناتوانێت، دەستبەرداری ئەو ژنە بێت، جوانییەکەی ناسک و سەرنجڕاکێش و رووحێکی خۆشی لە کامیلا بینیوە. ئەو کیژە گەورەی پاڵەوانی شەڕ مایجور برۆس شاندم و روزالیند کوبیتی ناسک و نازدار بوو.

**ئایا پرێنس تشارلز دیانای خۆشدەویست..؟**

ئەو پیاوانەی نیازیان ناسین و پەیوەندیکردنە بە ژنانی نازدارو شۆخ، یان شەیداو وێڵی ژنانی زۆر جوانن، ناتوانن بەئاسانی بیر لە دۆزینەوەی یەکێکی وەک (دیانا

سبینسر) بکەنەوە. ئەو ژنە هەرزەکارە زۆر رۆمانسییەی بووە ژنی پرێنس، لە دواڕۆژا دەبێتە شاژنی ئینگلتەرا. جارێک تشارلز بە ژنێکی دۆستی خۆی وتبوو:

بەڕاستی لە جوانییدا بێ نموونەیە، بووکە شووشەیەکی تایبەتە، بەڵام مناڵە.!

## چ جۆرە سۆزێک..؟

ستیف کرۆفت پێشکەشکەری بەرنامەی 60 minuters لە کەناڵی CBS وتبووی، کە بەرنامەیەکی تایبەتیم لەسەر داواکردنی دیانا لە لایەن پرێنسەوە ساز کردبوو، لەو بەرنامەیەدا دەرکم کرد، کەوا ژنانی ئەمەریکی زۆر لە قسەو بۆچوونەکانی تشارلز تووڕە ببوون، کە سەبارەت بە دیانا لە ڕۆژی خوازبێنییەکەی وتبووی.

لە دیداری دوو قۆڵیدا لەگەڵ تشارلز لە هەمان کەناڵدا لە ڕۆژی ٢٤ ی فبرایری ساڵی ١٩٨١ وتبووی: من دڵشادو سەرسامم کە دیانا ئامادەیە کۆنترۆڵی بیرم بکات. کە پرسیاریش لە دیانا کراوە، تۆ تشارلزت خۆش دەوێت، ئەویش لە وەڵامدا بە پێکەنینێکی مناڵانە، وتبووی:

بێگومان.

توانجی تشارلزیش ئەوە بووە، کە وتبووی:

ئەو خۆشەویستییە مانای هەر چی بێت.!

ئەو لێدوانەی پرێنس کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی دەبوو، بەڵام میدیاکان ئەو بەشەی دیدارەکەیان بڵاو نەکردەوە، پاشان دیانا وتبووی:

من لەو لێدوانەی تشارلز زۆر دڵگران ببووم، بەڵام جورئەتی ئەوەی نەکردبوو بپرسم، ئایا کە ناوی دەستگیرانەکەی هێناوە، مەبەستی منە، یان مەبەستی کەسانی ترە...!!

پاش تێپەڕبوونی دە ساڵێک بەسەر ڕووداوەکە، کە جوناثان دیمبلبی ژیاننامەی پرێنس تشارلزی نووسیبۆوە، نووسیبووی:

پرێنس لە لای من وتوویەتی، ئەو هەرگیز پرێنسیس دیانای خۆشنەویستووە، بەڵام کە دایک و باوکی زۆریان لێ کردم بە ناچاری داوام کرد. ئەو لێدوانەی ئەو، کە پاشان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە جیهانییەکان، لە ژێر ناونیشانی (من هەرگیز



دیانام خۆشنەویستووە)، بڵاو بوونەوە. کە هەواڵەکە بڵاو کرایەوە، پرێنسیس دیانا زۆر تووڕە بوو، بۆیە ڕۆژنامەکانی ناچار کرد، وێنەکانی ڕۆژانەی جاری دووەمی مانگی هەنگوینی خۆیانی لەگەڵ پرێنس تشارلز لە ساڵی ١٩٨٢ لە کەناری باهاماس بڵاو کردەوە، وێنەکانیان بە ناونیشانی (پاشای درۆزن) بڵاو کردەوە. پاش ئەو لێدوانەی تشارلز هاوسەریەتی نێوان ئەو جووتە کۆتایی هات، کەوتنە شەڕی جیابوونەوەو تەڵاق.

کە لە ساڵی ٢٠٠٥ تشارلز کامیلای هێنا، زۆر چیرۆکی رۆمانسی جوانی نوێ لەسەر بوونی پەیوەندی نێوان کامیلاو تشارلز بڵاو بوونەوە.

پسپۆری گەیاندن لە لای پرێنس تشارلز مارک بۆلاند، زۆر جار لە لای کامیلا وتبووی:

پرێنس بەڕاستی و زۆر دیانای خۆشدەویست، کە لە بۆنە تایبەتییەکانی مناڵان تشارلز ئامادە بوو، لەوێ بە شێوەیەکی ناسک و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵیان کردووە. لەوێش وتوویەتی:

ئەو رەوشتە ناسکەو ئەو جۆرە مامەڵانە لەگەڵ دیانا فێربووم، ئەو فێری کردووم، ئەو لەو کارانەدا شارەزاو لێزان بوو، بۆ مناڵان نازدارانە دەنووشتایەوە، گوێی لە قسەکانیان رادەگرت.

سێ ڕۆژ پاش جەنازەکەی پرێنسیس دیانا، یەکێک لە هاوڕێیەکانی دیانا، هەستی بە ژان کردبوو، کە تشارلز بە خەمگینییەکی راستگۆیانە پێی وتبوو:

هەرچی لە نێوانماندا گوترابێت، دەزانی ئێمە کە بووینە هاوسەر، زۆر یەکترمان خۆشویست.

بۆ پەیوەندییەکە وای لێهات...؟

هۆکاری گۆڕانەکان چی بوون...؟

یەکێک لە یاریدەرەکانی تشارلز وتبووی:

دیانا نەیدەتوانی بڕوا بکات، ئەرکەکانی سەر شانی زۆرن، بۆی نەدەکرا، بڕوا بکات. ئەو ئەرکانە ژیانی داگیر دەکات، هەموو کەسێک کە ناسکیش بێت، ئەرکی

لەسەر شانەو دەبێ ڕایانپەڕێنێت، ئەوان خێزانێکی ڕاستگۆ بوون، نەدەکرا، ئەو سۆزەی دیانا بۆیانی دەڕوانی نەدەکرا وەری گرن. تشارلز زۆر بڕوای بەوە نەبوو، دیانا ببێتە هاوسەری ئەو، چونکە ئەو بە ئاسانی نەیدەتوانی ئەرکەکانی خانەوادەی پاشایەتی سەر شانی ڕاپەڕێنێت. ئەو نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو ژیانە تازەیەی ناو کۆشک بگونجێت.

لە گەشتێکی بۆ وڵاتی هیند، پرێنس تشارلز وتبووی:

من وەک پیاوانی تر ناتوانم دوو ساڵی تەواو، وەک کەسانی تر لەگەڵ یەک ژنا بژیم. بۆیە دەبێ زوو بڕیارێ بدەم، ئەوەش بڕیارێکی ئازایانەی دەوێت، ئەگەرنا ئێوە هەمووتان ڕەخنەم لێ دەگرن.!

ئەو ڕۆژانەی تشارلز لە هیند بوو، هیچ پەیوەندی بە دیانا نەکردبوو، بۆیە زۆر توورە ببوو، بۆیە بە ژنە پەروەردەکارەکەی ماری روبیرتسۆنی وتبوو، من ئەگەر ئەو پەیوەندییەم سەرنەکەوێت، دەمرم، من جارێکی تر ناتوانم لە بەر چاوان دەرکەوم.! روبیرتسۆن وتبووی، دیاناو تشارلز کە بوونە هاوسەر تەنها چەند جارێک دیداریان بووە، بەڵام خۆیان تەنها نەبوون، دیارە کەوا پرێنس تشارلز وازی لە رەوشتە کۆنەکەی نەهێناوە، دەڵێن کە لە وڵاتی هیند گەڕاوەتەوە، بە دزی دوو ڕۆژ لەگەڵ کامیلا بووە، دیانا دەیزانی پێگەی ئەو بەرزو بەرچاوە، بۆیە لە پەیوەندییەکانی گومانی هەبوو، دیارە کەوا شووکردنەکەی ئەویش تەنها ویستێکی تاکە کەسی بووەو چاوی لە مەرامی تایبەتی خۆی بووە. ئەو سەرچاوەی شانازی و شکۆ بووە بۆ خێزانەکەی، بەڵام وتبووی:

من دەترسم بەڵێنێک بدەم و نەتوانم جێبەجێی بکەم،

دیانا زۆر پەرۆشی ئەوە بووە، دایک و باوکی شانازییان بەوە بێت، کەوا کیژەکەیان بووکی بنەماڵەی پاشایەتییە، بۆیە نەیدەویست بە هەر هۆیەک بێت، ئەو پرۆسەیە بڕووخێت.

لە چی دەترسێت...؟

پرێنس لەو بڕیارە زۆر دەترسا، لە ینایری ساڵی ١٩٨١ لە نامەیەکدا بۆ برادەرێکی نووسیبووی:



من نازانم ئەوەی دەیکەم ڕاستە، یان نا.. لەو بڕیارە دەترسێم، من بۆ وڵاتەکەم و خێزانەکەم دەترسێم، دەترسێم بەڵێنێک بدەم، پاشان پەشیمان ببمەوە، ئەو پەشیمانییەش داد نادات، تا مردن لەگەڵم دەبێت. لە شەوی سەرە ساڵی ١٩٨٠ دا، هەموو ئامادەبووان سەرسام بوون بە ئامادەبوونی دیانا لەو ئاهەنگەی ساڵانە پرێنسیس مارگرێت، لە کۆشکی باکینگهام ساز دەکرێت، یەکێک لە ئامادەبووان ڕۆماننووسێکی ژن بوو، بە دیتنی دیانا ئەویش سەرسام ببوو، بۆیە لێی نزیک ببۆوەو پێی وتبوو:

بۆ تۆش وەک ئەندامانی خێزانی پاشایەتی لە ساندریگهام ئامادە نیت، ئەوان ساڵانە لە شەوی سەری ساڵدا لەوێ کۆدەبنەوە.

ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

ئەو هێشتا بە رەسمی نەهاتووتە خوازبێنیم.

لەو ئاهەنگەدا فستانێکی تەماوی ڕەنگ بەنەفسەجی لەبەربوو، لەو شوێنە بە ترسەوە، بە زلییەوە، بە نیگەرانی، بە دڵەڕاوکێوە لە ترسی ڕۆژنامەنووسان دانیشتبوو، چونکە ئەوان لە هەموو شوێنێک تەنگیان پێ هەڵدەچنی، دانیشتبوو، قسەی نەدەکرد، من کە بەو شێوەیە بینیم، دڵم بۆی سووتا، وەک کیژە ئینگلیزێکی سادە دانیشتبوو.

دیانا بۆ شاژن و پرێنس فیلیپ دۆقی ئەدنبرە، بووە جێگەی دڵەڕاوکێ و سەرئێشە، چونکە ڕۆژنامەنووسان زۆر دیانایان تەنگاو کردبوو، لە نامەیەکدا بۆ کوڕەکەی نووسیبوو:

زۆر بیر لەو پەیوەندییە بکەنەوە، لەو کارەدا ناوبانگت لەسەر تەرازووە، ئازا بە و خۆت ڕزگار بکەو مەسەلەکە ببڕێنەوە.

ئەو نامەیە بۆ تشارلز وەک نامەیەکی داواو گوشار بوون، تا زوو دیانا بهێنێت. نیکۆلاس سومیسی هاوڕێی پرێنس سەبارەت بەو ژنهێنانە وتبووی:

ئەو هاوسەرگیرییە هاوسەنگ نییەو هەرەس و ڕووخانەکەی مسۆگەرە.!

ئەو رای وابوو دیانا لە ئاستی ئەودا نییە، ئەو وەک مناڵێک دەجوولێتەوە، شکۆ و لیاقەکەی لە تشارلزو پێگەکەی ناوشێتەوە. بەڵام ماری روبرتسۆن رای وابوو ئەو

دووانە هاوسەنگی سێکسییان نەبوو، بۆیە تشارلز گومانی لە دیانا هەبوو، ئەو وتوویەتی:

دیانا هیچی نەدەزانی، ئەو ئاگاداری هیچ نەبوو چواردەوری گیرابوو، کەمیش بایەخی پێدراوە. کە دیانا لە سەعات ٥ ی ئێوارەی ڕۆژی ٦ ی ١٩٨١ گەیشتە قەڵاتی ویندسور، پرێنس چاوەڕوانی بوو،

پی وتبوو:

من زۆر پەرۆشی تۆ بووم، ئایا دەزانی ڕۆژێ دێ تۆ دەبیتە شاژن..!

کە قسەکەی بە گاڵتە وەرگرتبێت، سەرسوڕمانی ناوێت. دیانا وتبووی، لە ناخەوە چرپەیەک هاتە بەرگوێم، پێی وتم، تۆ نابیتە شاژن، ڕۆڵێکی ئاستەمت دێتە پێش.!

کە پرێنسەکە گەڕابۆوە ماڵێ، بە پرێنسی برای وتبوو:

ئەوەی من هەستم پێکرد، دیانا ڕازییە. ئەوەشی بە دڵشادییەوە بە براکەی وتبوو.!

دیانا بەگەرمی لە کۆشکی باکینگهام پێشوازی لێ کرا، لە ژوورێکی تایبەتی دانرا، چەپکە گوڵێکیان بۆی دانا، کە لە لایەن پرێنس تشارلزەوە پێشکەشی کرابوو، هەر لەو دیدارەدا نامەیەکی (کامیلا بارکر) یان لە دەستی نا، لە نامەکەدا نووسرابوو:

ئای کە هەواڵێکی خۆشە، بەیەکەوە کۆدەبینەوە، بۆ نانخواردن.!!!

لەو کاتەی پرێنسی ویلز سەفەری ئوستترالیاو نیوزیلاند دەکات، کە سێ هەفتە دەمینێتەوە، من دەمەوێت ئەنگوستیلەکەی داخوازییەکەت ببینم. لەگەڵ سڵاوی کامیلا.!





دیانای نازدارو خەمگین.

## مەرجەکانی سەرکەوتن:

پرێنس تشارلز بۆ بەڕێکردنی لە سەفەرەکەی، لە کامیلاوە تەلەفۆنێکی بۆ هاتبوو. دیانا لە ژوورەکە دوورکەوتەوە، تا لە تووڕەییدا، نەک لە دڵتەنگییەوە، تەنها بۆ خۆی تێر بگرێت.

سەبارەت بە دیدارەکەی بە کامیلا دیانا وتبووی:

بەڕاستی ژنێکی فێڵبازە، ئەو ویستی لەو دانیشتنەدا بۆ موڵکیەتی من و خۆی سنوورێک دابڕێژێت، من چیم بەردەکەوێت و ئەو چی بەردەکەوێت.!

ریتشارد بارکر. برای مێردی پێشووی کامیلا وتبووی:

کامیلا لەگەڵ دیانا لە رووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوام بوو، بەڵام کامیلا بە چاوی سووکەوە دیانای دەبینی.! دەکرا دیانا لەو شەڕانەدا بەسەر کامیلا سەرکەوێت، ئەگەر لە جیاتی فرمێسکەکانی فێڵی بەکارهێنابووایە، یان لە جیاتی غیرەی سێکسی لێزانی سێکسی پەیڕەو کردبووایە. بەڵام بەداخەوە دیانا مناڵ بوو، ئەوەندە زۆرزان نەبوو، ئەو شتانە درک پێ بکات.

مایکل کۆلبورن سکرتێری تایبەتی پرێنس، دەرسی تایبەتی بۆ فێربوون و راهاتنی بنەماکانی پرۆتۆکۆلەکانی تایبەت بە بنەماڵەی پاشایەتی بە دیانا دەدا. دیانا زۆر باش لەگەڵ رەوشە تازەکە ئاوێتە ببوو، بڕوای تەواوی بەو پەیوەندییە تازەیە وەرگرتبوو، لە ژوورەکەیدا چاوی بەو دیارییانە دەکەوت کە لە کۆشکەوە پێشکەشی دەکران، جارێکیان لە ژوورەکەیدا پاکێتێکی دیاری بینی، لە ناو پاکێتەکەدا بازنەیەکی زێڕی بەرچاو کەوت، بە دوو پیتی ک، ه، نەخشابوو، ئەو پیتەش پیتی یەکەمی کیژی هەینی بوون، پرێنس زووتر ئەو ناوەی لە کامیلا نابوو.

ئایا ئەو ناولێنانە، ناوی کیژی هەینی لەبەرئەوە بوو کە ڕۆژانی هەینی بەیەکەوە دەبوون..؟ یان مانای نهێنی تری لە پشتەوەبوو.

دیانا خەونی بە ناوی جووتەی پرێنس و پرێنسیس دەبینی، بەڵام لەناکاو ناوێکی تری لێ پەیدابوو، ئەویش ناوی کامیلا بوو. ئەگەرچی تشارلز نارازییش بوو، بەڵام دیانا بواری ئامادەبوونی کامیلای نەدا لە خوانی نانی بەیانی ڕۆژی پێش



بووکێنییەکەی ئامادەبێت. ستیڤن باری خزمەتکاری تایبەتی تشارلز وتبووی:

لە دوای شەوی ژنهێنانەکەیدا پرێنس، بۆ دوا دیداری کامیلا خۆی دزیبۆوە.

ژنە دۆق ویستمینستر رایگەیاندبوو، کەوا پرێنس لە مەراسیمەکەی ژن گواستنەوەکەیدا ماوەیەک دیار نەمابوو، بووکەکەی ناچارکردبوو، ئەو ماوەیە بەتەنها لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی بخافڵێنێت. دیانا لەگەڵ چەند کەسێک کەوتبووە دەمەتەقی زووتر ئەوانەی نەناسیبوو، ئەوەش هێمای ئەوەبوون پرێنس بایەخی بەو نەداوەو خۆشی نەویستووە. پاشان دیانا وتبووی:

من کامیلام لە ئاهەنگەکەدا بە شەپقەیەکی خاکییەوە بینیبوو.

دیارە نیگاکەی دیاناش لەو ساتانەدا، چاوی ترسی تێ نەبڕیبوو، بەڵکو بە چاوی سەرکەوتنەوە نیگای تێ کردبوو. لەو ساتانەشدا کامیلا لە ناخەوەدا دەکولا، لە پێش چاوەکانیدا دیارە کەوا ئەو پیاوەی ماوەیەکی زۆر خەون و کەسی پیرۆزی ئەو بووە، وا بە ئاسانی لە لایەن پرێنسیسێکی زۆر جوانی نازداری گەنجەوە رفێنراوە. لە راستیشدا وانەبوو، لەو ساتانەدا ئەو کەسی سەرکەوتوو نەبوو. پرێنس تشارلز لە لای برادەرێکی خۆی وتبووی:

شەوی یەکەمم لەگەڵ دیانا باش و تایبەتی نەبوو، باش بوو، بەڵام تا رادەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو.! دیانا بەردەوام دەرشایەوەو تەندروستی بە زۆری باش نەبوو، ئەوەش هۆکاری ئەوەبوو پەیوەندییە جنسییەکانی باش نەبێت، من زۆرتر بۆ ئەوە دەسووتام، تا من ببمە پاشای کامیلا بارکر.

## خانووەکەی تەژی بوو لە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ دۆستەکەی:

لە ڕۆژی دووەمی مانگی هەنگویندا، تشارلز پەیوەندی بە کامیلا کردبوو، لەو پەیوەندییەدا پێی وتبوو:

من بێ تۆ ناتوانم بژییم، پێویستم بە تۆ هەیە، تا زیندووم بکەیتەوە.

نامەیەکی سێ لاپەڕەیی بۆ نووسیبوو، لە نامەکەیدا باسی رەوشی ئاڵۆزی خۆی، پاش ژنهێنانەکەی بۆ کردبوو.

ستیڤن باری خزمەتکاری تایبەتی پرێنس وتبووی:

دەبووایە پرێنس بەردەوام پەیوەندی بە کامیلا هەبووایە تا بتوانێت، ئەرکەکانی بە جوانی و بە سەرکەوتوویی راپەڕێنێت، ئەگەرنا ئەو ڕۆژە مەزاجی ئاڵۆز دەبوو، نیگەرانی پێوە دیاربوو. ئەو گەشتە بۆ دیانا باش بوو، ئەگەر مێردەکەی ئەو شەوە، کە یەکەم شەوی هاوسەری بوو، نازو رووی پێ بەخشیبووایە، گەشتەکەی ژیانی میسالی دەبوو، بەڵام کە هەستی کردووە، مێردەکەی زۆر ساردەو بێزار دیارە، ئەوەش لەوە رەنگی داوەتەوە، کە زۆر غیرەی لە کامیلا کردووەو مێردەکەی سارد کردیتەوە. لە دانیشتنی نانخواردنی ئێوارەدا دیانا نەخشی پیتی (ک) ی لەسەر قۆچپەی قەمیسەکەی تشارلز بینیوە. کەی ئەوە مەعقولە پرێنس لەو ساتەو لەو کاتەدا قەمیسی لەو شێوەیە بۆ ئەو بۆنە ئامادە دەکات، لە مانگی هەنگوینی ئەوەی نیشان دەدات..؟

جیاوازی تەمەنی نێوان دیاناو پرێنس تشارلز زۆر بوو، بۆیەش ئەو دوو کەسە بە ئاسانی بۆیان نەکرا لەیەک بگەن.

دیانا خۆت تووشی چی کرد..؟

***

**دیانا ساڵی ١٩٨١:**

زۆر ئامۆژگاری دیانا کرا، تا شوو بە پرێنس نەکات. پرێنس تا روو نەداتە ژنەکەی، کە لە ماڵەوە بەیەکەوە دەبوون، خۆی خەریکی خوێندنەوە دەکرد، ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو ئەو ژنەو مێردە هەستیان بە تەنهایی دەکرد.

بوونی کامیلا پەیوەندی و ژیانی دیانای شێواند، تا ڕۆژێکیان لە ناو دەفتەرێکی تایبەتی پرێنس وێنەیەکی کامیلای لێ کەوتە خوارەوە، ئەویش وێنەکەی بینیبوو. پاش گواستنەوەیان بۆی روون بوویتەوە، کەوا کامیلاو پرێنس لە ماوەی بەدەستگیرانییەکەدا پەیوەندییان هەبووە، ئەوەش لە هەموو ژیانی رەنگی دابۆوە. ئەو کێشەیە بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە دواڕۆژو ژیانیدا.

یەکێک لە ژنە کارمەندەکانی پرێنس تشارلز، بەو شێوە باسی دیانای کردووە:

ئەو هەستی دەکرد، بەڕاستی ئەو دەبێتە شاژن، یان ژنێکی زۆر ناسراو لە جیهان.

ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ دیانا ئاشکرا دەبوو، کەوا ژیانی سیمای تەنهایی و ئارامی و



ساردییەکی مەترسیدار وەردەگرێت. بۆشی روون بۆوە، کەوا ئەو نابێتە تاکە خەونی پرێنس، ئەو وەک ژنێکی ناسک و خۆشەویست سەیری ناکات و چاوی لە کەسێکی ترە.

**سەرچاوەی بێزارییەکە:**

کامیلا سەرچاوەی یەکەمی بێزاری و شێواندنی ژیانی بوو، ئەوەندەی بیری لە پەیوەندی کامیلاو مێردەکەی دەکردەوە، تا دووچاری نارەحەتی زۆری کرد، بە ناچاری دکتۆری پسپۆر هاتنە سەردانی بۆ چارەسەری.

دیانا بە ناچاری ڤالیۆم و دەرمانی تری بۆ ئارامبوونەوە لە دکتۆرەکان بە زۆری وەرگرتووە. ئەو چارەسەری وەرنەگرتووە، لەوە ترساوە ئەو جۆرە دەرمانانە ئازادی دەبەستێت، زۆرتر کۆبەندی دەکات. دیانا وتوویەتی:

کە کوڕی دووەممان بوو، تشارلز بە بوونی پرێنس هاری دڵی توندبوو، ئەو حەزی دەکرد کیژیان ببێت، کە هنری (دوو ناویان پێ وتووە.. و:) بە قژی سوورەوە لەدایک بوو، ئەو لە نەخۆشخانە لە ژووری نەشتەرگەرییەکە بە گریاوی دەرچووە.

**نووسەری ژیاننامەی دیانا نووسیویەتی:**

لە پاش لەدایکبوونی هاری، کە دووبارە کامیلا لە ژیانی تشارلز پەیدابۆوە، رووخانی پرۆسەی هاوسەرییەکەیان سەری هەڵدا. لە ساڵی ١٩٨٣ پرێنس بە جەستەو بە رووحەوە گەڕایەوە سەر کامیلای دۆستی جارانی. دیاناش ئەوەی باش دەزانی.

(جیل براندرێت)، یەکێکە لە کەسە لایەنگیرەکانی پرێنس تشارلز، ئەوەی هۆکاری گەڕانەوەی پرێنس بوو، بۆ لای کامیلا، چونکە جارێکیان دیانای بینیبوو سەمای لەگەڵ فیلیپ دیونی کۆنە برادەری کردبوو، مەزندەی ئەوەشی کردووە، کەوا دیانا ویستوویەتی پەیوەندی لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییەتی هەبێت. بەڵام ئەو بیانووییەش بەس نەبوو، ئەو بگەڕێتەوە سەر کامیلا، دیارە کەوا سەمای ئەو لەگەڵ برادەرێک کردووە، ئەگەر دیانا لەگەڵ ئالیس سەمای کردووە، هەمان شەو ئەو لەگەڵ کامیلاش سەمای کردووە، بۆیە ئەو سەمایە نابێتە هۆکاری رووخانی پرۆسەکەیان.

## ئازارو فرمێسکەکانی:

پرێنس تشارلز لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا، لە هایجرۆف لەگەڵ کامیلای دۆستی دەمایەوە، دیاناش لەو ژووانانەی مێردەکەی ئاگادار بوو. ئەو دەیزانی کامیلا لە هایجرۆف وەک لە ناو ماڵەکەی خۆی بێت، ئاوا دەسووڕێتەوە. دڵنیاش بوو لەوەی پەیوەندی ئەو بە مێردەکەی زۆر دوورە لە برادەرایەتی. جوانییەکەی دیانا لەو مەسەلەیەدا وەک چەکێکی لاواز بەکارهاتووە. ڕۆژانەش رەوشە دەروونییەکانی دیانا بەرەو خراپی دەچوو. پاسەوانە تایبەتییەکەشی باری ماناکی، بەردەوام هاوڕێی دەبوو، هەروەها خەفەتی گەورەشی ئەوەبوو، هەردوو جگەرگۆشەکانی ویلیام و هاری زۆرتر ئارەزوویان بوو لەگەڵ پاسەوانەکە بمێنێنەوە، حەزیان لە لای دایک و باوکیان نەدەکرد. ئەوان چەندین نهێنی ژیان و ڕۆژانەی کامیلا ئازاری کوشندەیان دەدا.



دیاناو پاسەوانەکەی ماناکی



## بەڵام چۆن ئەو پاسەوانە بۆ ئەو پرێنسیسە نازدارە جوانە دانرا..؟

ئەو پیاوە، کەسێکی بەهێزو زانابوو ژنیشی هەبووە، بە زیرەکی ئەو لە زۆر گرفت دەربازی دەبوو.

کۆلین پیبات زووتر پاسەوانی تایبەتی دیانا بووە، ئەو وتوویەتی:

تا لە مەترسی دووریان بخەیتەوە، دەبێ دوور رابگیرێن، دەبێ ئەوەش باش بزانیت، بۆ بوون و بەردەوامی پەیوەندییەکان سنوورێک هەیە.! بۆ ئەو ژنە بەندەی ناو قەفەسێکی زێڕین، تاکە کەس هەبێت پەیوەندی رۆمانسی لەگەڵ بکات، پاسەوانە تایبەتییەکەیەتی، ئەو تاکە پیاوە بە هێزی دەست و بازووی، بواری بۆ خۆش دەکات و ڕێگەی دەرچوونی بۆ دەکاتەوە، چاوەکانی ئەوەندە تیژن لە دوورەوە شتەکانی بۆ دەبینێت.

لە ساڵی ١٩٨٥رەقیب (باری ماناکی) بۆ پاسەوانی بنەماڵەی ویلز دامەزراوە. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٣ ماناکی ئەرکی پاسەوانی تایبەتی لە لایەن سەرۆکی لێکۆڵینەوەران گراهام سمیث، ئەوەی بە نەخۆشی کانسەر لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد وەرگرتووە. کە ماناکی ئەو ئەرکەی وەرگرت، رەوشی پرێنسیس دیانا خراپ بوو، لاوازو بێدەستەڵات بوو، دەیویست لە ناو زیندانی مێردەکەی بۆ خۆی بژیت، بەڵام نەیدەویست لە پێناوی پێویستی بە خۆشەویستی بە هیچ شێوەیەک تەنازل بکات.

## ماناکی پیاوێکی شۆخ بوو، لە چاوەکانیدا سۆزو گەرمی و ناسکی سادە دەبینرا:

پەیوەندی بەو پیاوە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی لە پشوودانی هاوینەی بنەماڵەکەیان لە بالمۆرال کارەساتێکیان هاتە پێش. دیانا لە راوە ماسیدا بوو، کە ئارەزوویەکی زۆر پیرۆزی پرێنس بوو، لەگەڵ مێردەکەی لە باکوری خۆرئاوای کەنداوی سکۆتلاند بوو. دیانا چاوی لە قوڵاب و دەستی مێردەکەی بوو، لەو حاڵەتەدا لە ناکاو قوڵابی یەکێکیان لە برۆی چاوی دیانا گیربوو، ماناکی پاسەوانە تایبەتییەکەیان بۆ وەرگرتنی چارەسەری خێرای پێویست، ئەرکی گەیاندنەوەی دیانا بۆ ماڵەوە، خرایە ئەستۆ، ئەو بەتەنها هاوشانی رۆیشت، دیارە کەوا مێردەکەی خەمی لێ نەخوارد،

بەشداری ژانەکەی نەکرد.

چەند مانگێک پاش ڕووداوەکە، دیانا رایگەیاندبوو، ئەو لەمەودوا حەز دەکات بە ترێنی پاشایەتی سەفەر بکات، چیتر فرۆکە بۆ سەفەرەکانی بەکارنەهێنێت، دیارە ئەویش وەک مێردەکەی ویستوویەتی لە ناو ترێندا ژووانەکانی ڕێک بخات.

ماناکی پاسەوان لە سەفەرەکانی دیانا، بۆ وڵاتانی ئیتالیاو ئوسترالیاو ئەمەریکا هاوڕێی دەبوو. دیارە ئەو دەیتوانی لە هەموو بۆنە رەسمییەکان زووتر ئارامی و هێمنی رەهای بۆ دابین بکات. ماناکی بە سەرپەرشتیاری ماڵەکەیان، ویندی بیریی وتبوو:

دیانا بەردەوام، بە گریانەوە خۆی دەهاویشتە باوەشمەوەو هاواری دەکرد، من ناتوانم، من ئەوەم پێ تەواو ناکرێت. منیش کۆششم دەکرد ژیری بکەمەوە، چیترم لە دەست نەدەهات.. چیتر بکەم..؟

ئەو وای دەزانی تا لە کارەکەی بەردەوام بێت، کارێکی تری لە ناو کۆشک وەرگرتبووایە، بەڵام وای نەکردبوو. (کۆلین تریمینگ) بەرپرسی باڵای پاسەوانیەتی لە تشارلز، ئامۆژگاری ماناکی کردبوو، ئەوەندە زۆر ناسک و گوێڕایەڵ مەبە، بەڵام ئەو بە گوێ نەکردبوو..! لە ناو کارەکەرەکانی لە هایجرۆف دەنگۆی ئەوە هەبووە، گوایە، ماناکی زۆر بە دیانا سەرسامە! بەڵام ئەو شێلگیرانە نکۆڵی لەو سۆزە دەکرد.

بەڵام دیانا لە لای (بیتر ساتالان) نهێنییەکی درکاندبوو و وتبووی:

کە ئەوم لە لا دەبێت، هەست بە شادی دەکەم.

ئەو بۆ پاسەوانەکە، وەک کیژۆڵەیەکی بچووک وابوو، کە ئەو لەوێ بووایە ئارەزووی بوو گوێی لە قسەکانی بێت.!

ماناکی بووکە شووشەیەکی لە شێوەی کوندەبەبوو بە دیاری پێشکەش بە دیانا کردبوو، تا ئەویش وەک بووکە شووشەکانی تری لە لای خۆی ریزیان بکات. بە بۆچوونی ئەفسەری پۆلیس (جیمس هاویت)، ئەو دیارییە بوو، پەیوەندی ماناکی بە دیانای، لە پاسەوانییەوە گۆڕی بە پەیوەندی تر.



**گەمەکردن بە ئاگر:**

پێش ئەوەی دیانا بێتە دەرەوە، زووتر پرسی بە ماناکی کردووە.

(باری چۆن دیارم...؟)

ئەویش وڵامی داوەتەوە.

(وەک خۆشت دەزانی، زۆر جوانی ئەوەی بتبینێت، پێت سەرسام دەبێت،!).

بۆ ماناکی ئاسان نەبوو خۆی بەرامبەر سیحری جوانییەکەی دیانا راگرێت.

ئەگەرچی ئەو قسەیە زۆر بڵاو بۆوە، کەوا دیاناو ماناکی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام کۆلین ثیبات و سەرپەرشتیاری ماڵەکە (ویندی بیری)، بڕوایان نەدەکرد، ئەوەیان بە پڕۆپاگەندەی ناحەزەکانیان دەزانی، بەڵام دیانا لەو فیلمەی (بیتر ساتالان) لە ساڵی ١٩٩٠ دروستی کردبوو، لەوێ هەستی خۆی بەرامبەر پاسەوانەکەی دەربڕیبوو، بەڵام باسی بوونی پەیوەندی جەستەیی نەکردبوو.

دیانا خەونی بەوە دەبینی واز لە هەموو شتێک لەو دونیایە بهێنێت، بە تەنیا لەگەڵ ئەو بڕوات و بەیەکەوە بژین.

(دەبووایە من یاری بە ئاگر بکەم، واشم کرد).

ئەوە قسەی سەر زاری ئەو بوو، بەردەوام ئەو قسەیەی دەکرد، دیارە ئەو پەیوەندییەی ئەو، یەکەم پەیوەندی بووە، لە دەرەوەی سنووری هاوسەرگیرییەکەی.

زۆر لە برادەرەکانی ئەو، لەوانە دکتۆری هاوڕێی (جیمس کۆلسورست) و (جیمس هاویت) لە بیرەوەرییەکانیدا ئاشکرایان کردووە، کەوا دیانا خۆی پێی وتوون، من و ماناکی بەیەکەوە پەیوەندی دڵدارییمان هەبووە، بڕواش ناکەم کە هاویت ئەوەی نووسیوە، مەبەستی نەبووە لەو بارەوە درۆیەک بکات.

کە ئەو هەواڵانە بڵاو بوونەوە، ماناکی زۆر لەوە ترساوە جارێکیان بەیەکەوەیان بگرن، ئەو زۆر لە ژیانی خۆی دەترسا، لە خۆی و لە کارەکەی دەترسا، حەقی بوو بترسێت. لە شەوی بە زاوابوونی پرێنس (ئەندرۆ) لە ٢٣ ی یولیۆی ساڵی ١٩٨٦، لەو شەوەدا یەکێک پرێنسیس دیاناو ماناکی پاسەوانەکەیان بە شێوەیەکی زۆر ناگونجاوی شەرمەزار بینیبوو.

زوو زوو ئەندامـانی دەسـتـەی مـاڵی پاشـایـەتی دەگـۆڕان، ئەوەی دوور دەخـرایەوە، مـاوەیەک نـاوی دەهات، پـاشـان لە بیـر دەکـرا. بەڵام مـاناکی زۆر بە خـێـرایی دوورخـرایەوە. پاش ئەو ڕووداوە شـەرمـەزارییـە لە دەسـتـەی خـزمـەتی کـۆشک دوور خـرایەوە، گـواسـتـرایەوە تیـمی پاسـەوانانی دیپلۆمـاسی. نۆ مـانگ پاش دوورخـسـتنـەوەکـەی مـرد، بەڵام دیانا دڵنیـابوو، ئـەو بە مـردنی خـۆی نەمـردووە، ئەو کوژرابوو.

ماناکی لە ٢٢ ی مایۆی ساڵی ١٩٨٧ بـە کارەساتێکی مـاتۆرسیکل مـردبوو. دیاناو تشـارلز بـەیەکـەوە لە ڤـیـسـتـیـڤـاڵی سـینـەمـایی کـانی فـەرەنسی بوون، کـە پرێنس بە دیانای ڕاگـەیاندبوو، کەوا مـاناکی مـردووە. ئەگـەرچی دیانا لە ناو فـیـستـیـڤاڵەکە، لە پێش چاوی پرێنس دڵشـادو سـەرفـراز دیاربوو، بەڵام لە نـاخـیـیـدا خـەمـێکی قـووڵ دایگرتـبوو. ئـەوە بۆ ئەو پێـشـهـاتێکی مـێـژوویی بوو، تا ئەو وەک پرێـنسـیسـی ویلز شـارەزای پرۆتۆکۆڵە تاڵ و شیرینەکانی ئەو بنەماڵەیە بێت. شـاردنەوەی نهێنییەکان و درۆ دوو شت بوون دیانا لە تشـارلز فێربوو، چونکە زۆری لێ بینیبوو.

**دۆسـتـە نوێیـەکەی:**

من بەردەوام شـەوانە تۆم لە بیرە، زۆر سوپاسی خودا دەکەم کە تۆی بۆ من نارد.

ئەوە دێڕێکە لەو نامەیەی دیانا لە ئۆگسستی ساڵی ١٩٨٩ بۆی ناردبوو.

جـیــمس هاویت دیمانەی لـەگـەڵ دیانا لە ئـاهـەنگێک، لە پایزی سـاڵـی ١٩٨٦ بە بەرنامەیەکی داڕێژراو دەزانـی. ئەو کـاتانە دیانا تـەمـەنی ٢٦ سـاڵان بوو، هـاویت تەنیا دوو ڕۆژ لەو گەورەتر بوو، کاری ئەو پلەی نەقیبی هـەبوو لە پاسـەوانانی پاشایەتی، بە مردنی دیانا دووچاری نەخۆشی هاتووە، ئەو ماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ دیانا ماوەتەوە، کەس ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی لێ نەدەگرت. ئەو بە پێچەوانەی ماناکی بوو. هـاویت بە ڕەزامـەندی پـرێنس تشـارلز ببووە دۆسـتی پرێـنسـیس دیاناو بـەرەکـەتی مـێـردەکـەی وەرگرتبوو.

ئەو بە پێـچـەوانەی مـاناکی بوو، زانـی چون یـاری بە ئەسولەکـانی یارییـەکە بکات. ئەو لە خێزانێکی نەجیبزادەی چینە ناوەندییەکانی ئـەو وڵاتە لەدایک ببوو، ئەندامانی



بنەمـاڵەکـەی لە سـەربازییدا پلـەی شکۆدارییـان هـەبوو. لە قـوتابـخـانـەیەکی نـاوخـۆی پایەدار دەرچـووبوو، ئـەویش وەک پرێـنس تشـارلز کـەسـێکی بەڕێزو خـۆشـەویست و شـۆخ بوو. بە فێڵ دیـانا داوای لێ کردبوو سـوارئەسـپی فێر بکات و دەرسـی تایبـەتی بداتێ.

هـاویت کـتـێـبـێکی بە ناوی (ئەڤـین و شـەڕ) لە سـاڵی ١٩٩٩ بڵاو کـردبۆوە، لەوێ بـە ئاشکرا نووسـیـبووی، ئێـمـە هـەڵەیەکـمـان کـرد، کـە یەکـتـرمـان خـۆشـویست. ئـەو دوو کـەسـە هـەڵەی زۆرتریـان کـردبوو، سـەرەتا هـاویت نوایەکی ئـارام و هـێمن و پشـوودان بوو بۆ دیانا، ئەو هـەسـتی بە نەخۆشـی بولیمـیا دەکرد، کـەسێکی خـۆشـەویست نەبوو، ئەو ژنـە پێـویسـتی بە باوەشـێکی نـاسک و ئـارام هـەبـوو، ئەو سـۆزەی لـە لایەن مێردەکەی پێ نـەدرا، پرێنسیسـە بزێوەکەی ویلز پەیوەندییەکی گەرمی دەویست. بەڵام هـاویت وەک ماناکی بە ڕێکەوت ئەو ژنـەی خـۆش نـەویسـتووە، ئەو ئەڤینە بـەرنـامـەی بۆ داڕێژرابوو، مێردەکەی ڕێی بۆ خۆش کردبوو.



جیمس هایت، بە زانینی مێردەکەی ببووە دۆستی دیانا

**داوەکە لە ئەسپسوارییەکەوە بوو:**

لە بەرنامە سەربازییەکەی ئاهەنگی تایبەتی ژنگواستنەوەکەی پرێنس ئەندرۆ، دیانا ئەو ڕۆژە تەنوورەیەکی هاوینەی درێژی لەبەردابوو بە پێخواسی بوو، لەو ئاهەنگەدا، چاوی بەو ئەفسەرە کەوتبوو، لەو دیتنەدا، چاوەکانی سەرنجی راکێشابوو، زوو دیانا داوای لە ژنە هاوڕێیە تایبەتییەکەی (هازیل ویست) کردبوو، ئەو ئەفسەرە ئەسپسوارە داوەتی ئاهەنگێکی تایبەتی بکات. دیارە دەیەوێت لە سوارچاکی کارامەتری بکات، وانەی تایبەتی بداتێ، بەرامبەر ئەوەش سوومەند دەبێت.

ئەو دەرسە تایبەتییانە بەردەوام و رێکوپێک بوون، دیانا بەیانییان زوو لە لەندەنەوە دەگەیشتە ویندسور پارک، تا بەیەکەوە سواربازی بکەن، دیانا لەو دیدارانەدا دەستپێشخەری کردووە، زوو ئەفسەرەکەی ماچ کردووە و پێی وتووە:

من پێویستم بە تۆ هەیە، تۆ دەتوانیت هێزم پێ ببەخشیت، لە دووری تۆ ناحەوێمەوە، ناکرێ دوور بیت لێم، من دەمەوێت بەیەکەوە بین، وا هەست بە خۆشەویستیت دەکەم، بەڕاستی هەست بە ئەڤینت دەکەم!

کە پرێنس تشارلز لە دووری کۆشکی کانسینجتۆن و هایجرۆف دەمایەوە، دیانا بەرنامەی بۆ هایت دادەنا، وەک بەرنامەکانی پێش شووکردنەکەی بە پرێنس نەبوو، شتەکانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی دادەنا. کە داوەتی هایت دەکرا، دیانا کەسانی تریشی لە هەمان داوەتدا بانگ دەکرد، تا کەس هەست بەو پەیوەندییە نەکەن. لە دوورکەوتنەوەکانی پرێنس، هایت مێوانی بەردەوامی دیانا دەبوو، زۆر دەهات، زۆر هاموشۆی ناو خێزانەکەی دیانای کردووە، تا هەردوو مناڵەکەی ویلیام و هاری خۆشیان دەویست. دیانا جارێک پێی وتبوو، تشارلز بەو پەیوەندییەی ئێمە دەزانێت، بۆیە هاویت هەستی کردبوو ئەوەش بە رەزامەندی هەردووکیانە. وەک چۆن خاتوو بارکر بەشێک بوو لە ژیانی تشارلز، منیش بوومە بەشێک لە ژیانی دیانا. بەڵام هایت لە هایجرۆف زۆر دڵشاد نەبوو، چونکە هەموو لایەک چاودێرییان دەکرد. هەموو جوولەو چالاکییەکانی چاودێری دەکرا.



هاویت دیانای وەک کیژۆڵەیەکی گوندی تەماشا دەکرد، بۆیە دیانا بەو پەیوەندییە زۆر مرتاح بوو. بەیەکەوە پیاسەی دوورودرێژیان دەکرد، ترسیان شکابوو، باش فێری سوارچاکی دەکرد.

دیانا حەزی لە ژیانی لادێ دەکرد، ئەوەش بە پێچەوانەی مێردەکەی بوو، دیارە لە ڕۆژانە جنسییەکانی مرتاح بووە. هاویت وای دەزانی ئەو پەیوەندییانە ژیانی دیانا رزگار دەکات، ئەو ماوەی پێنج ساڵان هاوشان و هاوڕێی بوو، زۆر ئاگاداری بووە، بەو ژیانە تازەی دیانا زۆر بڕوای بە خۆی کردیتەوە. لە پرێنسیسێکی شەرمنەوە بووەتە ئەڤیندارێکی بەدەست.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ دا هاویت داوای لێبووردنی لە دیانا کردبوو، کەوا ناتوانێت بیبینێت. چونکە ئەو لە هامشایر دەبێت بۆ پێشبڕکێی یاری پۆلۆ، دیانا زوو وتبووی منیش لەوێ دەبم. بەڕاستی ڕۆیشت، لە تەنیشت ئەوانەوە لەسەر چیمەنەکە، لە نزیک دایکی و خوشکەکانی هایت پاڵ کەوتبوو.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، میدیاکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە بەڵگەیەک بۆ پەیوەندی دیانا بە هایت دەگەڕان. کە دیانا لە فەرەنسا بووە، نامەیەکی لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ هاویت نووسیبوو، تێدا نووسیبووی:

بە درێژاییی شەوەکان تۆم لە بیرە، سوپاس بۆ خودا تۆی بۆ ناردم، شەیدای ئەو ڕۆژەم هەتا هەتایێ بەیەکەوە بین.

ئەڤینی دیانا بۆ هایت فێری کرد شەڕی سارد لەگەڵ پیاوەکەی بباتەوە، کە لە بۆنە رەسمییەکان دەردەکەوت دەوری دوو کەسی سەرکەوتووی لەگەڵ بنوێنێت. کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئوستراليا بەیەکەوە لەسەر تەلەڤزیۆن دەردەکەوتن، هایت زۆری لا سەیربوو، دیانا چۆن دەتوانێت، وا دڵشاد لەگەڵ پیاوێک لەسەر تەلەڤزیۆن دەرکەوێت، کە زۆر رقی لێیەتی.

هاوسەرایەتی دیانا و تشارلز بەبوونی هایت و کەسانی ترەوە راوەستابوو. مانەوەی هایت هاوشانی دیانا، مانای بەردەوامی و خۆڕاگری بوو، ئەویش بەردەوام دیاری بۆ دەنارد، بۆیە (ئیما ستیوارت) ی کۆنە برادەرێکی هایت، مانەوەو بەردەوامی دیانای دوورخستیتەوە.

**بەختیارە بە جیابوونەوەکە:**

هایت لە هاوینی ١٩٨٩ بە دیانای وتبوو:

من بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچمە ئەڵمانیا.

کە دیانا هەواڵەکەی بیستبوو، ئەو ژنە بەنازە، پێی وتبوو:

ئەو سەفەرەت پێویست نییە، من کۆشش دەکەم پلەت بەرز بکەنەوە، پێویستییەکانت جێبەجێ دەکەم. مانەوەی هایت بۆ دیانا، تێرکەرە سێکسییەکانی بوو، لەبەر ویستە زۆرەکانی، ئەو بەناچاری وەک کەسێکی خۆپەرست ڕەفتاری دەکرد، بۆیە دیانا سەرەتا دووری خستەوە.

(بڕیارت دابوو هاوشانم بمێنیتەوە، بەڵام بەڵێنەکانت نەهێنایە دی).

هایت پێش ئەوەی سەفەرەکەی بۆ ئەڵمانیا بکات، هەستی دەکرد دیانا زۆر گۆڕاوە، بەختیار و دڵشاد دیارە.

(ئێمە بەیەکەوە کاروانێکی گرینگمان بەڕێ کردبوو). وشەی ئێمە لەو قسەیەی هەڵەیەکی گەورە بوو، سێ مانگ بوو یەکتریان نەدیبوو.

**پەیوەندییە سەرپێییەکانی:**

کە هایت بەرەو ئەڵمانیا سەفەری کرد. دیانا وەک ژنێکی تەنها لە ناو بازنەی ئەڤینی خۆیەوە مایەوە، لە سەرەتاکانی هەشتاکاندا، چەند پەیوەندی سەرپێیی پەیداکردبوو، یەکێک لەوانە (فیلیپ دۆن) بوو، ئەو پیاوە پلەی ئەفسەری لە سوپادا هەبوو، هەروەها ئەو پیاوانەشی ناسیوە، (دایڤیدوتر هاوس) و (روی سکۆت) و (جیمس جیلبی) بازرگانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

کان وارف وتوویەتی:

ئەوانە هەموویان شێوە و ڕوخسار و زەوقیان وەک یەک بوو، هەمووشیان لەگەڵ ژنەکانیان ناکۆک بوون.



**سەرچاوەی ئیلهام:**

سەرچاوەی ئیلهامەکەی دیانا، خولقاندنی کەشێکی سازگارو شاردنەوەی نهێنییەکانی بوو لە ژیانیدا. کە تەمەنی گەیشتە ٢٧ ساڵ وەک ئەستێرە ناودارەکانی هونەر راهاتبوو سەرنجی خەڵک بۆ خۆی ڕاکێشێت، ئەوەش هۆکاری مەزن بوو، گۆڕانی گەورە و دیار لە ژیانیدا ڕوو بدات. ڕۆژانە پرێنسیس کەسایەتی تری لێ دەردەچوو، ئارەزووی گەورەتری دەبوو، زۆرتر دەوری لە ژیانیدا دەنووان.

لەو ڕۆژانەدا بەڕێز تاتشر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، کۆششی بوو بێکاری لە ناو وڵاتا چارەسەر بکات، لە ناو پیشەسازی بەریتانیادا پێشبڕکێ و زۆرانە دروست بکات، لە ئاکامی ئەوەدا نێوانی دەوڵەمەندەکان و هەژارانی ئەو وڵاتە بەرینترو فراوانتر دەبوو، بۆیە لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ دا، چەندی دیاردەی توندوتیژی بەرپا بوو. کە ئەو سەردەمەش رابرد و نەما، ئاکاری شاری لەندەن گۆڕا، زۆرتر بەرچاوتر هاتە پێش چاوان، بەڵام لە سەردەمی تاتشر لە ناو کۆمەڵگەی بەریتانی چەندین ئاشووبە و گرفت هاتنە کایەوە. لەو دەمانەدا بۆ یارمەتیدانی حکوومەت، بۆ چارەسەری ئەو رەوشە تازانە، پرێنسیس دیانا بەرنامەی خێرخوازی دەست پێکرد، لەو بوارەدا ئەستێرەیی و ناوەکەی خۆی خستبووە گەڕ، هەموو لایەک بە هاتنەوەی ئەو، بۆ ناو ئەو پڕۆژەیە کامەران بوون، چەندین ئاهەنگی خەیریان سازکرد. دیانا کە تەمەنی گەیشتە ٢٩ ساڵی زۆرتر پێویستی بە خۆشەویستی هەبوو. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٥ جیمس هایت لە ئەڵمانیا بۆ بەشداری لە شەڕی کەنداو گواسترایەوە ناوچەکە.

**لەگەڵ سەربازێکدا:**

ئەو کاتەی هایتی کۆنە دۆستی دیانا وەک سەربازێک لە کەنداو بوو، پەیوەندییان بەیەکەوە نەمابوو، بەڵام دیانا تا سەربازێکی خۆشبوێت، تا پەیوەندی بە سەربازێکی وڵاتەکەیەوە هەبێت، نامەی زۆری بۆ هایت دەنارد، بەڵێنی پێی دابوو شووشی پێ بکات. بە قسەی (کان وارف)، هایت گفتەکەی بە راستی وەرگرتبوو، هەردوو لا بڕوایان وابوو، ئەوەی لە ژیانیاندا ماوە، با بەیەکەوە بەسەربەرن. (ئێما

ستیوردسۆن) ی کیژە هاوڕێی هایتی پێشووی بە ڕۆژنامەی (نیوز ئیف ژا ورلد) ڕاگەیاندبوو، کەوا دیانا دۆستە کوڕەکەمی فڕاندووە، لە دەستم چوو. لە نامەکانیدا بە هایتی وتبوو، بەیەکەوە دەچینە ئاهەنگی ئۆپرایەک، بەڵام دیانا هایتی بە دوورکەوتنەوەی تشارلز لە هایجرۆف دیدارێکی بۆ سازاندبوو.

## بای بای... تەواو بووین:

کە هایت گەڕایەوە ئەلمانیا، ویستی پەیوەندی بە دیانا نوێ بکاتەوە، بەڵام ئەو وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدەدایەوە. بە قسەی ڕاوێژکاری دارایی ئەو کاتەی دیانا (جۆزیف ساندرز)، دیانا قسەو رەفتارەکانی وەک یەک نەبوون، هەڵسوکەوتەکانی ئەو دەمانەی زۆر گۆڕابوو، بۆیە وتبووی:

دیانا کە پەیوەندییەکی کۆتایی پێدەهێنا، زۆر ماندوو دەبوو، ئەستەنگی زۆری دەهاتە پێش، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەگەڵ بەرامبەرەکەی دانوستانی نەدەکرد، تەنها بە بێدەنگی وەڵامی دەدایەوە.

لەو دەمانەدا هایت کۆششی دەکرد بەهۆی وارف لە مەسەلەکە بگات، لەگەڵ دیانا پێناویان بکات، دەیویست لە هۆکاری وەڵام نەدانەوەکەی تێ بگات، لە بەرامبەریشدا دیانا کۆششی بوو، بە هۆی برادەرەکانەوە نامەکانی لای جیمس هایت وەرگرێتەوە، بەڵام هایت رازی نەبوو نامەکانی دیانا، بۆی ڕەوانە بکاتەوە، بیانووشی ئەوەبوو، ئەو نامانە بۆ یادگاری خۆشەویستییەکی قووڵ دەپارێزێت.!

لەبەر رەوشی جیمس لە ئاکامی دووری دیاناو وەڵام نەدانەوەکانی، ئاگای لە کارو فەرمانەکانی سەر شانیشی نەمابوو، بۆیە لە ئەزموونەکانی پلەدارییدا دەرنەدەچوو، ئەوەش بەرەو هەرەسی پیشەیی دەبرد.

## کێ باوکی هاری یە..!

لە ساڵی ١٩٩٤ ڕۆژنامەنووس (ئانا باسترناک)، لە ڕۆژنامەی دایلی ئەکسپرێس، ئاماژەی بە بوونی گومان لە باوکی ڕاستەقینەی هاری منداڵەکەی دیانا و تشارلز کردووە، ئەوەی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٤ لەدایک ببوو. ئەو ئەگەری هەبوو، کەوا ئەو منالە لە ئەنجامی بوون و بەردەوامی پەیوەندی نێوان دیاناو هایت بوویێت، بەڵام



(کان وارف) هەواڵەکەی بە ناڕاست زانیبوو، چونکە ئەو ڕای وابووە، ئەو سەردەمە دیانا لەگەڵ مێردەکەی نێوانیان زۆر بە سۆز بووە. کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵی پێنجەمدا لە ژێر کاریگەری مگناتیس بووە، بۆ (تۆنی) ڕای زۆر نهێنی ئاشکرا کردووە، لەو بەرنامەیەدا وتبووی پەیوەندی ئێمە بەیەکەوە زۆر کۆن بووە، بەڵام من بۆ پاراستنی ئەو هیچم نەدرکاندووە، ئەو درۆی کردووە. بەڵام دیزاینەری جلوبەرگی کاتی ئاوسبوونی دیانا، (گاسپر کوران) وتبووی، ئەو دەمانە بڕوا ناکەم دیانا خیانەتی لە پرێنسی مێردی کردبێت، تاکە پەیوەندی ئەو تەنها مێردەکەی بووە و بەس. هایت وای لێهات ئەوەی شیکێک پارەی لە بەردەستی دانابووایە، زۆر سەربردەی بۆ دەڕست، ئەوەش لە نۆهەدەکان کاریگەری زۆری لە دیانا کردووە.

## جیابوونەوە:

بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە کاسێتانە باندۆری زۆر لەسەر دیانا نەبوو. (ئەندرۆ مۆرپون) لە کتێبەکەیدا، بە ژنە بریندارەکەش ناوی هێنابوو. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٢ (جۆن مێجەر) ی سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی بەریتانیا، جیابوونەوەی تشارلزی لەگەڵ پرێنسیس دیانا بە رەسمی ڕاگەیاند. دیانا نیازی تەڵاقی نەبووە، کە بڕیارەکەش دەرچوو لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، هەردوو لا سەرپەرشتی منالەکانیان بکەن، دیاناش لە ئاهەنگەکانی رەسمی ناو خێزانەکەیان و لە بۆنە نیشتیمانییەکان بەشدار بێت.



ژن و مێردیکی ناکۆک



**دووباره خۆشەویستییەکی تر:**

دیانا لەگەڵ (گرام ئولیڤرا هوار) ی بازرگانی گەنجینەی ئیسلامی، کەوتە داوی خۆشەویستییەوە، ئەو پیاوە تەمەنی ٤٦ ساڵان بوو، کە دیانای خۆشویست، ژنی هەبوو، ئەو پیاوە لەو پیاوانەی زووتر دیانا خۆشی ویستوون، زیرەکترو هوشیارتر بوو. دەرچووی قوتابخانەی ئایپۆن بوو لە زانکۆی سۆربوون. پەیوەندی ئەو پیاوە بە دیانا لەوە دروست بوو، کە بۆ ئاشتبوونەوەیان کەوتە نێوانیان، بەڵام دیارە کەوا کۆششەکەی سوودی نەبووە. لەبەرئەوەی ئەو پیاوە ژنی هەبووەو دوو کوڕەکەشی ئەستەنگ بوون لە گەشەی پەیوەندییەکەیان. ژنی ئولیڤر هوار لە بنەماڵەیەکی ئورستوقراتی فەرەنسی بوو، میراتگرێکی زۆری سامانی پترۆلی بوو. ئەو یەکەم پێشانگای نمایشی هونەری بۆ مێردەکەی کردبۆوە، کەواتە هوار ئامادە نەبوو، پێگەو پایەی لە ناو ماڵەکەی بکاتە قوربانی بۆ دیانا، ئەگەرچی ئەو گفت و بەڵێنی زۆریشی بە دیانا دابوو.

یەکێک لە برادەرەکانی وتبوویان:

ئولیڤر پیاوێکی زۆڵ بوو، بە شێوەیەکی تەماویی هەستی دەبزواند.! شوفێرەکەی ئولیڤر، (باری هودج) وتوویەتی:

دیانا ڕۆژانە بیست جار تەلەفۆنی بۆ ئولیڤر دەکرد، بۆیە کە لەگەڵ ژنەکەی دەهاتە ناو ئۆتۆمبێلەکەی، تەلەفۆنە دەستییەکەی دادەخست، مەسەلەکە لە شەڕێک دەچوو، ژنەکەشی (فدیان هوار) ئەوەندە دەبەنگیش نەبوو.! دیانا بەرنامەی وابوو شوو بەو پیاوە بکات، لە هەموو شتەکان دوور بکەوێتەوە، ئامادەبوو واز لە خێزانەکەی و منداڵەکانیشی بهێنێت، بەیەکەوە بەیەکجاری بچن لە وڵاتی ئیتالیا بژین. هەستی بۆ ماڵی کردنی پیاوان زۆر ترسناک بوو، پیاوی دەترساند، کەشەکەی دەکردە درامایەکی تەواو.

**پەیوەندییە بەردەوامەکانی لە ناو کۆشکدا:**

ماڵەکەی هوار ڕۆژانە سەدان تەلەفۆنی شەوانەیان بۆ دەهات. کە یەکێکیان سەماعەکەی تەلەفۆنەکەی بەرز دەکردەوە، هیچی نەدەبیست، وەڵام نەبوو.!

خاتوونەکەی ماڵەوە هوار، نیگەران دەبوو، یان وا خۆی نیشان دەدا، بۆیە دەیویست ئاگاداری پۆلیس بکاتەوە، کە پۆلیس ئاگادار کرایەوەو لێکۆڵینەوەی بۆ کرد، بۆیان دەرکەوت، ئەو تەلەفۆنانە لە تەلەفۆنە ئەرزییەکی کۆشکی پاشایەتییەوە دێت، بە تەلەفۆنەکەی خوشکی پرێنسیس (سارە ماکۆرکودیل) و بە تەلەفۆنە دەستییەکەی ئەوە کراون، هەندێک لەوانیش لە تەلەفۆنە گشتییەکانی ناو کنسینگتۆن و نوتینگەوە بوون. بۆیە بەنهێنی بەرپرسانی پاسەوانی ناو کۆشکیان لێ ئاگادار کردەوە، فەرمانیش درا یەکسەر پرێنسیس دەست لەو کارانە هەڵگرێت.

دیانا لە لای (جۆزیف ساندرز) ئاشکرای کردبوو، کەوا ئەو شەوانە بەنهێنی تەلەفۆنی بۆ هوار کردووە، بە چەندین دەمامکەوەو بیانوو و دەنگ گۆڕینەوە قسەی کردووە، ئەویش لە وەڵامدا پێی وتبوو:

تۆ وەک کیژە بەدڕەوشتەکان هەڵسوکەوتت کردووە، من بڕوا ناکەم لەسەر ئەو کارانەت سزا نەدرێیت، دواڕۆژی خراپی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام برادەرەکەی بۆ بەیانی تەلەفۆنی بۆ کردبۆوە، لەوەی ڕۆژی رابردوو بە توندی و بە ناشیرینی قسەی لەگەڵ کردووە. بەڵام دیانا بە پێکەنینەوە وەڵامی داوەتەوە:

نا... هەموو لە ناو کۆشکا بەردەوام سەرزەنشتیان کردووم.

دیارە کەوا ئەو وای زانیوە، کەوا ئەو لە سزاکەی دەربازی بوو، لەوەی کە کردوویەتی.

دووبارە دیانا لە ناو جیهانە پڕ لە درۆیەکانیدا کەوتەوە کار، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بووە، کەوا ژیانی هەموو سەختەو دوور بوون لە خۆشی.

لە کردەوە گیانبازییەکانیدا (کان وارف) دەترسا، بەڵام ئەو زۆر لای ئاسایی بوو، لە مانگی مارسی ١٩٩٣ دا، لە ڕۆژانی بەسەربردنی پشوویەکیدا، کە لە هوتێلی ئارلبرج بوو لە لاتشی، ئەگەرچی مناڵەکانیشی لەگەڵدا بوو، ئەو تا لە چاوی دوو پاسەوانەکەی دوور کەوێتەوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆی فڕێ داوەتە دەرەوە، تا بەیانییەکەی لە دەرەوە ماوەتەوە، ڕەنگە ئەو شەوە لەگەڵ هواری دۆستی بووبێت.

***





**دیمانەیەک لەگەڵ ئەو دۆستەی شەرمەزاری دەکرد:**

من لە سکپڕبوون دەترسێم.

خان لە هەموو دۆستەکانی پێشووتری باشتر رازی دەکرد.

ئەو ژنە ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر کردەوەی ناشایستەی دەکرد، وەک کەسێکی هارو هاج هەڵسوکەوتی دەکرد، بەو راهێنانە سپۆرتانەی لەسەر دەستی راهێنەرەکەی ئەنجامی دابوو، جەستەی زۆر شەنگتر دەردەکەوت، (کارلان براون) زۆر بایەخی بەجوانکردنی شان و پیلی دیانا دەدا، بەوەش بەژنی ئەو ژنە زۆرتر زراڤ و نازدارتر خۆی دەنواند، ئەویش زۆر شۆخی بەو دەرکەوتنە نوێیەی دەهات.

**راهێنەرە رۆکبییەکەی:**

دیانا بەو جەستە نازدارەی دڵشاد بوو، بۆیە لە یانەکەدا، کەوتە دەستبازی لەگەڵ راهێنەری رۆکبییەکەی (ویل کارلینگ)، بۆ ئەو مەبەستە راهێنانەکەی کردبووە ڕۆژانە، ئەگەرچی چاک دەیزانی راهێنەرەکەی لەگەڵ پێشکەشکەری بەرنامەکان (جولیا سمیپ) لە نزیکترین کاتدا، لە ماوەی سێ مانگدا دەبنە هاوسەر. ئەگەرچی کارلینگ لە تەموزی ١٩٩٤ ژنیشی هێنا، بەڵام ئەو کۆڵی نەدابوو، ڕۆژانە داوای دەکرد پرۆڤەی پێ بکات. بۆ ڕۆژانە پرۆڤەکانی، دیانا هەردوو کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد، بەهەمان شێوەش، لەکاتی دیداری بە هایت لە کینسنگتۆن ئەوانی دەبرد. تا چاوی کامیرای ڕۆژنامەکان نەیبینن، لە هوتێلێکی بچووک لە پشت شەقامی ساوان دیداریان دەبوو، لە ناو مەتبەخەکەوە بۆ ژوورەکەی کە کارلینگ چاوەڕوانی دەکرد، سەردەکەوت.!

**ڕۆژنامە رووزەردەکان:**

دیانا لە دەست ڕۆژنامە رووزەردەکان هاواری لێ هەڵدەستا، ئەو ببووە کەرەستەیەکی گرانبەهای ڕۆژنامەکان، وەک توورگ و گورگی هار لە دەرەوەی کلینکەکەی دکتۆرە دەروونییە ئەمەریکییەکە (سۆزی ئورباتش) چاوەڕێیان دەکرد. ئەو لە بەهاری ساڵی ١٩٩٣هوە بۆ چارەسەری لە نەخۆشی بولیمیا سەردانی

بەردەوامی ئەو دکتۆرەی دەکرد.

کە بە رووپۆشەوە سواری تاکسییەکان دەبوو، ناویان نابوو (پرێنسیسە بەد رەوشتەکە). تا جارێکیان وێنەگرێکی ئەسپانی بە تووڕەیییەوە هاواری کردە سەری، پێی وتبوو:

بۆ تۆش وەک ژنە ئەمیرەکان سەرت بەرز ناکەیتەوە، سەر هەڵبڕە.؟؟!!

ئەگەر هەڵسوکەوتەکانی بابارازی بیانوو نەبێت و قبوول نەکرێن، چۆن هەڵسوکەوتەکانی پرێنسیس دیانا بەڕاستی وەردەگیرێت، هەموو لایەک روونکردنەوەیان دەویست، ئەو داوای کەشێکی زۆر تایبەتی بۆ خۆی دەکرد، ژینی ناو زیندانی نەدەویست، ئەگەر وەک پرێنسیسێک رەفتاری کردبایە، ئەو وەک زیندانییەکی لێ دەهات، بۆیە بە هەموو هێزو وزەیەکەوە دەجوولایەوە، لە دیمانەو کەسانی ترەوە دەروازەی رزگاربوونی دۆزیوەتەوە.

## لەگەڵ بازرگانێکی ئەمەریکی:

بازرگانی ئەمەریکی (پیدی فۆرستمان)، ئەو کەسە ئامادەیە بوو، بەردەوام ئارامی بۆ دیانا ساز کردووە. ئەو تەمەنی ٥٧ ساڵان بوو، ژنی نەبوو، زۆر کەسێکی بڕوا پتەو بوو، کەسایەتی بەهێزی هەبوو، ناوی لە لیستی وەرزشوانانی گۆڤاری کواستی ساڵی ١٩٩٥ هاتبوو. سێ ساڵ بە بەردەوامی گوڵی بۆ دیانا دەنارد، ئەو دەیوت:

ئەو ژنە زۆر خەمبارە. ئەو زۆر ئارەزووی بوو، پیاوێکی راستەقینە لە ژیانیدا هەبێت، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی زۆر سۆزدارانە لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتی دەژیت، هەستی وابوو وەک کەسێکی نەفرەتلێکراو سەیر دەکرێت.

(ئیولیڤر هوار) زۆر بە رەقی و بە ناشایستە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. ئەو پیاوە دەوڵەمەندانە، ماستاوچییەکان، ئەو پرێنسیسە نازدارەیان دەستەمۆ کردبوو، ئەگەر بمەوێت، ئەو ژنە بە یەک رستە پێناسە بکەم، ئەوە بە دایکێکی نازدار پێناسەی دەکەم، بەڵام زوڵم لە کەسایەتی خۆی دەکات.!

فۆرستمان لەگەڵ دیانا یەکەم دانیشتنی گەرمی لە ئێوارە خوانێکدا لە رێستورانێک لە دەڤەری مارلۆی سەر رووباری تایمز بوو.



(چاوەڕوانی خواردنمان دەکرد، من لە دیانام پرسی، داوای چی دەکەیت..؟ ئەو لە وەڵامدا وتی:

تۆ خواردنێکم بۆ هەڵبژێرە.!

دەبووایە من ناوی خواردنەکە لە ناو لیستەکەی بەردەممان دەستنیشان بکەم، دەستم بۆ دەرهێنانی چاویلکەکەم درێژکرد، لەو دەمەدا. ئەو پرسی، دەکرێ داوای خواردنێ بکەین، منیش لە وەڵامدا وتم:

تۆ هەست بە برسیەتی دەکەیت. ئەو لە وەڵامدا وتی:

نەخێر من برسیم نییە، بەڵام، دەترسێم رێستورانەکەم ئاگر بگرێت.!!!

ئەو دەمانە جوانییەکەی زۆر شەیدای کردبووم، لەبەر نیگام لە نازدارییەکەی ئەو، ئاگام لە هۆش خۆم نەبوو، لیستەکەم بە ئاگری مۆمەکەی پێش خۆمان وەنابوو، زۆری نەمابوو، ئاگر لە ناوچەکە بەردەم).

## خاتوونە یەکەمەکە:

دیانا لەسەر پەیوەندی بە فۆرستمان چیرۆک و سەربردەی سەیری هەڵبەستابوو، بەڵام لە راستیدا سەربردەکان هەڵبەستراو نەبوون، فۆرستمان هەمووانی پشت راست دەکردەوە، ئەو دەیوت، دیانا بەڕاستی داوای هاوسەرگیری دەکرد، داوای دەکرد، شووم پێ بکات، بۆم سووتابوو، ئەو دەیوت، ئەگەر ببینە ژن و مێرد، تۆ بۆ سەرۆکایەتی خۆت کاندید بکە، من دڵنیام سەردەکەویت، تۆ دەبیتە سەرۆک، منیش دەبمە خاتوونی یەکەمی وڵات.!

دیانا بەڕاستی لە پیاوێک دەگەڕا ببێتە مێردی، پیاوێک بێت زۆر بڕوای بە خۆی هەبێت، پیاوێکی دەوڵەمەند بێت، دەستەڵاتی هەبێت، لە رۆژنامەنووسان بیپارێزێت، لە بنەماڵەی پاشایەتی بیپارێزێت، کەسێکی وەک فۆرستمانیش لە ژنێکی شۆخ و نازدار دەگەڕا، لە ژنێکی گوێڕایەڵ دەگەڕا، ژنێکی دەویست بەردەوام داوای شت نەکات، ئەو ژنە تاقەتی هەبێت، بەردەوام هاوسەفەری بێت، حەز بە سەفەر بکات.

(پاش سێ ساڵ هاوڕێیەتییەکەمان کۆتایی هات).

فۆرستمان وای دەزانی دیانا زۆر شەیداو دینی ئەوە، بۆیە ئەو هەستی زۆر

دەردەبڕی، ئەو سۆزەی لە هەمووڵایەک هەستی پێدەکرا. دەنگی دوور دەڕۆیشت، زۆر دەبیسترا.

ئەگەر یەکێک هەبووایە بیر و بۆچوونەکانی بنووسێتەوە، سەربردەی زۆری هەبوو، بەڵام ئەو تەنها بە چەند کەسێکی دەگمەن بڕواو متمانەی هەبوو، کە قسەیان بۆ بگێڕێتەوە.

**هەستکرد بە گومان و ستەم:**

ڕۆژبەڕۆژ دیانا بڕوای بە دڵسۆزی کەس نەدەما، وای دەزانی کەس خەمخۆری نییە، هەتا وای لێ هاتبوو، بڕوای بە (کان وارف) ی نزیکترین کەسیشی نەمابوو، ئەویش لەوە ڕاهاتبوو بەرگەی بگرێت، لە هەڵچوونەکانی شارەزا ببوو، باش لە ڕەفتارەکانی تێگەیشتبوو، تا وای لێ هاتبوو خۆی بە ڕوویدا دەیوت، بەرگەی گۆڕان و شێواوییەکانت بگرە، ئەی کوڕە گەنجەکە.!

تا جارێکیان لەو کوڕە توورەبوو، هاواری کردە سەری، لەناکاو ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر ڕێگەی لینسینگتۆن ڕاگرتبوو، ئەویش نارەزا ببوو، بەڵام دیانا بە توورەیییەوە پێی وتبوو:

تۆ پۆلیسی، دەتوانی مەسەلەکە چارەسەر بکەیت.! ئەوەی وتبوو، خۆشی بۆ کڕینی چەند سیدییەک لە شەقامەکە پەڕیبۆوە.

کان وارف عاشقی دیانا ببوو، بەڵام بەرگەی نەگرت، لە نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٣ لە کارەکەی وازی هێنا، خۆی بۆ شوێنێکی خزمەتکاری گواستەوە.

(ڤیڤیان باری) ئەو ژنەی لە نزیکەوە لەگەڵ دیانا لە کۆمەڵەی (بیرث ڕایت) کاری کردووە، وتوویەتی:

ئەو زۆر لەگەڵ هەموو برادەرەکانی شەڕی بوو، کەس نەبوو لەوانەی هاموشۆیان دەکرد، گلەییان لەسەری نەبووبێت، کەس نەمابوو توورەی نەکات.

**خووگرتن بە تەلەفۆنکردن:**

ئەو ژنە وای لێ هاتبوو بە قسەکردنەکانی بەردەوامی تەلەفۆنەکانی ئارام دەبوو،



زۆر قسەی دەکرد، بەردەوام چوار مۆبایلی پێ بووە، بەردەوام ژمارەی نوێی بەسەر برادەرەکانی دابەش دەکرد، بە گۆڕینی هەر ژمارەی تەلەفۆنێک برادەراتییەکەش نەدەما.

دیانا بۆ گازاندەو کردنەوەی دڵی خۆی و باسی خەمەکانی زوو زوو تەلەفۆنی بۆ فۆرستمان دەکرد، ئەو وتوویەتی:

شەوانی سەرە ساڵەکان هەستی بە تەنهایی دەکرد، تەلەفۆنی بۆ دەکردم، دڵتەنگ بوو، باسی پرۆژەکانی داهاتووی بۆ دەکردم، لەگەڵ بنەماڵەکەیان لەنا کۆشکدا بەردەوام شەڕی بوو، زۆر ڕقی لە پرێنس فیلیپ دەبۆوە.!

ئەگەر کەسی لە دەورا نەبووایە، دەچووە لای دکتۆری دەروونی، دەچووە لای فاڵگرەوەکان، دەستگرەوەکان زۆر دەهاتنە لای لە ناو کۆشکی کینسینگتۆن. دیانا ئەسیری دەستی ئەو پێناوە شێتانە بوو.! کان وارف پێی وتم:

(مارا بیرنی) بە زاراوە ئیتالییەکەی خۆیەوە بە دیانای دەوت، ئای دیانا نازدارەکەم، من دوێنێ شەو خەونتم پێوە بینیبوو، بۆیە دەبێ ئیمڕۆ ئاگات لە خۆت بێت.!

**لەبەرئەوەی هوار درۆی لەگەڵ نەدەکرد، بۆیە دەستبەرداری بوو:**

دیانا بەردەوام پەیوەندی بە (ئولیڤەر هوار) دەکرد، دەزگاکانی پۆلیس بۆ ماوەی چەندین مانگ نهێنییەکانی ناوەرۆکی پەیوەندییە بێزارکردنەکانی دیانایان دەپاراست، ئەوەش تا کۆتایی مانگی ئوگسستی ساڵی ١٩٩٤ بوو، پاش نۆ مانگ لە ئاگادارکردنەوەکانی پۆلیس بۆ دیانا، دیانا ئاگادارکرایەوە کەوا میدیاکان بە ناوەرۆکی تەلەفۆنەکانیان زانیوە.

دیانا دڵنیابوو کەوا یاریدەرەکانی تشارلز، ئەو زانیارییە نهێنییانەیان بە ڕۆژنامەکان فرۆشتووە. کە (لۆرد ستیڤنس) ئەو زانیارانەی دەشاردەوە، تەواوی دەنگوباسی هەواڵی تەلەفۆنەکانی دیانا گەیشتە ڕۆژنامەی نیوز ئای ژی ولد، کاربەدەستانی ڕۆژنامەکە بۆ سۆراخکردنی هەواڵەکە پەیوەندییان بە هوار دەکرد، تا بزانن کاردانەوەی لەسەر ئەو چی دەبێت، پاش ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە.

که هوار گوێی لەو قسانە بوو تووشی شۆک هاتبوو. بۆ پشتگیری لە دیانا دانی بەوە نابوو، کەوا ئەو پەیوەندی بە دیانا کردووە، لە هەمان کاتیشدا دیانا پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووس (ریتشارد کای) لە ڕۆژنامەی دیلی میل کردبوو، دیانا بە ناڕاستی و بە ئینکارکردن وەڵامی بابەتەکەی ڕۆژنامەی نیوز ئاف ژی ورلد داوەتەوە. ئەلیڤر هوارو ژنەکەی لە لای خۆیانەوە بێدەنگ بوون، ئەوەش دیانای زۆر تووڕە کردبوو، دیارە هوار بۆ خاتری ئەو ئامادە نەبوو درۆ بکات، بۆیەش دیانا پەیوەندییەکەی لەگەڵی بە یەکجاری پچڕاندبوو.

**ئارەزووی هەبوو، بەڵام دەترسا:**

یەکێک لەوانەی دیانا لە سەردەمی مانەوەی لە کۆشکی پاشایەتی ناسیبووی، (جیمس جیلبی) بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠ وازی لێ هێنابوو. بەڵام دیانا لە ساڵی ١٩٨٩ دووبارە لە ئاهەنگی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی هاوڕێی هەردووکیان (جولیا سامویل) ی خوشکی گەورەی (سابرینا جینیس)ی برادەری پێشووی پرێنس تشارلز، یەکتریان دیتەوە. دیانا لەگەڵ (جاین فیلۆز) ی خوشکی دانیشتبوو، کە جیلبی هاتبووە لایان، هەردوو لا باسی پەیوەندییە سۆزدارییە سەرنەکەوتووەکانی خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. ئەو دەمانە دیانا تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو، جیلبی هەستی کرد دیانا، لەو نۆ ساڵە زۆر گۆڕاوە، ئەوەی جاران نییە کە ئەو دەیناسی.

جیلبی هەستی کرد، ئێستا لە هەموو ژنەکانی ناو ئاهەنگەکە جوانترە، بەڕاستی ئەوە دەهێنێت، دووبارە ڕاوی بکاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دیانا بایەخی بەو نەدەدا، ئەو یەکسەر لە مەبەستی گەیشتبوو، بۆیە بابەتەکانی دەگۆڕی، گوێی بۆ شل نەدەکردو بایەخی پێ نەدەدا، ئیهمالی دەکرد.

جیلبی: کە تۆ دەگریێیت، منیش گریانم دێ.

دیانا: دەزانم تۆ کەسێکی ناسک و زۆر دڵۆڤانی.

جیلبی: ئەوە ٤٨ سەعاتە دەستپەڕم نەکردووە، ٤٨ سەعاتی تەواو..

دیانا: (بیری لای ئەو نەبوو)، ئیمرۆ زەنجیرە دراماکەی (ئایست ئاندز) م تەماشا کردووە.



جیلبی: من زۆر خۆپەرستم، ناتوانم وێنەکانی تۆ ببینم، هەست بە غیرەش ناکەم. کە تەماشایان دەکەم، لەبەر خۆمەوە دەڵێم.. ئەی خودا! ئەگەر پێم کرابووایە....

دیانا: وێنەی زۆریان بڵاو کردەوە، وابوو..؟

جیلبی: تەنها چوار پێنجێک دەبوون.

دیانا: ئاه.......

جیلبی: کەواتە لە زۆربەی گۆڤارەکاندا، خۆشەویستم، من......

دیانا: من بەردەوام روو بە خەندەم، وا نییە...؟

جیلبی: بەڵێ.

دیانا: منیش وا بیرم کردیتەوە.

لەوانەی بە هەڵە گوێیان لەو دەمەتەقێیەی نێوان دیاناو جیلبی ببوو، چاودێری و جاسوسیان لەسەر تەلەفۆنەکانی دیانا کردبوو. (سیریل دینان) تەمەن ٧٠ ساڵان بوو، بەڕێوەبەری پێشووی بانکێک بوو، گەیشتە لای (ستیوارت هیجینز) ی پەیامنێری بنەماڵەی پاشایەتی، دواییش بووە نووسەر لە ڕۆژنامەی (سن)، تۆماری دیمانەی بە دەنگی نێوان دیاناو جیلبی لەبەر دەستی دانا.

کە هیجینز لە دەنگی جیلبی دڵنیابوو، زانی ئەو دەنگەی ناو ئەو تۆمارە بە تەواوی دەنگی ئەوە، خێرا دوورکەوتەوەو سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، بە رووێکی زەردەوە لەبەر خۆیەوە وتبووی، کەواتە من لە سەر حەق بووم، من دەمزانی..!

دیانا: من نامەوێت، ئاوس بم.

جیمس: خۆشەویستم، ئەوەیان نابێت.

دیانا: بەڵێ.

جیمس: بەو شێوەیە بیر مەکەرەوە، خۆشەویستەکەم، تۆ سکت نابێت.!

***

**پرێنسیسە عاشقەکە:**

دیانا لە دەست ڕۆژنامەنووسەکان، لە داخی وتارو وێنەکانی میدیاکان هاواری لێ هەڵستابوو، لەو دەمانەدا دووبارە جیمس هایت بەدەرکەوتەوە، بەڵام ئەمجارە

کتێبێکی بەناوی (پرێنسیسە عاشقەکە)، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٤ بڵاو کردەوە.

لە یولیۆی ساڵی ١٩٩٦ تشارلز دیانای تەڵاق دا، لە ٢٨ ی ئۆگسستی هەمان ساڵ، دووبارە دیانا بووە ژنێکی ئازادی تەواو. کە ئازادی وەرگرت، کە بە تەواوی سەربەخۆ بوو، رەوشی باشتر بوو. لە پایزی ساڵی ١٩٩٥، کەوتە داوی پیاوێک شیاوی ئەوە بوو، کەسێک بێت خۆشی بووێت، ئەو پیاوە ژنی نەهێنابوو، لەگەڵ یەکدا هاوسۆز بوون، (هاسنات خانی) تەمەن ٣٦ ساڵی خۆشویست، نەشتەرگەری دڵ بوو، بە نەژاد پاکستانی بوو. خان کوڕی گەورە بنەماڵەیەکی مامناوەندی جیلۆمی باکووری لاهور بوو.

دیانا بۆ سەردانی باوکی پەرستارەکەی (جوزیف تولوفو)، کە بە سەختی دووچاری پژانی خوێن هاتبوو، لەوێ نەشتەرگەری بۆ دەکرا، سەردانی نەخۆشخانەی (برومبتۆنی پاشایەتی) کردبوو، لەو سەردانەیدا بۆ یەکەمین جار ئەو پیاوەی بینیبوو.

**رووبەڕوو:**

دکتۆر خان لەگەڵ پرۆفیسۆر (مجدی یعقوب) کاری دەکرد، بە پاڵتۆیەکی سپییەوە، لەگەڵ چەند دکتۆرێک هاتنە ئەو ژوورەی تێدا دیانا لە تەنیشت نەخۆشەکە دانیشتبوو. دکتۆرەکە لەبەر رەوشی نەخۆشەکەی ئاگای لە بوونی دیانا نەبوو، ئەو ژنەی جوانییەکەی خەڵکێکی زۆری شەیدا کردبوو، چونکە لەو دەمانەدا دیانا زۆر سەرنجڕاکێش و نازدار بوو. دیانا بە دکتۆرەکە سەرسام بوو، کە چووە دەرەوە، بە ژنی (تولوفو) ی نەخۆشی وتبوو، پیاوێکی شیاو بوو..؟!

**بوونی بە ئیسلام:**

لە ماوەی ٢٨ رۆژو بەردەوامی دیانا سەردانی نەخۆشەکەی دەکرد، لەو رۆژانەش شوقەکەی دیانا پڕ بۆن بخوور ببوو، دیانا بووە خوێندکارێک لە زانستی دڵ، وەک چۆن زووتر خوێندکاری سوار ئەسپ بوو، یان شەیداو خوێندکاری هونەری ئیسلامی ببوو. لەسەر مێزەکەیدا چەندین راپۆرتی پزیشکی دەبینرا، بەردەوام، هەموو ئێوارەیەکی شەممووانیش تەماشای زەنجیرە دراماکەی (کاسیویولتی) دەکرد، لە ناو دۆلابەکانی جلوبەرگەکانیدا چەندین شالی حەریریش دەبینرا، ئەو شالانەش ژنە



پاکستانییەکان دەیپۆشن، هەر لەو دەمانەشدا دیانا بیری لەوەش دەکردەوە ببێتە ئیسلام. کە خان داوای لێ کرد، تا بەیەکجاری لە پەیوەندییەکان ئازاد نەبیت، من پەیوەندیت لەگەڵ ناکەم، بەوە زۆرتر شەیدای ئەو پیاوە بوو. دیانا شەوانە لە ژوورە تایبەتییەکەی دکتۆر لە نەخۆشخانەی برومبتۆنی پاشایەتی، بەیەکەوە دەبوون، یان بەیانییان بە دزییەوە خۆی دەکردەوە بەناو کۆشکا. دیانا داوای لە دکتۆر خان کرد، حەز دەکات لە کاتی نەشتەرگەرییەکی دڵدا ئامادە بێت، ئەویش وەڵامی دایەوە، دیارە ئامادەبوون لەو جۆرە نەشتەرگەرییانە تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە زۆر ئازان، کەسی ئازا دەتوانێ ئەو جۆرە کارانە ببینێت.

***

٢٠ جار تەلەفۆنی بۆ دکتۆر دەکرد، تا کاتی نەشتەرگەرییەک بگۆڕێت، تا بەیەکەوە سەفەرێک بکەن.

هیچ پیاوێک نییە بتوانێت دیانا تێر بکات.

**فریشتەی نیوە شەوێک:**

لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٥ دا وێنەگرێکی رۆژنامەی (نیوز ئوف ژی وورلد) وێنەی دیانای گرتبوو، نیوە شەوێک دەچووە نەخۆشخانەکە. دیارە ئەو دەمانە بووە دکتۆرە دۆستەکەی خەفارەتەکەی تەواو بووە. دیانا مۆبیلی وێنەگرەکەی وەرگرتبوو، بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ (کلیف جودمان) ی پەیامنیری رۆژنامەگەری پاشایەتی کردبوو، کەوا ئەو هەفتانە سێ جار بۆ سەردانی نەخۆشەکان دێتە ئەو نەخۆشخانەیە، چوار سەعات هاوشانیان دەمینێتەوە، دڵیان دەداتەوە، بەشداری سووککردنی ئازارەکانیان دەکات.

(من دەمەوێت لە تەنیشت نەخۆشەکان بم، دیارە کەوا لەوان فێردەبم، چۆن هێز و وزە وەرگرم، من پێویستم بە کەسێک هەیە دەستی بگرم، قسەی بۆ بکەم، شتێک بکەم یارمەتییان بدەم).

پاش سێ رۆژ لە ناوەرۆکی ناو دەمەتەقێیەکەی ناو تەلەفۆنەکە، مانشێتی سەرەکی رۆژنامەکەی لێ دەرچووبوو، (فریشتەی نهێنی شەوان)، ئەوەش بە باشی وێنەی نوێی دیانای تێدا بەرجەستە کردبوو.

**باشترین عاشق:**

بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ هسنات خان زۆر کامەران دەبوو، بۆیە بە ئاشکرا دانی بەوە ناوە کەوا لەگەڵ ئەوەدا هەست بە ئارامی ناخی دەکات، کەوا ئەو دکتۆرە ئەو هەموو کەماسیی و پێویستییەکانی تەژی دەکاتەوە. لە بەرامبەر ئەوانەشدا دکتۆرەکە هیچی لەو نەدەویست، دیانا ویستی وەک دیاری، ئۆتۆمبێلێکی نوێی بۆ بکڕیت، بەڵام ئەو بە شانازییەوە پێشنیازەکەی رەفز کردبۆوە، چونکە ئەو بە جوانکارییەکانی ژیان سەرسام نەبوو. ئەو رەوشتە جوان و باشەکانی پرێنسیس دیانای خۆشدەویست، وەک:

سروشتە ناسکە بەوەفاکەی، ئامادەیی بۆ وەرگرتن و لە ئامێزکردنی رەوشە مرۆڤایەتییەکان.

لە کۆتایی هەفتەدا کە بەردەستەکانی دیانا لە پشوودان دەبوون، دیانا دەیویست نانی ئێوارەیەک بۆ دکتۆر خان ئامادە بکات. ماوە ماوە دیانا لەبەر چاوان گوم دەبوو، خۆی دەکرد بە شوقەکەی دکتۆرا، لەوێ خزمەتی دەکرد، جلەکانی بۆ ئوتوو دەکرد، ماڵەکەی بۆ پاک دەکردەوە. لە شەوی لە دایکبوونیدا دیانا، تەنها بە پاڵتۆیەکی فەروو بە گوارەی ئەڵماسەوە، خۆی گەیاندبووە دکتۆر، لە ژێرەوەی پاڵتۆکەوە رووت بوو، هیچی تری لەبەردا نەبووە.

میدیاکان زانیاری زۆریان لەسەر ئەو دکتۆرە نەبوو، دیاناش بەردەوام نکۆڵی لە بوونی پەیوەندی بە خانی دەکرد، هەر ئەوەندەی لەسەر ئەو دەدرکاند، کە خۆی کاری پێ بووە، یان ئەوەندەی مەبەستی بوو.

تا زۆرتر شارەزا و زانیاری لەسەر وڵاتی خان هەبێت، زۆر بە سەردان دەچووە پاکستان. (حمیما خان) کیژی (ئانابیل) و (جیمی سمیث) برادەری نزیکی دیانا، ژنی یاریزانی کریکیتی پاکستانی (عمران خان) بوو، دیانا و حمیما بوونە دوو برادەری گیانی بە گیانی، شەوانە بەیەکەوە دەمانەوە، باسی ئەوەیان زۆر دەکرد، کەوا چۆن یەکێک بۆی دەکرێ، لە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی موسڵمانی تەقلیدی ڕابێت.





دکتۆر هسنات خانی پاکستانی

**قەشەیەک بۆ مارەکردنی موسڵمانێک!**

دیانا یەک لایەنە، داوای لە سەرۆک خزمەتکارەکانی کۆشک (بۆل بورال) ی کردبوو، لەگەڵ قەشەیەک قسەی بۆ دەکات، دەکرێ ئەو بەنهێنی لەگەڵ هسنات پرۆسەی هاوسەرگیری بکات. ئەویش دیداری باوکە (تۆنی بارسنر) ی لە کەنیسەی کاسۆلیکی رۆمانی لە کینسینگتۆن کردبوو، ئەو پرسیارەی دیانای ئاڕاستە کردبوو، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

ناکرێ، موستەحیلە ئەو دوو کەسە بەنهێنی و بێ پرسی بەرپرسان هاوسەرگیری بکەن. کە خان ئەو سەربردەیەی دیانای زانیبۆوە، زۆر بە سەرسامییەوە پێی وتبوو:

ئەوە تۆ بەڕاستیتە، قەشەیەک بێتە ئێرەو لە یەکترمان مارە بکات...؟!

لە فبرایری ساڵی ١٩٩٦ دا، بۆ کۆمەک کۆکردنەوە بۆ نەخۆشخانەی شوکت خانم، کە عمران بۆ یادگاری مردنی دایکی لە ئەنجامی نەشتەرگەری بە نەخۆشی کانسەر لە پاکستان ئاوای کردبوو، دیانا سەردانی پاکستانی کردبوو. دیانا تا زۆرتر سەرنجی هسنات رابکێشێت، زۆری لە پێناویدا دەکرد، ئەوەی ئەو پێی خۆش بووایە دەستی بۆ دەبرد. ئەو زۆری دەکرد بۆ گۆڕانێک لە ژیانیدا بکات، تا هسنات زۆر بۆ خۆی رابکێشێت، بەڵام هسنات هێدی هێدی دەکشایەوە، پەیوەندییەکەی بە دیانا سارد دەکردەوە. دکتۆر نەیدەویست بەئاشکرا زۆر دەرکەوێت، ئەو کە بە برادەرایەتی دیانا رازی نەبوو، چۆن بە مێردی ئەو رازی دەبوو، بەڵام ڕۆژنامە رووزەردەکان ناویان دەهێنا، نەخۆشخانەکەیان بەردەوام جمەی دەهات لە وێنەگران و ڕۆژنامەنووسان، وێڵی سەرە داوێکی ئەو پەیوەندییە بوون.

**هەڕەشە نەژادییەکان:**

کە دیانا تێگەیشت ڕۆژنامەکان پەیوەندییەکەی بە هسنات ئاشکرا دەکەن، کە زۆرتر ناویان هات، پەیوەندی بە (ریتشارد کای) ی کرد، تا بە نووسینێک بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی پەیوەندی وەڵامیان بداتەوە، بۆیە کای نووسیبووی:

دیانا لەو قسانەی لەسەری دەنووسرێن دڵتەنگە، ئەوەش کاریگەری لەسەر ویلیام و هاری هەیە. دیاناش خۆی لای یەکێک لە برادەرەکانی وتبووی:



بە رستەیەک لە ناو ئەو قسانە، پێکەنینم دێت.!

هسنات هاوسۆزی ئەو بەزمە نەبوو، کە دیانا دروستی کردبوون، بەو نکۆڵیکردنەی دیانا زامداری کردبوو، ئەوەی زۆرتر دکتۆری تووڕە کردبوو، کە ناوی ویلیام و هاری مناڵەکانی هاتبوو، ئەوان پەیوەندییان بەو کێشەیە نەبوو، بە تایبەتی ویلیام، ئەو زۆر گوێی لە ئامۆژگارییەکانی دکتۆر رادەگرت، تا بۆ دوارۆژی لە پیشەکەی سوود ببینێت.

هسنات لە چەندین لایەکەوە، هەڕەشەی نەژادی رووبەڕوو دەبۆوە. ئەوەش زۆر هەراسانی دەکرد.

کە کای وتارەکەی بۆ بەرژەوەندی دیانا لە ڕۆژنامەکەی بڵاوکردەوە، بۆ ماوەی سێ هەفتە هسنات هیچی نەدرکاند، نکۆڵی لە بوونی ئەو پەیوەندییە کرد. پاراستنی ئەو نهێنییە بۆ هسنات سوودی هەبوو، بەو شێوەیە سوودی بە رەوشەکەی ئەو دەگەیاند.

دەبووایە دیانا ئەوەی ساخ کردبووایەوە، ئەگەر شوو بە هەر کەسێک بکات، ئەو شوو بە بنەماڵەی زاواکەش دەکات، بنەماڵەکەش بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەو گرینگە. هسنات بە رەچەڵەک بۆ خێڵ و بنەماڵەیەکی چەکداری نێوان پاکستان و ئەفغانستان دەگەڕایەوە، ئەوانەش دابونەریتی تایبەتی خۆیان هەبوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٩٢ بنەماڵەکەی هسنات، لە بووکێک دەگەڕان بۆ ئەو شیاو بێت، بووکەکەیان لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان هاوسۆز بێت. لەو دەمانەشدا لە ساڵی ١٩٩٦ دووبارە بنەماڵەکەیان کۆششەکەیان ژیاندەوە، تا ژنێکی گونجاو بۆ دکتۆر خان بدۆزنەوە.

بۆ ماوەی ١٨ مانگ دیانا ڕۆژنامەنووسانی چەواشە دەکرد، قسەی راستی لەسەر ئەو پەیوەندییەی نەدەدرکاند، تا ڕۆژێکیان (رەشید خان) ی باوکی هسنات خان بە ڕۆژنامەی دایلی ئەکسپرێسی ڕاگەیاندبوو، کەوا کوڕەکەی ئەو دیانا ناهێنێت، ئەوان لە کیژێکی تر دەگەڕێن بۆ کوڕەکەیان، کیژێک بێت لە بنەماڵەیەکی ڕێزدار بێت، دەوڵەمەندێکی چینی ناوەندی بێت، بووکەکەمان لە ناو خێڵەکەی خۆمان بێت، ئەگەر لە ناو خێڵەکەمان ئەو کیژەمان نەدۆزییەوە، ئەوا لە خێڵەکەنی تر لە کیژێکی تری بە هەمان پێناسە دەگەڕێن، بەڵام ئەگەر موسڵمان و پاکستانی بێت، باشتر دەبێت.!

کە دیانا ئەو قسانەی باوکی هسناتی خوێندەوە، ویستی تۆڵەی خۆی لە کوڕەکەی بکاتەوە.

لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٩٧ هسنات دڵگران بوو، کە زانی دیانا لە سەفەرەکەی بۆ پاکستان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ نەخۆشخانەی عمران خانی تایبەت بە نەخۆشەکانی کانسەر، بەبێ ئاگاداری و پرسی ئەو، لە لاهۆر سەردانی بنەماڵەکەی ئەوی کردووە.

بنەماڵەکەی خان لە لاهۆر بەگەرمی پێشوازییان لە دیانا کردبوو، ئەوەش وەنەبێ دایکی هسنات، بە دیانا وەک بووک بۆ کوڕەکەی رازی بێت، ئەو سەردانە گومانی بۆ خان پەیداکرد.

خان دیانای خۆشدەویست، بۆ خۆشی نەوێت..؟ ژنەکی جوان و پرشنگدارە، هەموو کەسێک ئەوی دەوێت، بەڵام ئەو دکتۆرێکی پاکستانی هەڵبژاردووە، ئەو دەیتوانی کەسێکی پارەداری زۆر دەوڵەمەند دەستنیشان بکات.

ئایا ئەو خۆشەویستەی خان بۆ دیانا هەیەتی تەواوە، شتەکان دەپێکێت..؟ ئایا خان گومانی لەو هەستە هەبوو..؟!

دیانا زۆر پێویستی بە ئەڤینێکی مەزن هەبوو، بەڵام لەسەر ئەو زەمینەدا پیاوێک نەبوو بتوانێت دیانا تێر بکات، کەس بەشی ئەوی نەدەکرد، کەس نەبوو تێنوویەتی ئەو سۆزو ئەڤینە گەورەیە بشکێنێت.

مۆبیلە تایبەتییەکەی گیرفانی دکتۆر رۆژانە بیست جار زەنگی لێدەدا. پرێنسیس دیانا نیازی بوو دوارۆژو ژیانی دکتۆر وەربگرێت، بەرنامەکانی ژیانی بە دەستی خۆی دابرێژێت.

کە دیانا لەگەڵ هایت بوو، پەیوەندی بە بەرپرسەکانی کرد، فەرمانی گواستنەوەکەی بۆ ئەلمانیا هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ خان بەرنامەی کاری رۆژانەی تەماشا دەکرد، دەیویست دەستکاری کاتەکانی نەشتەرگەرییەکان بکات، تا بکارێت بەیەکەوە سەفەرێک بکەن.

نووسەر (کلیف جیمس) وتبووی:



دیانا دەیزانی ئەو لە ناو خەڵکا پێگەیەکی هەیە، لەوێ دەتوانی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

ئەو خەونی بە کەسێک دەبینی شووی پێ بکات، ئەو کەسە بە جانتای پزیشکییەوە ئامادە بێت، بۆ کاری چاکەو چارەسەری، بە عاتیفەیەکی مەزن، بگاتە هەموو شوێنێک پێویستییان بە خزمەتگوزاری ئەو هەبێت.

لەوەیان راست نەبوو، بە هەڵە چووبوو، وای دەزانی ئەو پایە بەرزەی لە خۆشەویستی قووڵی خەڵکەوە هەیەتی، ئەو دەتوانی زۆرتر کار بکات، بەو هەستە گەرمەی خەڵکەکە بۆی هەیەتی، بەو پشتیوانییەی بۆیان ئاشکرا دەکرد، ئەو هەموو کارێکی لە دەست دەردەچێت، لەوانە کێشەو ناکۆکییەکانی باکووری ئایرلەندا.

**من لێهاتووم لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵک:**

دیانا بەرنامەی وای هەبوو دکتۆر خان، ماوەیەک لە کەشی نەخۆشخانەی برومبتۆن دوور بخاتەوە، بەیەکەوە بچنە وڵاتێک تیشکی خۆری گەرمی تێدا بێت، بەیەکەوە بچنە ئوسترالیا یان بچنە وڵاتی خوارووی ئەفریقیا.

لە کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی لە ئیتالیا، دیانا پرۆفیسۆر (کریستیان برنارد) ی شارەزا لە چاندنی دڵی ناسیبوو، لەو دیدارەدا گوشاری زۆری لەو پروفیسۆرە کردبوو تا کارێک لە خوارووی ئەفریقیا بۆ دکتۆر هسنات خان بدۆزێتەوە، دیانا دوو جار پرۆفیسۆرەکەی داوەتی ئێوارە خوانی کردبوو لە کۆشکی کینسینگتۆن، تا باسی پرۆژەی دوارۆژو کار دۆزینەوەکەی خانی لەگەڵدا بکات.

خان پیاوێکی شکۆدار بوو، کە پرۆفیسۆرەکە داوای کورتەی ژیاننامەو کارنامەی لێ کردبوو، زۆر تووڕە ببوو.

لە مانگی یولیۆ بنەماڵەی خانی بۆ بەسەربردنی پشوودانەکەی ساڵانەیان، چووبوونە ستراتفۆرد، لەو سەفەرەدا گومانی زۆری لا دروست بوو، کەوا بنەماڵە موسڵمانەکەیان بتوانن بوونی ئەستێرەی دیانا لە ناو خۆیاندا وەک ئەندامێک وەربگرن.

دۆست و برادەرەکانی دکتۆر دەیانزانی دکتۆر خان، لەنێوان بەرداشی ئەڤینی بۆ

دیاناو پیشەکەی وەک دکتۆرێک دەسووڕایەوە.

رۆژنامەی سەندای میرۆ لە ٢٩ ی یولیۆدا نووسیبووی، کەوا دیاناو دکتۆر خان پرۆسەی هاوسەرگیرییان بە شێوەیەکی ناڕەسمی کردووە، ئەوەش پاش ئەوە بووە کە لە مانگی مایۆی رابردوو، دیانا سەردانی ماڵباتەکەی خانی کردبوو لە پاکستان.

بەبێ ئاگاداری و زانیاری دیانا دکتۆرە دەروونییەکەی (سیمۆن سیمونز)، هەواڵی پەیوەندییەکانی دیاناو خانی بە رۆژنامەکان دەفرۆشت. تا لە مانگی فبرایر وازی لە کارەکەی لە لای دیانا هێناوە، سیمۆن هەفتانە پارەی زۆری لە سەرپەرشتکاری رۆژنامەکە (کریس بۆفی) وەرگرتووە. لە ماوەی یەک ساڵدا بۆ ناردنی هەواڵەکان نزیکەی ٢٠ هەزار جونەیهی ئەسترلینی وەرگرتووە. بەڵام سیمۆنیش لە لایەن خۆیەوە ئینکاری ئەوەی کردبوو، کەوا هیچ کاری لەو جۆرەی کردبێت. بەڵام پرێنسیس دیانا بڕوای بەو قسە نهێنییانە بوو، بۆیە چیتر بۆ چارەسەری هاتوچۆی نەکردبوو.

## ئامۆژگاری برادەرێک:

لە ناو ئەو گێژاوەی خان تێی کەوتبوو، بۆ ئامۆژگاریکردنی سەردانی هاوڕێیەکی پاکستانی کردبوو، ئەویش ئەوەی لە دەستی نابوو:

(پەیوەندیت بە دیانا بپچڕێنە و ژیانی خۆت ئاسایی بەردەوام بکەرەوە).

پاش وەرگرتنی ئەو ئامۆژگارییە، ژووانی لەگەڵ دیانا لە باخچەی هاید پارک لە شەوێکی گەرمی هەفتەی دووەم لە مانگی یولیۆ، لە سەعات دەی شەو دانابوو. دیانا لەوە گەیشتبوو کەوا خان کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان دەهێنێت، بۆیە لەو ژووانەدا بەسەریدا گریاوەو گلەیی زۆری ئاراستە کردبوو.

دیانا نەیدەویست ئەو کۆتاییە وەرگرێت، خانیش لەو جۆرە پیاوانە نەبوو یاری بەو گرفتە بکات، ئەو دەست و ئەو دەستی پێ بکات، بۆیە لە مانگی ئۆگستدا بنەماڵەکەی دیارییەکانی دیانایان بۆی گەڕاندەوە، بەڵام ئەو رازی نەبوو دیارییەکان وەرگرێتەوە، پێی وتبوون، بە پۆست رەوانەی بکەنەوە.



## نیازی نەبوو جارێکی تر دیانا ببینێتەوە:

دیانا هەستی دەکرد، لە تەنیایی و بێکەسیدا دەخنکێت، تەواو کەسی نەما. لەگەڵ سیمۆنیش پەیوەندی نەما، لەگەڵ دایکی قسەی نەمابوو، بۆیە بۆ گۆڤاری هالۆ مگازیین، لە مایۆی ١٩٩٧دا ئەو وتبووی:

کە دیانا نازناوی (ئەمیرە شکۆدارەکەی لەدەست دا، پێشهاتێکی باش بوو، بواری باشتر بۆ سازبوو، تا ژیانی نوێ بۆ خۆی بسازێنێت. زۆریش لە دایکی تووڕە ببوو، کە وتبووی من لەگەڵ ئەوەدا نیم دیانای کیژم لەگەڵ پیاوێکی پاکستانی موسڵمانی وەک هسنات خان پەیوەندی هەبێت. کە دایکی بە نامە داوای لێبووردنی بۆ رەوانە کردبوو، ئەو نامەکەی نەکردبۆوە، وەک خۆی بۆی رەوان کردبۆوە).

## دانپێدانانی دۆستە ئەرجەنتینییەکە:

دیانا هیچ ساتێ هەستی بە ئارامی نەدەکرد، وای دەزانی بەردەوام چاودێری کراوە.

لەگەڵ دۆستە ئەرجەنتینییەکەی سەفەری ئیتالیای کردبوو، (روبیرتۆ دیفۆریک) لەو گەشتەیدا زۆری لا سەیر بوو، دیانا بەو شێوەیە هەست بە نیگەرانی و گومان کردووە، لە لای ئەو وتبووی:

پرێنس فیلیپ زۆر رقی لە من دەبێتەوە، هەموو ساتێک هیوای ئەوەیە، من لە زووترین کاتدا لە ناوبچم، من بۆ ئەوان مەزنترین هەڕەشەم، لە بۆنە رەسمییەکان ناخوازن من دەرکەوم، ئەوان لە زۆر شوێندا پشتگوێم دەخەن. من ژەهراوی ناکەن، لە ناو فڕۆکەیەکدا نامکوژن، نەوەک کەسانی تر لەگەڵمدا بکوژرێت، ئەگەر لە ناو فڕۆکەیەکی گچکەدابم، یان لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا بم، ئامادەن لە ناوم بەرن.! دیانا تەنها لە کوشتن نەدەترسا، ئەو وای لێ هاتبوو زۆرتر تەنیاییەکەی بێزارو هەراسانی کردبوو. دیانا بە روبیرتۆی وتبوو:

پاش ئەوەی لە نازناوەکەی پرێنسیسە شکۆدارەکە بێبەرییان کردم، وا خەریکن مناڵەکانیشم لێ بستێننەوە. دیانا هەستی دەکرد، هەرچی بۆ ویلیام و هاری بکات، ناتوانێت ماوەی پشوودانەکانیان لە بالمورال بۆ دابین بکات.

که پەیوەندی نێوان تشارلزو کامیلا بەرەو باشی دەچوو، دیانا زۆرتر لاتەریک و ناشیرین سەیری دەکرا، کە تشارلز یادی ئاهەنگی پەنجا ساڵەی لەدایکبوونی کامیلای لە هایجرۆف، لە ١٧ ی یولیۆ ساڵی ١٩٩٧ دانا، ئەوەش بژارێکی شەرمەزاری بوو بۆ ماڵ و پێگەی خێزانەکەی پێشووی، ئەوەش دوا مەنزڵگەی ئارامی دیانای رووخاند. دیانا هەستی بە ژان و حەسوودییەکی زۆر دەکرد، لەو دەمانەدا تشارلز نەوای ئەڤینی دووبارە دانابۆوە، بەڵام دیانا لەو ڕۆژانەدا هێلانەکەی شێواو بوو.

**ئەو و سارا:**

دیانا وای لێهات هەندێک لە کۆنە برادەرو هاوڕێیەکانی بە سووکی دەبینی، بەڵام بەرامبەر (سارا فیرگسۆن) زۆر رقی لێ دەبۆوە. ئەوەی شووی بە برا گچکەکەی تشارلز پرێنس (ئەندرۆ) کردبوو، کە وێنەگرەکان بوونی پەیوەندییان بە فیرگی ئاشکرا کردبوو، هەردوو ژنە تەڵاقدراوەکە کە چارەنووسیان وەک یەکی لێ هاتبوو، پەیمانێکیان لە نێواندا پەیدابوو، کە سارای گیرفان بەتاڵ ژیاننامەی خۆی بڵاو کردبۆوە، تێدا نووسیبووی:

کە جارێک سۆڵێکی دیانام خواستبوو، پاشپانییەکەم پۆرگی کردبوو. بەو دێڕانە دیانا بەیەکجاری پەیوەندی لەگەڵیدا پچڕاندبوو.

**بێزاربوون لەیەکتری:**

ئەگەری ئەوە هەبوو دیانا لەگەڵ تشارلز، لەسەر سەرینی شەوانەیاندا دڵشاد نەبوو، ئەویش نووستنەکەی ئەوی پێ خۆش نەبوو. تا بەڕاستی باسی ئەو بکەم، ئەو پیاوە شارەزایی زۆری هەبوو، بەڵام ژنەکەی کەمتر شارەزایی هەبوو. تشارلز ئەو جۆرە ژنانەی دەویست ئەوانەی شارەزان لەو بوارەدا . دیارە پیاوانی واش هەیە حەز دەکەن لەگەڵ ئەو کیژانە بمینێنەوە، ئەوانەی سادەن، شارەزانین و پێویستییان بە ئەزموون هەیەو وەستا هەیە فێریان بکات.



**چەواشەکردنی وێنەگران:**

دیانا زۆرجار بە باروکەیەکی رەش خۆی لە کامیرای ڕۆژنامەنووسان دەشاردەوە، بەڵام لە جەژنی ٣٥ ساڵەی لەدایکبوونیدا، ژنە خزمەتکارەکەی (بوریل) بە ئۆتۆمبێلێک دیانای بۆ دیداری دکتۆر خان، بە پاڵتۆیەکی فەروو پێڵاویکی بەرزەوە بردبوو، بەڵام لە ژێر پاڵتۆیەکەیدا هیچی لەبەر نەبووە.

***

**دەپیرسی، بۆچی کامیلا هەموو شتەکانی بۆ دەستەبەر دەکرا..؟**

لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی کامیلا بڵاوکرایەوە، دیانا بۆی نەکرا تەواوی فیلمەکە ببینێت، ئەو فیلمە کاریگەری زۆری لەسەر کەسایەتی دیانا جێهێشتبوو، پاش تێپەڕبوونی ئەوەندە ساڵە دیانا دەیەوێت، بپرسێت یەکێک وەڵامی ئەو پرسیارەی بداتەوە، ئەویش دەپرسێت، بۆچی...؟؟!

بۆچی ئەو ژنە هەموو شتەکانی بۆ دەستەبەر دەکرا، بۆ ئەو ژنە ئارامی و سۆزی پێ دەبەخشرا، بۆ ببێتە شاژنی ئەو وڵاتە...؟؟! کە دیانا فیلمەکەی بینیوە، یەکسەر پەیوەندی بە ژنە فالگرەوەکە ( دبی فرانک) کردبوو، نیگەرانی خۆی بۆ پێناسە کردبوو، وتبووی:

وا هەست دەکەم هەموو ژانەکانم سەرلەنوێ سەر هەڵدەدەنەوە، من زۆر بێزارم، زۆریش دەترسێم.!

دیانا پێویستی بە سەفەرێک هەبوو، بیری لەوە کردەوە، منداڵەکانی لە پشووی هاوینەدا بیانباتە ولایەتە یەکگرتووەکان، داوای لە فۆرستمان کردبوو، یەکێکی بۆ بدۆزێتەوە، خانووێکیان لە نزیک خۆیانەوە لە ساوتهابتن بۆ بدۆزێتەوە.

(خانووێکم بۆ دۆزییەوە، بەڵام پاش پێنج ڕۆژ، پەیوەندی پێ کردمەوەو وتی، کە پرسی پیاوانی ئاسایشم کردووە، ئەوان ئەو شوێنەیان لە رووی ئاسایشەوە پێ باش نەبوو).!!



دیانا بە کەس تێر نەدەکرا



**لە ئامێزی ئەلفایدا:**

محەمەد ئەلفاید خۆی و منداڵەکانی لە ڤیلاکەی خۆی لە خوارووی فەرەنسا، بۆ بەسەربردنی پشووەکەیان داوەتی دیانایان کردبوون، لەوێ دەکرا پاسەوانی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

دیانا بۆ بەسەربردنی ڕۆژانەی ژیانی، لە پاش ئەوەی پەیوەندی بە دکتۆر هسنات خان نەمابوو، دەیویست برینەکانی سارێژ بکات. پێویستی بە گۆڕان هەبوو، بەڵام گۆڕانی ئەو جارە زۆر خێرابوو، زوو شتەکان ئاشکرا بوون.

پاش ئەوەی دیاناو منداڵەکانی سێ ڕۆژ بوو لە ڤیلاکەی ئەلفاید بوون، (دودی) خۆی و دایک و باوکی بەدیارکەوتن، هەر کە دیانا چاوی بە دودی ئەلفاید کەوتبوو، یەکسەر عاشقی ئەو پیاوە بوو، خێرا کەوتە داوی خۆشەویستی ئەو. یەکسەر بەیەکەوە گەشتێکی ناو ئاویان کردبوو، لە ناو دەریا بە پاپۆرە تایبەتییەکەی ئەو دوور کەوتبوونەوە، تازە تەنها چەند هەفتەیەک بوو یەکتریان دەناسی، بەیەکەوە ڕۆیشتن. دودی دیاری زۆری بۆ دەهێنا، لە ناو دیاری نازدارا خنکاندبووی.

بەیەکەوە لەگەڵ دودی لە ناو پاپۆرەکەی بوون، کە هەواڵی کوشتنی دیزاینەری مۆدە (جیانی فرساتش) ی بڵاوکرایەوە، کوشتنی ئەو پیاوە لە ١٥ ی یولیۆی ١٩٩٧ دیانای تووشی شۆک و ترس کرد. فراساتشی جیهانی مۆدەو ناوبانگییەکەی بەیەکتری بەستابۆوە. دیاناش وای کردبوو نێوان پاشایەتی و کۆشکی بە ناودارییەکەی گرێ دابوو.

پاسەوانە تایبەتییەکەی دودی، بۆ ڕۆژی دوایی کوشتنی ئەو ناودارەی مۆدە، دیانای بەتەنهایی لەسەر لمووزی پێشەوەی پاپۆرەکە بینیبوو، لێی پرسیبوو:

وا دەزانی واش لە تۆ دەکەن، چارەنووسی تۆش وا دەبێت.!!!؟؟

پاش ئەو گەشتە دیانا دەیویست، بیرۆکەیەک بۆ دواڕۆژی خۆی لە لەندەن دابڕێژێت، ئەو نیازی بوو شتێکی تازە بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەتەمای پیشەو کارنامەیەک بوو.

ژنە نووسەر (شیرلی کونران) وتبووی:

دیانا دەیەوێت کارێ بکات، تا ئاماژە بدات، ئەو کەسێکی گەوج نییە.!

پرێنسیس دیانا بیرۆکەی بەرهەمهێنانی فیلمێکی لە خەیاڵدا بوو، هەر دوو ساڵ جارێک فیلمێک بکات بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری.

**دیانا زۆر بڕوای بە خۆی هەبوو:**

کە (مایک ویثلم)، کارمەند و خێرکار لە بواری مینهەڵگرتنەوە، دیداری دیانا دەکات، پێی دەڵێت:

لەبیرت نەچێت، بەریتانییەکان دە ملیۆن مینیان لە باکوری ئەفریقیا لە ژێر خاکدا جێهێشتووە.!

دیانا وەڵامی داوەتەوە:

مایک من بڕوا دەکەم تۆ بتوانیت، ٢٣ کێڵگەی مین لەوێ بدۆزیتەوە.

لەو قسەیەدا لەسەر حەق بوو. دیانا ئاگاداری ئەو کێڵگە مینانە بوو، دەیزانی مایک خەریکی چییە.!

کە دیانا نازناوەکەی پرێنسیسە شکۆدارەکەی لە دەست دا، دایکی رای وابووە، ئەوەیان باشترین شت بووە، کە کیژەکەی وەری گرتووە. راستە ئەو پاراستنی پاشایەتی نەمابوو، بەڵام ئەو ناو و چالاکییانەی میدیاکان بۆیان رەخساندبوو، بە کەس نەدەکرا، لە دەستەڵاتی کەس نەبوو لێی وەرگرێتەوە. دیانا ئازادییەکەی وەرگرتەوە. لەو ڕۆژانەوە دوور لە دەستەڵاتی بنەماڵەی پاشایەتی و دوور لە دەستووری سیاسەتمدارە بیروکراسییەکان، دیانا بواری بۆ سازبوو بجوولێتەوەو کار بکات. ئازادبوو بە ئارەزووی خۆی بەرنامەی چالاکییەکانی گەشە پێ بدات، بەرهەمی کارەکانی هەست پێ بکات.

لە ئۆتاوا ١٢٢ وڵات کۆبوونەوە بۆ قەدەغەکردنی مینی ژێر زەوی، پەیمانێکیان مۆرکرد، لەوێ هەڵمەتێک کرا تا پرێنسیس دیانا لە ساڵی داهاتوو خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بەرکەوێت. لە ساڵی ١٩٩٨ وەزیری دەرەوەی بەریتانی (رۆبین کۆک) ستایشی دەوری دیانای کردبوو، بۆ ئەو کۆششەی کردوویەتی، بۆ گەڕانەوەی ئەو هاووڵاتیانەی لە ئەنجامی بوونی مین لەسەر خاکی وڵاتەکەیان، ئاوارە ببوون بگەڕێنەوە زێدی



خۆیان. بەڵام بەداخەوە ئەو دەمانە ئەو لەوێ نەبوو، تا ئەو شانازییە ببیستێت. چونکە ئەو دەمە ئەو تەنها بوو لە ناو گۆڕەکەیدا.

**یەکشەممە بێدەنگەکە:**

گەلی بەریتانی لە شەوی شەممە، کە سەریان لەسەر سەرینی نووستن دانابوو، دیانا لە تەلەڤزێون لەگەڵ کوڕە برادەرە زراڤەکەی، لە دوورگەی سردینیا دەگەڕانەوە، بەڵام هەر ئەو شەوە لەگەڵ هەواڵی مردنی دیانا لە خەوە شیرینەکان بەئاگا هاتن. زۆربەیان یەکتریان لە خەو بە ئاگا هێنابوو، تا هەواڵەکەیان پێڕابگەیێنن، هەموو زۆر پەرۆش بوون راستی هۆکاری مردنەکەی بزانن، لە سەعات چواری بەیانییەوە، لەدیار تەلەڤزێونەکان بۆ زانینی وردەکاری مردنەکە دانیشتبوون، تیپی مۆسیقاش هەر نیو سەعات جارێک سروودی نیشتیمانییان لە تەلەڤزێونەوە دەژەنییەوە.

مردنەکەی دیانا زۆر لە ناکاو بوو، بۆیە بەریتانییەکان لە هەموو گۆشەکانی وڵات هەواڵەکەیان بە خەمەوە باس دەکرد، ئەگەرچی ئەو ژنە وەک ئەندامێکی بنەماڵەی پاشایەتی نەمابوو، بەڵام هاووڵاتییان لە ڕێگەکان و لە فڕۆکەخانەکان، پرسەیان بەیەکتری دەوتەوە. لەبەرئەوەی مردنەکە زۆر دڕندانە بوو، بۆیە زوو گومانی ئەوە کرا، ئەو کارەساتە رێکەوت نەبووە، دەبێ مردنی ئەو ژنە نازدارەو ئەو کەسایەتییە تایبەتییە، پلان و دەستی لە پشتەوە بێت.

براکەی دیانا، (ئیریل سبنسر) پاش چەند سەعاتێک لە دوای ڕووداوەکە، هەواڵەکەی زانیبوو، ئەو بە ماڵ و مناڵەوە بۆ بەسەربردنی پشووەکەیان، لە کیب تاون بوو، لەوێیەوە وتبووی:

من دەمزانی میدیا ئەو ژنە دەفەوتێنێت، بەڵام ئەوەم نەدەزانی ئەوان دەستیان لە کوشتنی دەبێت، وەک دیارە کەوا لە پلانەکە دەوریان هەیە. ئەو ڕۆژنامەنووسەی دەستی هەبوو، یەکێک هەبووە هانی داوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە. لە کاتی خۆی بابارازییش هەڕەشەی کوشتنی مسۆگەریان لێ کردبوو، ئەگەر لە شەقامەکانی ئینگلتەرا دەرکەون.

**وێنەکانی مردن:**

(روموالد رات) ی وێنەگری تەمەن ٢٥ ساڵە، یەکەم کەس بوو پاش کارەساتەکە گەیشتە سەر دیانا، ئەویش بوو یەکێک لەو وێنەگرانەی لە هوتێلی ریتزەوە بە دوای دیانا کەوتبوون.

(٥ ئۆتۆمبێل و ٥ ماتۆر)، بۆیە ئەو یەکەم کەس بوو، لەوانەی بەو کارەساتە تاوانبار کرابوو. ئەو بە ماتۆرێکی مارکەی هۆندا ٦٥٠ لە دووری ٢٠ یاردە دوور لە ئۆتۆمبێلە وەرگەڕاوەکە وەستابوو، وێنەگرەکە بە راکردن بۆ لای کارەساتەکە رۆیشتبوو، سێ وێنەی گرتبوو.. دیاریش بوو ئەوە دەکات، بۆچی وا نەکات..؟

ئەو ڕووداوە جەرگبڕە لە ناو تونێلەکەی ژێر گۆڕەپانەکە، ئەوەندە کاریگەر بوو، بۆیە شیاوی وێنەگرتن بوو.

مارسیدسەکە کە چوار کەسی تێدابوو، ببووە پارچە ئاسنێکی تێکشکاوی لوولدراو، پاش ئەوەی لە سایدەکەی خۆی پەڕیبۆوە سایدی تری شەقامەکە. بۆنی سووتانی ماشینەکەو دووکەڵی بنزینەکەو گەورەیی ڕووداوەکە، هێمنی ئەو شەوەیان شڵەقاندبوو. لەبەر بەهێزی پێکدانانەکەی ئۆتۆمبێلەکە بە ستوونە چیمەنتۆیەکەی تۆنێلەکە، (هنری بۆل) ی شوفێرەکە بە سووکانی ئۆتۆمبێلەکە وەنووسابوو. شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی بە خێرایی ٦٨ میل لە سەعاتێکدا لێخوڕیبوو. تەرمی دیاناو دودی ئەلفایدو پاسەوانەکەیان لە دەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە دیاربوون. لەبەر بەهێزی زۆری بەیەککەوتنەکەی ئۆتۆمبێلەکە بە دیواری لای راستی تونێلەکە، ئۆتۆمبێلەکە لەبار یەکا هەڵوەشابۆوە. سەری دیانا لە نێوان هەردوو کوشنەکەی پێشەوەدا گیر ببوو، لە ناو ئۆتۆمبێلەکەش خشڵ و گەنجینەکانی ئەوانەی لە دەستی دەکردن بڵاو ببوونەوە، (بازنی لۆلۆ و سەعاتە زێڕینەکەی، کە بە بەردی سپی گرانبەها داڕێژرابوو).

رات لەبەرئەوەی شارەزایی هەبوو لە کارە سەرەتاییەکانی یارمەتیدان، بە شانازییەوە دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە، دودی بینی دیاربوو جەستەکەی شێواو بوو، پانتۆڵە جینزییەکەشی لەبەر یەک دەرهاتبوو، دیاربوو



مردبوو. دیانا ئەو دەمانە هەناسەی دەهات، ژێرپێیەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکە دەموچاوی داپۆشیبوو، شوێنەواری هیچ برین و شکانێک لە رووی دیانا دیار نەبوو، وێنەگرەکە سەرپۆشەکەی سەری لادابوو، جەستەی پێداپۆشیبۆوە، مەچەکی دیانای گرتووە، هەستی مابوو، ناڵەی دەهات، ئەویش بە هێمنی بە دیاناو ریز جۆنزی وتبوو:

هێور بە دکتۆر دەگاتە سەرت.!

لەو ساتەدا (جۆنز) لە هۆش خۆی چووبوو. یەک دەقە لە پاش ڕووداوەکە یەکەم دکتۆر گەیشتووەتە سەر دودی و دیانا، وێنەگرەکان بواریان بۆ گەیشتن و ئامادەبوونی دکتۆرەکە خۆش کردبوو. دکتۆر (فریدیریک میلییە) دکتۆری خەفەری ڕووداوی لەناکاو گەیشتە سەر ڕووداوەکە، (مارا) یەکەم کەس بوو لە شوێنەکە ئامادەبوو، ئەو بە مۆبیلەکەی تەلەفۆنی کردبوو:

دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە کراوەتەوە... لە پشتەوە ژنێکم لێوە دیارە، جوانییەکەی دیارە، بەڵام نازانم کێیە...!

**بواری رزگاربوون:**

دیانا هەناسەی باش نەدەهات، میلییە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەمامکی ئۆکسجینەکەی دەرهێنابوو، سەری دیانای بەرز کردیتەوەو دەمامکەکەی لەسەری کردبوو. دیانا لەو کاتانەدا دەستی جوولاندو چەند وشەیەکی لە زار دەرچووە، بەو وشانە زانییان ئەو ژنە ئینگلیزە، ناڵەی دەهات، دەیوت هەست بە ژان دەکەم، بەڵام لە دەرەوە هیچ برین و شکانێکی پێوە دیار نەبوو، بەڵام لەسەر نیوچەوانی پرووشانێکی پێوەبوو، هەروەها لەو دەمانەدا هەناسەی خێراو لاوازی دەبیسترا. دکتۆرەکە ئەو دەمانە وتبووی، ئەگەری رزگاربوونی لە مردن هەیە.

**روون بۆوە ژنەکە دیانایە:**

پۆلیسێک دڕی بە جەماوەرەکە دا، لە ناو وێنەگرەکانی بابارازی پۆلیسەکە گەیشتە لای ئۆتۆمبێلەکە. هەردوو پۆلیس (سیباستیان دورزیە) و (لینۆ جاجلیاردۆن) لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو تونێلەکە رۆیشتن، بە خەڵکەکە دەوترا، ڕووداوەکە لە ناو ئەو تونێلە بوو، لەوێ دەنگی هات وەک تەقینەوەیەک بوو، بە دوو پۆلیسەکەیان دەوت، خێرا کەن

زوو پێ رابگەن.! جاجلیاردۆن داوای یارمەتی لە ئۆتۆمبێلێکی ئێشکگر دەکرد، پۆلیسی دووەمیش دوزریە بۆ لای مارسیدسەکە رۆیشت. لەو کاتەدا زانرا ژنەکەی ناو ئۆتۆمبێلەکە پرێنسیس دیانایە، ئەو دەمە کاتژمێری ١٢ پاش نیوەشەو بوو.

دیانا هەردوو چاوەکانی کرابوونەوە، بە زمانێک دەنگی لێوە دەهات، زانرا زمانی ئینگلیزییە. دیانا سەری وەرگێڕاو وتبووی، ئەی خودایە... تەماشای دودی کردبوو، زانی ئەو مردووە، سەری بۆ لای پاسەوانە تایبەتییەکەی وەرگێڕابوو، کە ناڵەی دەهات، هەستی بەویش کرد، کەوا هنری بۆلیش مردووە، دیاربوو ئەو دیمەنانە کاری لێ کردبوو، بۆیە چاوەکانی داخستەوە.

**کۆشش بۆ رزگاربوون:**

لە سەعات ١٢،٣٣ بەیانی تیمێکی پزیشکی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، تیمەکە بە سەرپەرشتی (خرافییر جورملون) بوو. دوو لە ئەندامامی تیمەکە (دودی) یان بەرز کردەوە، تیمەکە خەریک بوون تا دڵی بکەوێتەوە لێدان و بژیت، سینگیان پاڵ دەدا، بۆ دەرهێنانی (ریز) دەبوایە سەرەوەی ئۆتۆمبێلەکە ببڕن، ئەوەش گیانی دیانای دەخستە مەترسی، سەری پاسەوانە تایبەتییەکەیان بەرز کردەوە، تا هەناسە بدات، کۆتێکی تەندروستییان خستە ملی.

رەقیب (فیلیپ بویر) سەرپەرشتی دیانای دەکرد، دەمامکێکی تری هەناسە وەرگرتنی بۆ دانا، تا گەرمی جەستەی راگرێت، دیانای داپۆشی، دیاناش بە نەرمی ناڵەی دەهات، دەیوت:

ئەی خودایە چ رووی دا..!

لە شوێنی ڕووداوەکە خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بووە قەرەباڵغییەکی زۆر، لەگەڵ دەنگ و هاواری ئامادەبووان، سەفارەی ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکان و ئەمبالاسەکان ئاپوورەکەی بە هات و هاوارتر دەکرد، هەندێ لە ئامادەبووان جنێویان بە بابارازی دەدا، دوورزیە ویستی وێنەگرەکان دوور بخاتەوە، بەڵام (کریستیان مارتینیزی) وێنەگری هاواری کردە سەریان و وتی:

ڕێگەم بدەن، کارەکەی خۆم بکەم..!!



**دەکرا رزگار بکرابووایە:**

لە ناو تونێلەکە دەنگی ماتۆرێک هەر دەهات، ماتۆر سوارەکە ژنێک بوو، پیستێکی رەشی لەبەربوو، دوایی زانرا، ئەو ژنە ماتۆر سوارە (مۆد کۆجار) ی نائیبی گشتی بوو. کۆجار توانی وێنەگرەکان راگرێت، ئەوانەی کەوتنە بەردەستی رەوانەی لێکۆڵینەوەی کردن، ژمارەیەکیش رایان کرد، دوایی پۆلیسی فەرەنسی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نۆ وێنەگرو پەیامنێرێک بە تاوانی (کوشتنی متعمد) کردبوو، گلەییش لە تیمە تەندروستییە فەرەنسییەکەش کرا، کە نەیتوانی دەستوبرد چارەسەری پێویستیان بۆ بکەن، دیاربوو تیمەکە تیمێکی سادەو بێ ئیمکانیات بوون، ئەگەر دیانا لەبەر دەستی تیمێکی بەریتانی یان ئەمەریکی بووایە ئەگەری ئەوە هەبوو، لە مردن رزگار کرابووایە، ئەوەش بابەتی سیستەمی فریاگوزاری تەندروستی قسەو باسی لێوەکرا. لە بەریتانیاو ئەمەریکا نەخۆشی لەو جۆرە یەکسەر دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە، بەڵام لە سیستەمی فریاگوزاری فەرەنسی ئەو سیستەمە پەیڕەو ناکرێت، دیارە ئەوان شانازیش بە بەرنامەکەی خۆیانەوە دەکەن، شۆخیشیان بە تیمەکانی خۆیانەوە دەکەن، ئەوان وا دەزانن کە نەخۆش لە شوێنی کارەساتەکە رەوشی بەرەو ئارامی رۆیشت، ئینجا بەرەو نەخۆشخانە بگوازرێتەوە.

ئەو بیردۆزەش خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوە، پاش ئەوەی دکتۆر (ئەرنولد دی) رەوشی رێکخەری خزمەتگوزاری فریاکەوتنی خێرا، بەیارمەتی دکتۆر (جان مارک مارتینۆ) سەرپەرشتی رەوشەکەی دیانایان کردبوو.

**وەستانی دڵ:**

دکتۆر مارتینۆ دیانای بە هوشیارییەوە بینیبوو، بەڵام نیگەران و شێواو بوو، خۆی پێ رانەدەگیرا، کە ویستبوویان لە ڕێگەی بردنی بۆ نەخۆشخانە دەرزییەکی لە قۆڵی بدەن، لاساری کردبوو.

دەستی راستی دیانا داکەلابوو، بۆیە زۆر بە زەحمەتی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دەردەهات، لە سەعات یەکی بەیانی دکتۆرەکان توانییان پاڵەپەستۆی خوێنی وەرگرن. هەناسەدانەکەی ئاسایی بۆوە. بە یارمەتی دوو پیاوانی فریاکەوتن لەنێوان

دوو کوشنەکەی ئۆتۆمبێلەکە دەریانهێنابوو، لەسەر تەختەی نەخۆش گواستنەوەی درێژیان کردبوو.

بەڵام بەداخەوە، هەر کە لە ناو ئەمبولانسەکەیان دانابوو، دڵەکەی لە لێدان وەستابوو. ئەگەر زووتریش دکتۆرە فەرەنسییەکان لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دەریان هێنابووایە یەکسەر دەمرد.

پرۆفیسۆری پزیشکی سەریری و نەشتەرگەری دڵ، لە کۆلیژی وایلی پزیشکی لە زانکۆی کۆرنال (ئایزادۆر رۆزینفیلد)، وتبووی:

لەبەر ئەو شکانانەی لە سەری ئەو رووی دابوو، ئەگەر یەکسەر گەیاندرابووایە نەخۆشخانە، نەدەمرد. دیارە کارە فریاگوزارییەکانی بۆ کرابوو، تەنها ١٨ خولەکی خایاندبوو، بەوەندەش رەوشەکەی ئاسایی ببۆوە، پاشان گواسترابۆوە نەخۆشخانە.

دکتۆر مارتینۆ ئامێرێکی هەناسەدانی بۆ دیانا لە ناو ئەمبولانسەکە بۆ دانابوو، کە پاڵەپەستۆی خوێنی دابەزیبوو، دەرزییەکی دیبۆمینی لێدابوو، بەوەش پاڵەپەستۆیەکەی بەرز کرابۆوە. سەرەتا دیار نەبوو کەوا دیانا لای چەپی سینگی لێدرابوو، کە فەحسی بۆ کرابوو، بۆیان روون ببۆوە. بوونی خوێن پرژانەکەی ناوەوشی مەترسی پەیدا کردبوو، بەڵام خەمی گەورەیان ئەوە بووە، بە زووترین کات بگاتە نەخۆشخانە، لە نەخۆشخانە هەموو پێویستییەکانی بۆ ئەو جۆرە رووداوانە ئاسایی بوو، بەڵام دکتۆرەکە لەوە دەترسا دووبارە دڵی لە وەستان بکەوێت.

لە سەعات ١،٤١ی بەیانی دکتۆر مارتینۆ داوای لە ئەمبولانسەکە کردبوو، بریندارەکەیان بەرەو نەخۆشخانەی piti Salpetriere لە بەشی چەپی پشت کاتدرائیەی نۆتردامی نزیک ئیستگەی ئوسترلیتز ببات. لەو نەخۆشخانەیەدا دەستەیەک لە دکتۆری وەک دکتۆر (برونو ریو) دکتۆری سڕکردن و فریاکەوتنی سەرەتایی کار دەکەن، ئەوانەش تایبەتن بە چارەسەکردنی لەو جۆرە پێکدادانانە، لەوەی بەسەر دیانا هاتبوو.

**رێگە ڤاڵا کردن:**

ئەگەرچی پۆلیس هەموو رێگەکانی چۆل کردبوو، بەڵام دکتۆرەکە پێشنیازی کردبوو لەسەرخۆ بڕوات، چونکە رەوشی دیاناو دڵی ئەو بەرگەی جوولەی خێرا



ناگرێت. هەر کە گەیشتنە نزیک نەخۆشخانەکە پاڵەپەستۆی دڵی دیانا بە شێوەیەکی ترسناکانە دابەزیبوو، بۆیە لە سەعات دووی بەیانیدا، دکتۆرەکە ئەمبولانسەکەی راگرتبوو، دووبارە دکتۆرەکە بۆ راگرتنی پاڵەپەستۆیەکەی دڵی دەرزییەکی تری دیبۆمینی لێدابوو، هەواڵەکەش گەیشتە نەخۆشخانە، بە هاوکاری دەستی وەزیری ناوخۆ (جان بیار شۆفمان) و یاریدەرەکەی (سامی نیر)، دیانا لەسەر عارەبانەکەی بۆ ناو نەخۆشخانەکە پاڵدرایەوە ناو نەخۆشخانە، وەزیرەکە دوا نیگاشی لە دیانا کردبوو. بە ئامێری تایبەتی هەناسەدان هەناسەی وەردەگرت، ئەگەرچی هەردوو چاوەکانی ئەستووریش ببوون، بەڵام هەر جوان بوون، دەموچاوی پرشنگێکی جوانی پێوەبوو، هێمن دیاربوو، بەڵام دیمەنەکە خەمبارییەکی کوشندە بوو. وەزیرەکە وتبووی:

جوانە،، بەڕاستی جوانە.. زۆر جوانی..؟؟!

لە تیشکەکەی سینگی دەرکەوتبوو، خوێن پرژانێکی زۆر لە هەناویدایە، ئەوەش پاڵەپەستۆی لەسەر دڵ و سی راستی داناوە. دکتۆرەکە خوێنی زۆری بە دیانا بەخشیبوو، بەڵام دووبارە دڵی راوەستایەوە، لە سەعات ٢،١٠ دکتۆر ریۆ داوای لە پرۆفیسۆر (ئالان بان) ی کردبوو، بە یارمەتی دکتۆر (منصف دەمان) سینگی دیانا شەق بکەن، تا بزانن بۆچی خوێن پرژانەکەی ناوەستێت.

**بەیانی زوو مردبوو:**

کە دیانا بۆ ژووری نەشتەرگەری دەبردرا، پرۆفیسۆر بانی گەیشتە سەری. بانی دەرزەکەی سینگی دیانای گەورەتر کردبوو، تا بڕانی خوێنهێنەری سەروو تەماشا بکەن، خوێنەکەی لەوێوە دەچوو، دڵی دیانا لەو بڕان و خوێنپژانەدا لە لای چەپەوە جووڵابووەوە لای راستی سینگی. پرۆفیسۆرەکە برینەکەی دووریبۆوە، خوێنپرژانەکە وەستابوو، بەڵام بۆ جاری دووەم دیانا تەسلیم بوو، دکتۆرەکان بۆ یەک سەعات دڵیان هەڵدەپلۆشی، دەرزییەکی تری ئادرینالینیان بۆ ژیاندنەوەی لێدابوو، بەڵام هەموو کۆششەکانیان سوودی نەبوو. لە سەعاتی چواری بەیانی بە رەسمی مردنی دیانا ڕاگەیاندرا.

تەرمی دیانا نەبردرایە مەشرەحە، لە ژوورێکی لاچەپی تەنها لە نهۆمی یەکەمەوە دانرا. تا گەردنی بە سەرپۆشێکی پەمۆ داپۆشرابوو. پاش تەشریحەکەی ١٢ سەعات تەرمەکەی دیانا مایەوە. یەکێک لە پاسەوانەکانی کۆشکی پاشایەتی لە بالمورال لە سەعات سێی بەیانی کە هەواڵی مردنی دیانای بیستبوو، (کۆلین تیبیت)ی ئاگادار کردبۆوە، کەوا شوفێرەکەی دیانا لە ڕووداویکی ئۆتۆمبێلدا مردووە، ئەو وای زانی مردووەکە تیبیتە. ئەویش بەڕاکردن بۆ کۆشکی کینسنگتۆن رۆیشتبوو، لەوێ دوایین سکرتێری تایبەتی دیانا، (مایکل جیبینزو) هەندێ لە فەرمانبەرە دڵسۆزەکانی دیانای بینیبوو، لەوانە (بۆل بۆریل)، لە پیش تەلەڤزێون لە دیار کەناڵێکی فەرەنسی دانیشتبوون بۆ بیستنی دوا هەواڵی ڕووداوەکەی دیانا لە پاریس، لە ژوورەکە کۆببوونەوە.

لەو دەمانەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (رۆبین کۆک)، لە تەلەڤزیۆنەوە هەواڵی پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکەی دیانای رادەگەیاند، لەو دەمانەدا جیبینز تەلەفۆنێکی بۆ هات، پێیان ڕاگەیاند کەوا دیانا مردووە، بە بیستنی ئەو هەواڵە هەموو ئامادەبووان دەستیان بە گریان کردبوو، هەموویان ئاکاریان شێوابوو، بەڵام تیبیت لەبەرئەوەی کەسێکی پۆلیس بوو، بۆیە زۆر بەسەر خۆی نەهێناو کۆنترۆڵی خۆی کردبوو. بەیەکەوە لەگەڵ بوریل چوونە ژوورەکەی دیانا، تا کەسانی مشەخۆر نەچنە ژوورەکەی، پاشان بەرەو پاریس بەرێکەوتن تا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن، بۆ کاری پێویست.

## لە نێوان تشارلزو کامیلا:

کامیلا: تۆ ئەمجارە زۆر هەڵکەوتووی.

تشارلز: ئاە... تکایە راوەستە با هەست بە جەستەت بکەم.

کامیلا: ئەی خودایە..!

تشارلز: من بێ تۆ ناتوانم، ئەو هەفتەیە بێ تۆ ناکرێتەوە.

کامیلا: منیش هەمان سۆزم هەیە، بە درێژایی هەفتە تۆم پێویستە.. ئەی خۆشەویستەکەم، ئێستا چەند پێویستم بە تۆ هەیە.



تشارلز: بەڕاستی..!؟

کامیلا: ئئئممم...

تشارلز: منیش هەر وام.

کامیلا: من زۆر زۆر زۆر پێویستم بە تۆیە.

***

## خزمەتکارو پاسەوانەکە:

شوفێرەکە وەک چەتەیەک ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی.

بورال بە هاوڕێیەتی تیبیت لە پاریس چوونە باڵوێزخانەی بەریتانی، دوو کەسەکە گەیشتنە پاریس، هەموو لایەک چاوەڕوانی گەیشتنی کۆمەڵەیەک لە وەسیفە بوون بگەنە سەر دیانا، نەک تەنیا خزمەتکارێک و شوفێرەکەی. ژمارەیەکی زۆر لە وەسیفەکان دەچوون ئەگەر دیانا وەک جاران پرێنسیسی خاوەن شکۆ بووایە. (مایکل جا) ی باڵوێزی بەریتانی لە پاریس پێشوازی لە هەردوو مێوانەکە کردبوو، ئەویش ئەو شەوە لە نەخۆشخانە مابۆوەو تووشی شۆک هاتبوو. فەرمانبەرێکی سەفارەتەکەی وتبووی، کە دکتۆرەکان لای دیانا هاتبوونە دەرەوەو وتبوویان، دیانا ئێستا بووراوەتەوە، بەڵام وا دیارە ناژیت و دەمرێت. ئەو ژنە پرێنسیسەی ماوەیەکی زۆر ئیلهامی زۆربەی دیزاینەری زۆربەی مۆدەکانی جیهان بوو، بۆ کاتی مردنی دەستە جلێکی تایبەتی نەبوو لەبەری بکەن. سەفیری بەریتانیا لەگەڵ بورال لە ناو دۆڵابی جلەکانی ژنەکەیدا، بۆ فستانیک و پێڵاوێکی رەش دەگەڕان، تا دیانای پێ پۆشتە بکەن.

دوو پۆلیس ئەو ژوورەیان دەپاراست و چاودێرییان دەکرد، کە تەرمەکەی تێدا دانرابوو. لە تەنیشت تەرمەکەش چەپکە گوڵی سەرۆکی فەرەنسی ئەو کات جاک شیراک و ژنەکەی دانرابوو. کەشەکە بێ دەنگ بوو، دەنگی پانکەی ژوورەکە هێمنییەکەی شلەقاندبوو، هەوای ژوورەکە ناساز بوو، بۆیە تیبیت، داوای هاتنی یەکەی ساردو گەرمی ناو نەخۆشخانەکەی کرد، تا هەواکەیان بۆ بگۆڕێت، کە زانی چەند وێنەگرێک بە نیازبوون لە دەرەوە وێنەی دیانا وەرگرن، بۆ لای پەنجەرەکە رۆیشت و پەردەکانی داخستەوە، لە گەڕانەوەی بۆ شوێنەکەی خۆی نیگایەکی لە

دیانا کردبوو. کە تەماشای کرد، بینی هەردوو چاوەکانی دیانا داخراون، دەموچاوی زۆر بە جوانی و بە بێگەردی دەبینرا. وەک چۆن بە درێژایی ژیانی برینەکانی ناوەوەی دەشاردەوە، لە مردنیشدا برینەکانی ناوەوەی هیچ دیار نەبوون.

**شوفێرە سەرخۆشەکە:**

میدیاکان لەوە دەترسان یاسای تایبەتمەندی دەستیان ببەستێتەوە، بەپێی ئەو یاسایە ڕۆژنامەنووسان بۆیان نییە، زۆر وێنەی کەسایەتی ناوداری گشتی بگرن، ئەوەش بواری زۆرتر لێکۆڵینەوە دەگرێت.

ڕۆژنامە رووزەردەکان ئارام بوونەوە، کە بەپێی ڕاپۆرتی دکتۆرەکان روون بۆوە، کەوا شوفێرەکە سێ جار لە رێژەی بواردراو لە یاسای فەرەنسی شەرابی خواردیتەوە، کەواتە شوفێرەکە (هنری بۆل) سەرخۆش بووە. ڕۆژنامەی (ستار) نووسیبووی شوفێرەکەی دیانا بە سەرخۆشی مارسیدسەکەی لێخوڕیوە.

بەڵام هاووڵاتیانی بەریتانی ئەوەیان نەدەچووە عەقڵی کەوا دیانا رازی بێت، لەگەڵ شوفێرێکی سەرخۆش سوار بێت، بەڵام لە راستیشدا شوێنەواری سەرخۆشی بە هنری بۆلی شوفێرەوە دیار نەبوو، ئەگەرنا دەیانگۆڕی، ئەوانەی بینیبوویان وتبوویان ئەو دەمە شوفێرەکە ئاسایی بووە، بەڵام ئەوەی راست بێت هنری کحولەکەی بە مادەی ئارامکەرەوە تێکەڵ کردووە، ئەوەش بۆ مەشروب خۆرێک قەدەغە بووە، ئەوەش مەترسی زۆری لەسەر شوفێر پەیدا دەکات.

پرۆفیسۆر لە زانستی ژەهری شەرعی (رۆبرت فۆرست)، وتبووی:

رەنگە هنری بۆل پێش ئەوەی بچێتە بارەکە، چوار هەتا شەش بەرداخی خواردبێتەوە. ئەوەش لە کاتژمێری حەوت تا دەی شەو بووە. هنری بۆی نەبووە لەو رەوشەدا لەو تونێلە ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت، چونکە لەو شوێنەدا ٣٤ ڕووداوی ئۆتۆمبێلی تێدا روو داوە، کە تێدا لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا هەشت کەسی تێدا مردووە. وێنەگرێک بە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئەلمانی ڕاگەیاندبوو، کەوا من هەرگیز نەمدیبوو کەسێک هەبێت، بەو خێراییە ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت، وەک کەسێکی چەتە دەیهاژووت.! سەبارەت بە ڕووداوەکەش تیبیت وتبووی:



هنری بەو جۆرە خێراییە ئۆتۆمبێلی لێ نەخوڕیوە.. تا لە دەست وێنەگرەکان را بکات..؟ ئایا کامیراکان ئەو ژنەیان بەکوشتن دا...؟؟!

**پشدێنی ئەمان:**

کە کان وارف لە دەنگوباسەکانیدا زانی دیانا تووشی ئەو کارەساتە بووە، وتبووی:

(تریفۆر ری جۆنز) ی پاسەوانی تایبەتی دودی ئەرکی ئەوە بوو گیانی دیانا بپارێزێت، نەک ڕۆژنامەنووسان و سوپا زۆرەکەی وێنەگران دوور بخەنەوە. راستییەکەش وا بوو، ئەگەر دیاناو دودی پشدێنی ئەمانیان بەکارهێنابووایە، رزگاریان دەبوو و نەدەمردن.

ئەگەر دیانا بواری دابووایە، پۆلیسی سکۆتلاند یارد پاسەوانی کردبووایە، ئەوان ڕێگەیان نەدەدا بەو رەوشە هنری بۆل، لە شەوە نەفرەتییەکەی ٣١ ی ئۆگستی ئۆتۆمبێلەکە لێبخوڕێت، ئەگەر دیانا ئاگاداری باڵوێزخانەی بەریتانیای لە پاریس کردبایەوە، ئەوا سێر مایکل جای لە پۆلیسی فەرەنسییەوە پارێزگاری بۆ دابین دەکردو هاوڕێیەتیان دەکرد. بۆل لە هاژووتنی ئۆتۆمبێلی جۆری لیۆزین شارەزا نەبوو. (جان هنری هۆکیث) ی سەرپەرستاری پێشووی کارکردنی، جارێکیان بۆ کارێکی خێرای مێوانێکیان، بواری نەدابوو، مێوانەکەیان بگەیێنێت، لەبەرئەوەی دەیزانی ئەو لەو جۆرە کارانەدا شیاو نییە. چەند ساڵێکیش پاش مردنەکەی دیانا، ئاشکرابوو کەوا هنری بۆل لە ژیانیدا کێشەی زۆری لە بانکەکان هەبوو، ئەو کەسە شۆخەش گوایە پەیوەندی بە هەواڵگری فەرەنسییەوە هەبوو.

**کارەساتێک بۆ فاید:**

بۆل راستییەکەی پیاوێکی تەنهاو کەساس و بە تەمەنیش گەورە بوو، ژنیشی نەهێنابوو، خزمەتی مێوانەکانی ئەو هوتێلەی دەکرد، ئەوانیش بڕێ پارەیان وەک دیاری پێشکەش دەکرد، هەروەها لە بەرامبەر ئەوەی هەندێ زانیاری بە پیاوانی هەواڵگری و پۆلیسیش داوە، لەوەش پارەی وەردەگرت. کە زانرا بۆل لە لێخوڕینی مارسیدس شارەزاو لێهاتوو نەبووە، کێشەی بۆ محەمەد ئەلفاید پەیدا کرد، هەروەها دەروازەیەک بوو بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسەکان.

ئەلفاید کە زانی دودی کوڕی مردووە، بەرەو پاریس بەڕێکەوت، تا تەرمی کوڕەکەی پێش خۆر ئاوابوون بنێژرێت، تا بگاتەوە ئینگلتەرا، دەبووایە لە وەرگرتن و ئامادەکارییەکان دەستوبرد بێت. محەمەد ئەلفاید پاش ٩٠ دەقە لە مردنی دیانا گەیشتە نەخۆشخانەکە، لەوێ پێیان وتبوو، تەرمی کوڕەکەی ئەو لە ژووری تەشریحە. (کیز وینجفیلد) ی پاسەوانی تایبەتی ئەلفاید، وتبووی:

ئەو پیاوە بە رووخاوی لەبەردەم ژوورەکە وەستابوو، تا دەرگاکەی بۆ بکەنەوە..!

لەو دەمانەدا هەموو جیهان لە چارەنووس و هەواڵی دیانایان دەپێچایەوە، ئەو پیاوەش وەک کەسێکی بێگانە بەتەنها چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی تەرمی کوڕەکەی بوو.

**پەیوەندی کورو باوکەکە:**

پەیوەندی محەمەد ئەلفاید بە دودی کوڕی زۆر ئاڵۆز بوو، لە لایەکی تریشەوە ئەو کوڕە زۆر بە ناز گەورە کرابوو، لە بەرامبەر ئەو ناز و خۆشەویستییەوە باوکی هیچ هیوای بەو نەبوو. دودی کوڕێکی بەخشندەو بنیات باش بوو، ئەو لەسەر داوای باوکییەوە پەیوەندی بە دیاناوە کردبوو، ئێستاش ئەو کوڕە تەنها تەرمێکەو ژمارەی ٢١٤٦ لە مەشرەحەیەکی فەرەنسی بۆ دانراوە. پاشان ئەلفاید وتبووی:

دودیم بینی بە ئارامی خەوی لێکەوتبوو، وەک منداڵێکی گچکە وابوو، وام هەست کرد بۆ ساتێک رووحی هاتەوە بەر، دووبارە دەژیتەوە، بەڵام شکانەکەی سەری زۆر گەورەو کاریگەر بوو.! لەو ڕۆژە بەدواوە تەنها کاری بۆ ئەوە دەکرد، بزانێ کێ کوڕەکەی بەو کارەساتە فەوتاند.

**سزاو... ترس:**

(مایکل کۆل) بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان لە لای محەمەد ئەلفایدو پەیامنێری پێشوو لە بی بی سی، رایگەیاندبوو، کە هۆکاری سەرەکی ڕوودانی کارەساتەکە بۆ بابارازی دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە شوفێرەکەش وتبووی هنری بۆل شوفێرێکی کارامە بووە، لە هاژووتنی مارسیدس گرفتی نەبووە. کەواتە کەسی سەرەکی بەرپرس بێت لەو کارساتە تەنها محەمەد ئەلفاید بووە. هنری بۆل لە هوتێلەکەی



محەمەد ئەلفاید کاری کردووە، بۆ محەمەدو کارمەندەکانی تری هوتێلەکە ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە. دیارە کەوا سزاو ئازارەکان بۆ باوکەکە قورستر دەبێت، کە مردنی دیاناشی بکەوێتە ئەستۆ، ئەو پرێنسیسە خۆشەویستە.

کە هەڵمەتەکەی مایکل کۆل بۆ نەهێشتنی مەسەلەی سەرخۆشی شوفێرەکەی بەرەو قەناعەتکردن دەبرد، بیرۆکەی ئەگەری بوونی پلان دەهاتە ئاراوە.

**ئەگەرەکانی تر، یان پڕۆپاگەندەکان..!؟**

هۆکاری شوفێرەکە و تەحلیلی خوێنەکەی، بە بوونی پلانێک لە هەواڵگری بەریتانیاوە گۆڕا، ئەو ئەگەرە هاتە باسکردن! ئەوەش بۆ ئەوەبوو تا ئاووسییەکەی دیانا گوم بکەن. رەنگە یەکێک گلۆپێکی بە رووی بۆل داگیرساندووە، بەوەش پێشی خۆی نەبینیوە، ڕێگەی لە بەردەم تاریک بووە. دوو کەسی سەر بە هەواڵگری بەریتانی لەسەرووی تونێلەکەوە تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکەی پێش ئۆتۆمبێلەکەی دیانا و دودی کردووە، بەوەش ئۆتۆمبێلێکی جۆری فیات، مارسیدسەکەی بەرەو ئەستوونی تونێلەکە پاڵ داوە، بە خێراییش بەرەو باڵیۆزخانەی بەریتانی ڕۆیشتووە.! رەنگە ئەوەیان ماتۆڕێک بووبێت! ئەوەشیان بە دەستی (سیر رۆبیرت فیلۆز) ی سکرتێری تایبەتی پێشووی پرێنسیس دیانا ئەنجام درابێت.

**راستییەکی تر:**

دەستەی پەیوەندی گشتییەکەی محەمەد ئەلفاید، کۆششیان زۆر کردبوو، بۆ خوڵقاندنی بەدیلێکی تری راستی لە هۆکاری ڕووداوەکە، کاریان بۆ دۆزینەوەی بژاری تر دەکرد. لە شوێنی بوونی واقیعی بەردەستە، کاریان بۆ دارشتنی تەونی خەیاڵ دەبرد، بواری گومانیان لە جیاتی یەقین دانا، نەبوونی بەڵگەی دروست و سەلمێنراو، جێگەی گوومبوون و شێواندنی راستییەکانیان دەگرتەوە.

دیانا نیازی هەبوو شوو بە دودی بکات، لەو پیاوەش سکی پڕبووە، بۆیە دەبووایە ئەو پرۆسەیە جێبەجێ نەبێت، تا پاشای داهاتووی ئینگلتەرا لەو گرفتە دەرباز بکرێت، بۆ ئەو کوڕانەی لەو ژنەن، کە لە داهاتوودا دەبێتە پاشای ئەو وڵاتە، لە پیاوێکی موسڵمان و میسری زڕ برایەکی نەبێت.

ئەلفاید وتبووی:

پرێنس فیلیپ فەرمانی ئەو کوشتنەی داوە، لەبەرئەوەی ئەو پیاوە نەژادی ئەڵمانی تێدابووە، بۆیە ئەو زۆرتر دەمارگیر بووە. من دڵنیام لەگەڵ نازییەکان هاوسۆزی هەبووە. ئاشکراشە رۆبیرت فیلۆز رۆڵی سەرەکی هەبووە، چونکە ئەو راسپۆتینی پاشایەتی بەریتانی بوو.

**بیردۆزەکانی پلانەکە:**

بۆ ماوەیەکی زۆر محەمەد ئەلفاید هەڵمەتەکەی بەردەوام بوو، لە فەرەنسا و بەریتانیا کۆششی دەکرد، تەونی پلانەکە و بیردۆزەکان، بوونە سەرچاوەی زۆرتر لە ٣٥ هەزار ماڵپەڕی ئەلکترۆنی، چەند ڕۆژنامەنووسێکی سادەی دایلی ئەکسپرێسی وەک (ریتشارد دیسمۆند)، کە دۆست و کەسێکی نزیک بوو لە محەمەد ئەلفاید.

لە مانگی فبرایری ١٩٩٨ دا، ڕۆژنامەی میرور ئەو ناونیشانەی لە دیمانەیەکی ئەلفاید وەرگرتبوو: کارەساتەکە پلانی بۆ داڕێژرابوو. ١٢ ملیۆن کەس ئەو درامایەی بینی کە ڕۆژانەی دیانای تێدا بەرجەستە کردبوو، کە لە شاشەی ITV پەخش کرا. نمایشەکە بەناوی دیانا لە دوا ڕۆژەکانیدا، کە لە ساڵی ١٩٩٨ بەرهەم هاتبوو.

پاش ئەوەی دراماکە لەو کەناڵە نیشاندرا، لە راپرسییەکدا ٩٧٪ بینەرەکانی رایان وابوو، کە مردنەکەی دیانا وەک چۆن ئەلفاید وتوویەتی داڕێژراو بووە. نووسەری ژیاننامەی ئەلفاید (تۆم بارو)، بۆچوونی وا بووە، کەوا خەیاڵ فراوانییەکەی ئەلفاید لە ئەنجامی ئەوە بەرجەستە بووە، کە خەڵکێکی زۆر هاوسۆزی ئەو بووینە.!

**کارەساتەکە ڕووداوێکی هاتوچۆ بووە:**

پاش ئەوەی پۆلیسی بەریتانی بە سەرپەرشتی سەرۆکی پێشووی پۆلیسی میترۆ بۆلیتان (لۆرد ستیفنز)، ماوەی دە ساڵ لێکۆڵینەوەی لە ڕووداوەکە کردبوو، ئاشکرای کردبوو، کەوا ڕووداوەکە تەنها ڕووداوێکی هاتوچۆ بووەو بەس، هەروەها پۆلیسی فەرەنسیش لە لێکۆڵینەوەکانیان ئەوەیان بۆ بەرجەستە بووە، هەردوو لا بۆچوونەکانی ئەلفایدیان بە دروست نەزانیوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە ترشی نەوەوی بۆل دەرکەوتبوو، کەوا ئەو



شوفێرە زۆر مەست بووە، کەسیش ڕووناکی لە چاوی نەداوە، تا ئەو لە کاتی هاژووتنی ئۆتۆمبێلەکەی پێشەوەی خۆی نەبینێت. ئەو قسەیەش سەرچاوەکەی (فرانسوا لیڤی) بوو، ئەویش روون بوویتەوە، کەوا پیاوێکی نەخۆش بووە، لە دەزگاکانی تاوانیش دۆسیەی پێشتری بۆ کراوەتەوە. بە تیشکی لیزەری سێ لایەن، لەسەر نموونەی ئەو ڕێگەیە بۆیان ئاشکرا بووە، کەوا بۆل پێش ئەوەی بچێتە ناو تونێلەکە کۆنترۆڵی لەسەر ئۆتۆمبێلەکەی نەمابوو.

ئەلفاید یەک بیانووی مەعقولی لەدەست بوو، ئەویش بوونی ئۆتۆمبێلە فیاتەکەی ناو تونێلەکەو لە لای راستی مارسیدسەکەی بۆل، بۆیەش بۆل خێراییەکەی بۆ ٧٥ میل زیاد کردووەو لە سایدی خۆیدا پەڕیوەتەوە، تا خۆی لەو فیاتە دوور بخاتەوە، بۆیەش ئۆتۆمبێلەکەی بۆل وەری گرتووەو بە ستوونی سێیەمی تونێلەکە کەوتووە، دووبارە گەڕاوەتەوە بەرەو راست و بە ستوونی سێزدەمینی تونێلەکە کەوتیتەوە، پاشان ئۆتۆمبێلە فیاتەکە دیار نەماوە.

**پاش نۆ ساڵ:**

پۆلیسی فەرەنسی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ فیتەرێک و پاسەوانێکی ڤێتنامی کردووە، بە بیانووی ئەوەی ئەو خاوەنی ئۆتۆمبێلە فیاتەکە بووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە نۆ ساڵی خایاندبوو، تا خاوەن فیاتەکەیان بانگ کردووە، هۆکاری دواکەوتنی خاوەن فیاتەکەش بۆ لێکۆڵینەوە تەنها لە ترسان بووە، نەک دەستی لە کارەساتەکە هەبووبێت، چونکە یاسا بەبێ بەڵگەش، ئەوانەی لە تەنیشت ڕووداوەکەش گوزەریان کردبوو سزای دابوون.

لە لێکۆڵینەوەکانی باجیەدا ئاشکرابوو، دیانا ئاووس نەبوو، وەک چۆن ئەلفاید بانگهێشتی بۆ دەکرد. ئەو قسانەی پەرستارە فەرەنسییەکە لە زاری دیاناوە بۆ ئەلفایدی گێڕاوەتەوە، هەموو داڕشتنی خەیاڵی خۆی بوون، گوایە دیانا لە لای ئەو وتبووی:

هەموو کەلوپەلەکانی ناو شوقەکەی دودی با بۆ سارای خوشکم بێت، لەوانە زێڕو گەنجینەکانم، با خوشکەکەم چاوی لە منداڵەکانم بێت.!

ئەو قسانەی کە پەرستارەکە بە ئەلفایدی وتبوو، زۆر لای ئەو گرینگ بوون، بڕوای تەواوی پێیان هەبوو، چونکە ئەلفاید وتبووی، دیانا نزیکەی دوو سەعات لە ژووری نەشتەرگەری ژیابوو، دەیزانی رووح دەدا، من یەکەم کەس بووم لەوێ گەیشتمە سەری.

## پرسیار و خەیاڵ:

تا دوا ساتەکانی پێش بەڕێکەوتنیان دودی بڕیاری نەدابوو، بۆل ئۆتۆمبێلەکەیان لێبخوڕێت، ئەو شەوەش بۆل سەرخۆش نەبوو..؟ بە هەمان ڕێگەی ئاساییەکەی شوقەکەی دودی نەڕۆیشتبوو..؟ دەستە زۆرەکەی بابازاری لە ناو ئۆتۆمبێلەکان و لەسەر ماتۆرەکانیان، تا دوا ساتەکانیش، نەیاندەزانی بەرەو کام ئاراستە دەڕۆن..؟ دیاناو دودی پشدێنی ئەمانیان نەبەستابوو..؟

محەمەد ئەلفاید لەسەر ئەو هەموو پرسیارو رامانانەشدا، ئەو خۆی بە هۆکاری کارەساتەکە نەدەزانی، پەیوەستیش بوو بە بیردۆزو خەیاڵەکانی خۆی.

## وێنەی زۆر تایبەت:

تیبیت لەو دەمانە هەستی بەوە کردبوو، دیانا زیندووە. رەوشی بورال زۆر ئاڵۆزبوو، خۆی پێ ڕانەدەگیرا، تا شەنگ و وزە بداتە بەر خۆی داوای لە تیبیت و پەرستارەکە کرد، ورەی بەرز بکەنەوە. فستان و پێڵاو و کەرەستەکانی مکیاژەکەی داوەتە دەست پەرستارەکە، داواشی کردبوو بازنەیەک لە دەستی دیانا بکات. ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لە نزیک نەخۆشخانەکە کۆبوونەوە، ئەوانەی لە ناو دەستی پۆلیسەکان دەربازیان دەبوو، لە ژوورەکەی تەرمەکەی دیانا نزیک دەبوونەوە، هەڕەشەیان لە ئارامی ناوچەکە دەکرد، هێدی هێدی ژمارەیان زۆرتر دەبوو. هەموو لایەک هۆکاری مردنەکەی دیانایان بۆ بابارازی دەگەڕاندەوە. (رۆمولد رات)، پەیوەندی بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژی سن (بکین لینۆکس) کردبوو، کەوا کارەکەی تەواوبوو، بە تەواوبوونی کارەکەی داوای ٣٠٠ هەزار جنیە ئەسترلینی کردبوو، بۆ فرۆشتنی وێنەیەکی دیانا لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا، کە لە دووری ٢٠ پێیەوە گیرابوو، رات لە دەنگییەوە دیاربوو ئەرکەکەی بە باشی کردووە، بۆیە



سەرنووسەرەکە لەگەڵی پێکهاتبوو، تا وێنەکە لە ڕۆژنامەکە بۆ یەک ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە، کە رێکەوتن، وێنەگرەکە یەکسەر بۆ نووسینگەکەی بەڕێکەوتبوو. ئەو دەمانەی دیانا لەگەڵ ئازاری برینەکانی کۆششی بۆ ژیان و مان دەکرد، وێنەکەی بە مافی تایبەتییەوە دەفرۆشرا. ئەو دەمانەدا کەس لە بابارازی لە نزیک ئۆتۆمبێلەکەی دیانا نەبوون، ئەوانیش هەموو لە لایەن قازی (هیرڤی ستیڤان) ئازاد کران، لەگەڵ ئەوەشدا وتبووی:

پرێنس تشارلز کەسێکی زانابوو، زوو زانی ئەو بە هۆکاری ڕووداوەکە تاوانبار دەکرێت، بۆیە بە سکرتێرە تایبەتییەکەی (ستیڤن لامبۆرت) ی وتبوو:

هەموو لایەک لۆمەی من دەکەن، ئەوانە هەموو لە کۆتایی شێت دەبن.! سیر (رۆبین جانفران)، یاریدەری تایبەتی شاژن ئالیزابێثی دووەم هەواڵەکەی بە پرێنس ڕاگەیاندبوو، لە سەعات یەکی شەویش بە دایکیان وتبوو. بۆ زانینی رەوشی تەندروستی دیانا، تشارلزو مەترسییەکانی سەر ژیانی، یەکەم کەس لە لەندەنەوە تەلەفۆنی بۆ (مارک بۆلاند) کردبوو، تەلەفۆنەکەی لە نیوان سەعات یەک و سێی بەیانی بوو.

***

تشارلز بە پێچەوانەی دایکی جەنازەکەی دیانای دەویستەوە.

ولیام لەسەر پەیوەندییەکەی دایکی بە ئەلفاید لەگەڵیدا مشتومڕی کردبوو.

## پرێنس نیگەرانە:

تشارلز نیگەران و بەپەلە بوو سکرتێرەکەی هەواڵی تازەو نوێی بۆ پەیدا بکات، ئەو هەواڵی زۆرتری لە میدیاکان دەویست، پەرۆش بوو بزانێت، دایکی مناڵەکانی بە شەلەلی دەگەڕێتەوە لەندەن، یان مێشکی زیانی بەردەکەوێت. جارێک تشارلز بە بۆلندی وتبوو؛

ئەو ژنە ڕۆژێک دەگەڕێتەوە لامان پێویستی زۆری بە ئێمە دەبێت.

لە سەعات سی و چارەگێ بەیانی سیر مایکل جای بە تەلەفۆن لە پاریسەوە بە پرێنسی ڕاگەیاندبوو، کەوا دیانا مردووە.

بەو هەواڵە تشارلز چەند هزرو ئەندێشەی بەبیردا هات، وەک هەستکردن بە تاوان،

ترس لە دوارۆژی منداڵەکانی، ترس لە قسەو پرسیارە زۆرەکانی خەڵک.

دەستە خوشکێکی کامیلا بە نووسەر (کاتۆلین جراهام) ی وتبوو:

ئەو دەمانە تشارلز تووشی شۆکێکی مەزن هاتبوو، ویلیام و هاری گەورەترین خەم بوون بۆ ئەو، ئەوان لە تەمەنێکی وا بوون، زۆر پێویستییان بە دایکیان هەبوو.!

تشارلز پیاوێکی ناسک و سۆزداربوو، ئەگەرچی دیانا دەیویست ژیانی لەسەرنوێ دروست بکاتەوە، ئەو زۆرجار بیری لەو کردیتەوە، ئەگەر ڕۆژێک تووشی ئەڤینێکی شێت هات، ئەو ئەڤینەشی مرد، چی دەکات.!

## ژنە دۆستەکەی:

سەبارەت بەکامیلاش، هەواڵی مردنی دیانا ئەو ژنەی رووخاند، تازە ئاشکراببوو، کەوا کامیلا دۆستی پرێنسە، زۆر نەبوو بەیەکەوە دەردەکەوتن، کە مردنی دیانا هاتە ئاراوە، بە ناچاری دیداری ئەو دوو دۆستە دووبارە دەکەوێتەوە رەوشی نهێنی و کەسنەزانم. هێشتا ویلیام و هاری کامیلایان نەدەناسی، کە دیانا مرد، ناسینەکەش دوور دەکەوێتەوە. کە دیانا مرد، بەریتانییەکان رقیان لە کامیلا پەیداکرد، بۆیە ئەویش کەم دەردەکەوت، بە ناچاری خۆی دەشاردەوە، لە ماڵەکەی دەرنەدەچوو، لە ویلشایر لە سکۆتلاند یارد دوو پۆلیس پاسەوانییان دەکرد.

لە سەعات حەوت و چارەگێک، تشارلز بۆ ڕاگەیاندنی زەحمەتترین و ناخۆشترین کار چووە ژووری هەردوو کوڕەکەی. سەرەتا ویلیامی بەئاگا هێنابوو، کوڕی دووەمیان، تازە لەگەڵ دایکی لەسەر بوونی پەیوەندی بە دودی بە تەلەفۆن مشتومڕی ببوو، بۆیە ئەو بە ئاسانی لە دایکی نەدەبووری، تشارلزو ویلیام بەیەکەوە بۆ لای هاری چوون، گەیشتنە لای تا هەواڵەکەی پێ ڕابگەیێنن، دیارە زانینی هەواڵەکە بۆ کوڕەکەی تریش خەم و ترس و پەژارەیەکی زۆری پێ دەدا. نەدەکرا بڕوا بکات، یان ڕووداوەکە وەرگرێت، چونکە زۆر لەگەڵ دایکی بەیەکەوە لەسەر یەک تەختە دادەنیشتن، بۆ سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، ئەو دانیشتنانەی زۆر لا خۆش بوو.

تشارلز بە هەردوو کوڕەکەی وت، من بەرەو فەرەنسا دەچم بۆ هێنانەوەی تەرمی دایکتان ئێوەش لەگەڵ خۆما نابەم.





ڕۆژی گوڵ لە لەندەن

## کام جەنازە:

پرێنس لە ترسی لۆمەی هاووڵاتیان دەیویست، هێنانەوەی تەرمەکەی دیانا بە شکۆوە بکات، شاهانە دیانا بەڕێ بکات، بەڵام شاژنی دایکی بواری نەدەدا، بۆ هێنانەوەی تەرمەکە، ناکۆکی کەوتە نێوان کوڕەکەو دایکی، ئەوەی تا دیانا لە ژیانی دابوو، تەنها رق و تووڕەیی و پەشیمانی بەرامبەری هەبوو.

تشارلز سووربوو لەسەر ئەوەی، پێش پرسە میللییەکە، تەرمەکەی دیانا بهێندرێتە کەنیسەی سان جیمس. بەڵام دایکی دەیوت، کە تەرمەکە لە مەشرەحە وەرگیرایەوە، یەکسەر بدرێتەوە بنەماڵەکەیان، بنەماڵەی سبینسر، چونکە دیانا پێش مردنەکەی بووکی بنەماڵەی پاشایەتی نەمابوو، ئەو نەدەبووە، شاژنی ئەو وڵاتە، وەک کەسێکی سادەو ئاسایی وایە، هیچ پەیوەندی بە کۆشک و بنەماڵەکەیان نەماوە، ئەو قسانەی شاژن لە لایەن پرێنس فیلیپەوە پشتیوانی لێ دەکرا، ئەویش هاوسۆزی شاژن بوو، کەوا تەرمەکەی وەک ئەندامێکی بنەماڵەی پاشایەتی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت.

بەنیازبوو بە فڕۆکەیەکی بازرگانی تشارلز بەرەو پاریس بەڕێ بکەوت. بۆ یەکەم جارە پرێنس تشارلز لەسەر دیانا شەڕێک دەکات، لەبەر هیچ نەبێت دایکی ویلیام و

هارییە. پاش مشتومڕێکی زۆر، شاژن ڕەزامەندی نیشاندابوو، کوڕەکەی بە فڕۆکەی پاشایەتی سەفەر بکات، دارە مەیتەکەشی بێتەوە کەنیسەی سان جیمس.

کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی ئامادە نەبوون، ئەو هەواڵە بە بنەماڵەی سبینسر دابگەیەنێت. کەسیشیان لەگەڵ تشارلز نەچووبوون بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی دیانا. کە برادەرێکی دایکی هەواڵەکەی لە تەلەڤزیۆنەوە بیستبوو، بە دایکی دیانای وتبوو، کەوا کیژەکەی لە پاریس ئۆتۆمبێلەکەی وەرگەڕاوە. بە گەیشتنی بۆ پاریس تشارلز پرسەنامەی لە خەڵکەکە وەردەگرتەوە، بەوەش کەمێک هێور بۆوە. سیر مایکل جای و سەرۆکی فەرەنسی جاک شیراک و ژنەکەی و وەزیری دەرەوە رۆبرت فیدرین و وەزیری ناوخۆ جان بیار شۆفینمان و وەزیری تەندروستی برنارد کۆشنیر لەوێ بوون.

**رووبەڕووبوونەوە:**

تشارلز سوپاسی ئامادەبووانی کرد، پاشان چووە ئەو ژوورەی دیانای تێدا درێژ کرابوو. کە چووە ژوورەوە پیاوێکی ئارام بوو، بەڵام کە هاتە دەرەوە، کەسێکی تر بوو، بەڕاستی رووخابوو. ئەوەندەی بەتەنها لەگەڵ تەرمەکەی دیانا لە ژوورەکە مابووەوە رووخابوو، کە هاتبووە دەرەوە، لەبەر خۆی قسەو هوڕێنەی دەکرد، هەر دەیوت، چۆن دەبێ تاکە گوارەکەی دیار نییە، دیانا بێ گوارە نابێت، بە شێواویی ئەو قسەی دووبارە دەکردەوە.

پاشان بۆ کامیلای گێڕابۆوە، دیتنی تەرمەکەی دیانا زۆر زەحمەت بوو، ئەزموونێکی زۆر گران بوو لە ژیانمدا. کە بینیم وام زانی تازە ئەو کیژەم ناسیوە، هەموو ناکۆکییەکانم لە بیرنەما، زۆر فرمێسکم بۆ خۆی و بۆ کوڕەکانمان هەڵڕشت. کە لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە، رووی زۆر شێواو دەبینرا، پێیان وت، تەرمەکە بە فڕۆکە دەگوازنەوە، ئەو بە خێراییەوە وەڵامی دایەوە:

نەخێر خەڵکێکی زۆر دیانایان خۆشدەویست، لە دەرەوە چاوەڕوانن.!

لە نۆڤەمبەری ١٩٨٣ تشارلزو دیانا ناکۆکی نێوانیان دەستی پێ کردبوو، کە پەیوەندی تشارلز بە کامیلا ئاشکرابوو، بەردەوام شەڕیان بوو، دیانا زۆر دەگریا. لە



تەلەفۆنەکانیەوە دیانا گومانی ئەو پەیوەندییەو دیدارەکانی پەیدا کردبوو، چونکە بیانووی دواکەوتن و نەهاتنەوەکانی لاواز بوون، ئەگەرچی گۆڕانی سادەو لاوەکی لە تشارلز سەری هەڵدەدا، بەڵام ئەوانە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان و بەردەوامییان وەک ژن و مێردێک زۆربوون.

دیانا دەیوت:

من دەزانم بەڵگەم هەیە، کەوا تشارلز پەیوەندی بە کامیلاوە هەیە، من هەستم دەکرد، ئەوانە گەڕاونەتەوە بۆ یەکتری.

سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سن) سیتوارت هادجینز نووسیبووی:

کامیلا زانیاری ئەوەی پێ داوم پەیوەندی و نێوانی ئەو ژن و مێردە لە نێوان سالانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٢ چۆن بووە، من بڕوا ناکەم ساتێک کامیلا لە ژیان و بەرنامەی تشارلز دوور بووبێت، بەڵام ماوەیەکیش دابڕابوون، بەڵام پرێنس تشارلز کۆششی زۆری دەکرد پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی بمێنێتەوە.

**تشارلز کامیلا دەهێنێت:**

لە ٨ ی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٥ تشارلزو کامیلا بارکر پرۆسەی هاوسەرگیری پێکەوە دەنێن، ئاهەنگە شاهانەکەیان لە ویندسۆر بە ئامادەبوونی شاژنی دایکی کردبوو، لەو ڕۆژەوە کامیلا بووە بە پرێنسیسی ویلزو دۆقی کۆرنوول. گوایە کە پرێنس تشارلز تاجی وڵاتی لەسەر کراو بووە پاشا، ئەو دەمانە کامیلا نازناوی شکۆدار پرێنسیس کۆنسورت وەردەگرێت. بەو بۆنە شاژن لە وتەکەیدا وتبووی:

ئەگەرچی کوڕەکەم کێشەو گرفتی زۆری هاتە پێش، بەڵام توانی بەسەریاندا زاڵ بێت.

کە کامیلا هاتە ناو ماڵەکەی تشارلز، هەست کرا ئەو ژنە کەسایەتییەکی تیژی هەیە، بەردەوام داواکاری هەیە. دەستەواژەی (کامیلا دەیەوێت)!، (کامیلا پێویستی بە)! زۆر لە ناو ئەو ماڵەدا دەگوترایەوە. یەکێک لە دەستە خوشکەکانی کامیلا وتبووی:

کامیلا کە هاتبووە ناو کۆشکەکە، هەستی بە ناخۆشی ژیانی ناو کۆشک کردبوو،

بێزاری خۆی دەربڕیبوو، هەستی بەوە کردبوو، ئەو لە ناو ئەو کۆشکەدا ناحەوێتەوە، نازانی چۆن لەو ژیانە رزگاری بێت.



کامیلاو تشارلز
(لە قەڵاتی ویندسۆرەوە لە کۆشکی پاشایەتی لە بالمورال لە سکۆتلاندەوە، بووک و زاوا، پاش ٣٠ ساڵ خۆشەویستی بەرەو بەسەربردنی مانگی هەنگوینی بەڕێکەوتن. ٢٠ هەزار کەس لە بەردەم هۆڵەکە بۆ پیرۆزبایی وەستابوون). ئەو هەواڵە لە دەرەوەی کتێبەکە وەرگیراوە.

**خۆشەویستی خەڵک:**

دیانا ئەو کیژە شەرمنە هەرزەکارە، ئەو ناسکە منداڵە، لە ماوەی ١٦ ساڵدا، بووە خۆشەویستی ملیۆنەها کەس، توانی ببێتە بەشێک لە هەڵسوکەوت و ژان و ژیانیان، دیانا وەک پرێنسیس و دایک و ژنە بەستەزمانێک بەردەوام خیانەتی لێ کراوە، بەردەوام شەیدای ئەڤین بووە، ئەو تێکۆشەرە نازدارە بۆ ژیان و خۆشی هاووڵاتیان خەباتی بەردەوام بووە. ئەو نازدارەی بەردەوام جوانتر دەبوو، وا ئیمڕۆ بە یەکجاری



کۆچی دوایی کرد، هەموو لە لەندەن بۆ پێشوازی وەستاون، دەست بە چەپکە گوڵ، بە دیاری، بە بووکە شووشەوە وەستاون، ماڵئاوایی لێ دەکەن، دەروازەی کۆشکی کینسنگتۆن بە هەزارەها چەپکە گوڵ و وێنەو هەڵبەستی ئەڤین و نامەی وەفا رازاوەتەوە، بەڕاستی ئەو ژنە پاشای هەموو دڵێک بوو، هەموو بەڕاستی و بە سۆزەوە بۆی گریان. ئەگەرچی دیمەنەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لە هەمان کاتیشدا مەترسیش بوو، ئامادەبووانی بەڕێکردنی دیانا زۆر زۆر بوو، هەموو نەژادو رەگەزێک، رەش و سپی، هاووڵاتیانی ئاسیایی، گەورەو گچکە، پیرو گەنج، بە جۆرەها جلوبەرگ راوەستابوون، شەرواڵ لەبەر، ساری لەبەر، پانتۆڵ کورت، شەپقە لەسەرو رووپۆش لەسەرەکان، هەموو لایەک هاتبوون. مردنی کیژە ئۆرستقراتییەک، ئەوەی ببووە پرێنسیس، بەڵام لە ناو دیوارەکانی ئەو کۆشکە نەژیا، بەڕێکردنی تەرمەکەی لەو ڕۆژە بووە، ئاهەنگێکی مێژوویی مەزن.

**یەکێتی نەژادەکان:**

دکتۆر (تریفۆر فیلیپس)، ئەوەی پاشان بووە سەرۆکی لیژنەی یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ. بەو شێوەیە پێناسەی پرێنسیس دیانای کردبوو:

دیانا ئەو پاڵەوانە بوو لە ڕۆژێکدا توانی بەریتانییەکان، بە هەموو نەژادەکان و رەنگەکان و کەلتوورەکان بەبێ پەرواز کۆبکاتەوە.! پاش ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە بۆ ماڵئاواییکردنی دیانا، زۆر کەسایەتی ناودار بەو دیمەنە سەرسام ببوون، لەوانە سەرۆکی نووسینگەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە لەندەن، (وارن هۆج)، زۆر بە دیمەنی کۆبوونەوەی خەڵکەکە سەرسام ببوو، لەو دیمەنەوە وڵاتێکی تازەو نوێی دۆزیبۆوە، بۆیە بۆ ئەو دۆزینەوەیە وتبووی:

هیچ ڕۆژێک بەریتانیا ئەوەی نەزانیبوو، لەو وڵاتەدا ئەوەندە رەگەزو نەژادی هەمەڕەنگ و هەمەجۆر هەیە، هەمووش بۆ ئەو ژنە خەمبارو هاوسۆز بوون، بۆیە پرسیارێک لە خودی خۆی دەکاتەوە، ئەو هەموو خەڵکە بۆ خۆشەویستی دیانا کۆبوونەتەوە.!!؟ دیارە دیانا سمبولێکی مەزن بووە، لە سەردەمی گەشەی میدیا ژیاو مرد، ئەوەی هەموو وردەکارییەکانی بڵاو دەکردەوە.


که هەواڵەکە لە ناکاو و بە بڵاوی، بە زۆری لەسەر تۆڕەکانی نێت و لەسەر شاشەکانی تەلەڤزێون و لە لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکانی وەک ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و پۆستی ئەلکترۆنییەکان و بە تەلەفۆنە دەستییەکان گەیشتە هاووڵاتییان، بە خێرایی یەکەمین پرسەو خەمگینی گەورەی دروست کردبوو.

**کەسایەتییە گرێدراوەکان:**

مردنەکەی دیانا لە کاتێکدا بوو، گۆڕانی سیاسی لە ئارادا بوو، لە ساڵی ١٩٩٧ گەلی بەریتانی لە کەسە سیاسییەکانی جارانی خۆیان، ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە دەستەڵاتیان قۆرخ کردبوو، بێزار ببوون، کە بە سیاسەتمەداری گرێدراو و سست دەناسران. بۆیە لە حزبی کرێکاران، لە هەڵبژاردنەکانی مایۆدا (تۆنی بلێر) ریکۆردی دەنگەکانی لە سەدەی بیستەم لە زۆری شکاند، پاش ئەوەی

(مارگرێت تاتشر) دوازدە ساڵ و (جۆن میجەر) حەوت ساڵان لە حکوم مابوونەوە. هاتنە پێشەوەی کەسایەتییەکی وەک تۆنی بلێر، ئەگەری گۆڕان و نوێکاری سیاسی بوو لە مەیدانی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا. سەبارەت بە بنەماڵەی پاشایەتیش، شازدە ساڵ بوو، ئەو کیژە ناسکە گەرمە جوانە خۆشەویستە چالاکە، هاتبووە ناو خێزانەکەیان نەیاندەتوانی وەک کەسێک، وەک ئەندامێکیان وەری بگرن، ئەوەش باشتر بوو لەوەی لە پاش دانانی تشارلزی دووەم بۆ سەر تاجی ئەو وڵاتە تووشیان هاتبوو، کە دووبارە نەبێتەوە.





دیانا مرد، یان کوژرا..؟!

**وا باشتربوو:**

وەک چۆن دیانا بواری دابوو، خەڵکی هەست و بۆچوونەکانیان ئازادانە دەربڕن، پاش مردنەکەشی گەلی بەریتانی بیرو بۆچوونەکانیان دەربڕی. بە ئاشکرا قسەکانی دڵی خۆیان دەوت، وەک یەکێک لەو لافیتانەی لەسەر دەرگای کۆشکی کینسنگتۆن بەناوی (دیڤید هارس) و هاوڕێکانی لە گرتووخانەی دارتمور هەڵواسرابوو، نووسیبوویان:

خۆشەویستەکەمان دیانا... سوپاس بۆ تۆ کە وەک مرۆڤ مامەڵەت لەگەڵ دەکردین، نەک وەک تاوانبار، تۆ لە هەموویان باشتر بوویت.!

پەیامنێری کەناڵی ئێن بی ئێن، (جۆن هۆکنبری) ئاماژەی بە هەست دەربڕینێکی کەسێکی نەخۆشی ئایدز داوە، کە لە نەخۆشخانە بینیویەتی، لەوێ وێنەیەکی خۆی و برادەرێکیان لەگەڵ پرێنسیس دیانا هەڵواسیبوو، دیانا بە خۆشییەوە پێکەنیوە، لە وەڵامی ئەوەی دیانا ئەو دەمە لەگەڵ ئێوە بە چی پێکەنیوە، ئەو لە وەڵامدا وتبووی:

من زۆر نارەحەت بوم، زۆر توورەبووم، لەگەڵ هاوڕێیە نەخۆشەکەما دانیشتبووم، بە دیانام وت، تۆ کێیت، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی، من پرێنسیسم، منیش پێم وتبوو، منیش پاشام، گریانم هاتبوو، ئەویش بۆ رەوشی من زۆر دڵگران و نارەحەت ببوو، ئەو ژنە سیمبولی سووککردنی ئازارو خەمەکان بوو، ئەو رەمزی ئەو قسەیە بوو، بایەخ بە هیچ مەدە، شتەکان ئەوەندە ناهێنێت.

**ڕووداوە مەزنەکە:**

سیر (مایکل جای) بۆ بەیانییەکەی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە تەلەفۆنی بۆ تۆنی بلێر کردبوو، هەواڵی مردنی دیانای پێ ڕاگەیاندبوو، ئەویش وەک پرێنس تشارلز کاردانەوە نەتەوەییەکەی هەبووە، کە وتبووی:

مردنی دیانا کارەسات و ڕووداوێکی مەزن بوو، مەزنتربوو لەوەی رەچاو و مەزندە دەکرا.!

لەو پێشهاتەدا تۆنی بلێر لەوە تێگەیشت، پێویستە لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوو، بە وردی نەفسیەتی تاکی بەریتانی شرۆڤە بکات. دەبووایە بە سۆزێکی



خەمگینییەوە، وتارێک پێشکەش بە میللەتەکەی بکات، بۆیە لە وتارەکەیدا وتبووی:

ئەو پرێنسیسە وەک سونبلی هەستی ناسک و قووڵی سۆزەکان و مرۆڤایەتی دەمینێتەوە، ئەوەش بە جوولەو رامانێکی سادەوە دیار دەکەوێت، بەڕاستی دیانا پرێنسیسی ئەو گەلە بوو، ئەو هەستەش هەتا هەتایێ یادی وا دەمینێتەوە.

**هستیریایەک لە شێوەی دیانا:**

هەموو لایەک بۆ مردنەکەی دیانا گریانیان نەدەهات، چونکە بەشێکیان مردنەکەیان بە رەحمەت دەزانی، وەک چۆن یەکێکیان وتبووی:

خەمگینی بۆ مردنەکەی دیانا، لە ئاست هەموو رادەیەک تێپەڕی کردبوو.!

پرێنسیس مارگرێت لە پشوودانی تایبەتی خۆی بوو لە ئیتالیا، کە هەواڵەکەی بیستووە، گەڕاوەتەوە شوقەکەی خۆی لە کۆشکی کینسینگتۆن، بەڵام کە بۆنی گوڵ گەیشتووەتە باڵکۆنی شوقەکە تووڕە بووە.

وەسیفەکەی وتوویەتی:

مارگرێت کەسی عاتیفی خۆش نەدەویست، بۆیە وتبووی، ئەو هیستریای بە مردنەکەی دیانا خەڵکەکە تووشی هات، وەک ژیانی دیانا بوو بەر لە مردنی، وەک ئەوەی بە مردنەکەی هەمووی تووشی هیستریا کرد.

ئەگەر زۆر جاران بۆچوونەکانی مارگرێت هەڵە بووبێت، لەوەیان ڕاست بوو، شاش نەبوو. کاتی ئەوە هاتبوو، کەوا بنەماڵەی پاشایەتی بگۆڕێن و زۆرتر عاتیفی و هاوچەرخ بن. ئەوەش داوای گەلی بەریتانیش بوو، ئەوەش بوو، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئەوەی ناونا، هێزی گوڵان. هەموو کەناڵە تەلەڤزێونەکانی بەریتانیا لە سەعات یازدەی بەیانی، بنەماڵەی پاشایەتی لە کەنیسەی کرایشی نزیک بالمۆرال نیشان دا.

**هاری و تشارلز:**

دیانای خۆشەویستی ئەو خەڵکە مردووە، هەموو بۆ مردنەکەی نیگەران و خەمگین، بەڵام بنەماڵەکەیان، ئەندامانی کۆشک بە هیچ شێوەیەک نیشانەی خەم و پەژارەیان لە ئاکارو بەرنامەیان نەدەبینرا، ئەوەش خەڵکەکەی تووڕە کردبوو، لە ئاکامدا، هاری بە باوکی وتبوو:

بەڕاستی دایکی من مردووە،،،؟؟!!

شازادەی وڵات بەڕاستی لە دووری هاووڵاتییەکانی دەژیا، بە رووح و بەگیان لە دووری ئەوان دەژیا. بەتایبەتی کە لە سکوتلاندا دەژیا. شاژن فەرمانی دابوو لە بالمورال لە ماڵەکەیاندا، هەموو ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەو پەخشی وەک رادیۆو تەلەڤزیۆنی قەدەغە بکرێت، تا کوڕەکانی دیانا هیچ هەواڵێک لەسەر مردنی دایکیان نەبیستن. شاژن و پرێنس فیلیپ بەیەکەوە لە تەلەڤزیۆنە تاقانەکەی ناو کۆشک، کە لە ژووری دانیشتنی تایبەتی شاژن بوو، سۆراخی بەدواچوونەکانی هەواڵی مردنی دیانایان دەکرد.

بنەماڵەی پاشایەتی سازکاری زۆریان بۆ ویلیام و هاری دەکرد، تا باشتر بخافڵێن و بیر لە دایکیان نەکەنەوە. یەکێک لە فەرمانبەرانی کۆشک لە بالمورال، ئاشکرای کردبوو، کەوا پرێنس فیلیپ، ئەوەی لە تەمەنی دە ساڵییەوە دایکی نەمابوو، دەستی بەسەر مناڵەکانی دیانا دادەهێناو نازی دەکێشان، وەک باپیرێک سۆزی دەدانێ، لە چالاکییان بەشداری دەکردن. پرێنسیس (ئانا) ش زۆرتر بایەخی بە هاری دەدا، چونکە ئەویان زۆرتر بە مردنەکەی دایکیان نارەحەت ببوو، لە ئاکارییدا بێ دایکی زۆری پێوە دیاربوو.

**ماوەی دڵتەنگی نییە:**

بە هەموو شێوەیەک بوار نەدەدرا، ئەو دوو مناڵە بیر لە دایکیان بکەنەوە. لەبەرئەوەی تایبەتییەکانی ئەو بنەماڵەیە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو میللەتەیە، بۆیە بواریان نەدەدا، چیتر ئەوانە تەنهاو دوورەپەرێز بژین، ناکرێ چیتر ئەو بنەماڵەیە خۆیان لە میللەتەکە دوور راگرن، ئەوان لە دیاناوە راهاتبوون، لەناکاو و زۆر بەشداری میللەتەکەی دەکرد.

سام ستارک ئەوەی زۆر بە مردنەکەی دیانا خەمگین ببوو، وتبووی:

بە درێژایی هەفتە چاومان لەوەبوو، شاژنی وڵات بەشداری ژانەکانمان بکات.. بەڵام بەداخەوە ئەوەی نەکردووە.! زوو تۆنی بلێر هەستی بە بوونی مەترسییەک کرد، داوای لە کۆشک کرد بۆ سازکردنی پێشوازییەکانی تەرمەکەو کارە پێویستەکانی



ئەو مەسەلەیە هاوکارییان بکات. یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی سازگاریکەرەکان وتبووی:

زۆر باسی ئەو دوو کوڕە کرا، لە کاتی بەڕێکردنی تەرمەکە، بنەماڵەی ویندسور نارەزاییان هەبوو لە بەشداری ئەو دوو کوڕە پارچەلەیە، بیانووکەشیان ئەوە بوو، دوو کوڕەکە منالن، بۆیان نییە بەشداربن، ئەوان بەرگەی ئەوە ناگرن، بەڵام بنەماڵەی سبینسر بۆچوونی تریان هەبوو، بۆیە بە تووڕەیییەوە پرێنس فیلیپ هاواری کردبوو:

بەسە، واز لەو مەسەلەیە بهێنن، ئەو دوو مناڵە دایکیان لەدەست داوە، ئێوە باسی بەشداری پرسەکەیان دەکەن، وا دەزانن ئەو دووانە کەرەستەیەکن، وا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، ئێوە نازانن ئەوانە هەست و سۆزیان چییە.!

لە قسەکانی سۆزو هەستێکی ناسکی راستەقینەی باپیرانە هەستی پێ دەکرا، کەشەکە بە ناسکی دەبینرا، لەسەر ئەو مەسەلەیە فیلیپ دووبارە وتبووی:

ئێمە لەبەر رەوشی ویلیام نیگەرانین، دیانا نەماوە، هەلاتووە، نایدۆزینەوە، ئەوە ئێستا پەرێشان و سەرقاڵی کردووین.!

رۆژنامە رووزەردەکان، بە دوای ئەوەدا دەگەڕان چۆن شاژن لە ناو کۆشکەکەی لە لەندەن دێتە دەرەوە، چۆن بەشداری پرسەکە دەکات، هەموویان لەسەرە داوی ئەو بابەتە دەگەڕان، چۆن شاژنی وڵات هاوخەمی خۆی لەگەڵ میللەتەکەی دەکات. زۆر لە رۆژنامەکان لە مانشێتەکان نووسیبوویان:

پێمان نیشان بدە، چەند بایەخ بەو مەسەلەیە دەدەیت..!

شاژنەکەمان لە کوێیە..!؟

ئەی شاژنەکەمان، وا میللەتەکەت ژان گرتوویەتی، تۆش دەی قسەیەکمان بۆ بکە..!

هەموو لایەک رایان وابوو، ئەگەر کۆششەکانی تۆنی بلێر نەبووایە، ناکۆکییەکە دەتەقییەوەو پاشایەتییەکە دەڕووخا، وڵات دەبووە کۆماری. من گومانم هەیە، یەک کەسی بەریتانی هەبێت حەز بکات، سیستەمی حکومی وڵاتەکەیان لە پاشایەتی بگۆڕدرێت بۆ کۆماری، یان هەر سیستەمێکی تر. چونکە ئەو میللەتە وا بیر دەکەنەوە، پاشایەتی و تاجەکەی ئەو داوە زێڕینەیە، میللەتەکە بە ساتە

مێژوویییەکەی گرێ دەدات، ئەو سیستەمەیە وڵاتەکە لە ناو ئەو گێژاوە سەخت و گۆڕانکاری و دژوارەی جیهان ئارام رادەگرێت.

مردنەکەی دیانا رووی راستەقینەی خراپی حوکمی پاشایەتی لەو وڵاتە نیشان دا، ئاشکرای کرد، ئەوان چەند لە میللەتەکەیان دوورن، خۆیان دوورەپەرێز لە خەڵکەکە رادەگرن. هەر دیانا نەبوو داوای گۆڕانی دەکرد، میللەتەکەش رازی نەبوو، ناکرێ ئەوەش پشت گوێ بخرێت. ئەگەرچی سیستەمی پاشایەتی نازناوەکەی خاوەن شکۆی لە دیانا وەرگرتبۆوە، بەڵام وا میللەتەکە دەیەوێت، ئەو نازناوەی بۆ بپارێزێت و کەرامەتی وەرگرێتەوە.

بەناچاری شاژن لە بالمورال دابەزییە لەندەن، بەناچاری بەشداری مەراسیمی ماڵئاواییەکەی دیانای کردو هاتە ناو میللەت، ئەویش لە ناو تاجە گوڵینەکان بەشداری حاڵەتی خەمی هەموویانی لە دەرەوەی کۆشکی باکینگهام کرد.

بەناچاری لە پەیامێکی تەلەڤزیۆنی ڕادیۆیی، هاوسۆزی لەگەڵ میللەتەکەی بۆ خەمەکان ڕاگەیاند، کە بڕواشی پێ نەبوو، هەستیشی پێ نەدەکرد. مردنەکەی دیانا پێویستی گۆڕان و نوێکاری ترادیسیۆنەکانی سیستەمی پاشایەتی هێنایە ئاراوە. مردنەکەی دیانا کۆشکی پاشایەتی ناچار کرد گوێ لە میللەت راگرن، کە لە ژیانیدا گوێیان لێ رانەگرتبوو.

هەر باندۆری مردنەکەی دیانا بوو شاژن لە ٧ ی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٥، بۆ یەکەم جار لە ناکاو و لە کارێکی چاوەڕوان نەکراودا، پاش تەقینەوەکانی لەندەن، بێ ئەوەی پلانی بۆ دانابێت، سەردانی بریندارەکانی کارەسات و تەقینەوەکەی کرد، زووتر ئەوەی نەکردبوو، بە هیلیکۆپتەرێکەوە بۆ نەخۆشخانەی پاشایەتی فرِی و سەردانی کردن، لە کافتریاکەیدا بۆ یەکەم جار وتارێکی پێشکەش کرد. دیانا لەوە دەگەیشت کەوا دەستەڵات، مانای بەشداری و قبووڵکردنی میللەتە، هەروەها دیانا ئەوەی کردە دیاری بۆ ئەو بنەماڵە دەستەڵاتدارە.

ئەو کتێبە بۆ ڕۆژنامەی (القبس) ی کۆیتی بە ٨ بەش ئامادە کرابوو، لە ڕۆژانی ٢٠٠٧/٧/٨ تا ٢٠٠٧/٧/١٥ بڵاو کراوەتەوە.





دیانا لە ٢٩ ی یولیوی ١٩٨١



پرێنس ولیەم و دیانا- یولیۆ ١٩٨٢



دیانا هاوکاری مین هەڵگرتنەوەکان دەکات



دیانا مەلەوانی دەکات. ١٤ی یولیۆ ١٩٩٧



**لەو چەند برگەیەش پێناسەی کەسەکانی ناو کۆشک و ڕووداوەکە دەکەین، بابەتەکان لە ماڵپەڕەکان ئامادە کراوە.**

لە یادی ٦٠ ساڵەی شووکردنی شاژن ئالیزابیثی دووەم لە کۆشکی باکنگهام پێشانگایەک بۆ گەنجینەکانی کراوەتەوە.

لە یادی ٦٠ ساڵەی بووکینی ئالیزابیثی دووەم لە پرێنس فیلیپ، پێشانگایەک بۆ گەنجینە نازدارەکانی دەکرێتەوە. ئەو فستانەی بووکەکە لە ڕۆژی ٢٠ ی نۆڤمبەری ١٩٤٧ لەبەری کردبوو، یەکێکە لە گەنجینە نایابەکان. بە جوانترین فستانی بووکینی لە جیهان دەژمێردرێت، چونکە ئەو فستانە شتێکی ئاسایی نەبووە، بە ماوەیەکی کورتیش نەدووراوە، بە ١٠ هەزار بەردی یاقووت و بەردی گرانبەها کراوە. (نورمان هارتنل) دیزاینەری بووە، بیرۆکەکەی بۆ (تابکۆی بریمافیرا) دەگەڕێتەوە، کە هونەرمەند (بوتشیللی) لە سەدەی پازدەهەم دروستی کردبوو. تابلۆیەکە سونبلی گەڕانەوەی ژیانە پاش شەڕ، ئەوەش لە ڕاگەیاندنێکی دەستەی ڕۆژنامەگەری پاشایەتییەوە ئاشکرا کراوە، ڕەنگە سپییە عاجییەکەشی بۆ ئەو سەردەمی پاش شەڕەکە، کە شاژن لە سپی بەفرین دوور کەوتیتەوە، دەگەڕێتەوە.



فستانی بووکینی شاژن
بە درێژیی١٣ پێ

دیارە پاش شەڕەکە، دەست بەسەر پارە سەرفکردنەوە کراوە، ئەوەش لە جۆری قوماشەکە، لە جۆری حەریرەکەی، لە کریستاڵ و لوئلوئەکەش دیارە، کلکی پشتەوەشی لەسەر شانیەوە ١٣ پێ شۆڕدەبێتەوە. تاجەکە بۆ ماری دایکی لە رووسیاوە دروست کرابوو، لە ئاهەنگی هاوسەرییەکەشی ٢٥٠٠ دیاری نایابی بەدەست گەیشتووە. بەپێی زانیارییەکی (هیو روبرتس)، لە کۆشکی باکنگهامەوە، ئەو دیارییانەی لە بورسلین دروست کراون تا ئیمڕۆش بەکاردەهێنرێن.

سالانە هاوینان ١٧ ژوورەکەی کۆشکی پاشایەتی بۆ خەڵک دەکرێتەوە، نمایشەکانیش پەیوەست دەبن بە مێژووی بنەماڵەکە، پەیوەندی بەریتانیا بە وڵاتانەوە دەبەستێتەوە. لە یادی ٦٠ ساڵەی هاوسەرییان هەرچی گەنجینەی زێڕو زیو هەیە نمایش دەکرێن، یەکێک لەو دیارییانەش ئەو دانتێلەیە کە بە دەستی خودی (مەهاتما گاندی) یەوە رێستراوە، ئەو دیارییانەی لە دایک و باوکییەوە بە دیاری وەری گرتووە، وەک گەردانەی یاقوت و ئەلماس.



ئەو تاجە بوو شاژن ماری لە بووکینی کیژەکەی پێشکەشی کردبوو

ئەو پێشانگایە تا ٢٨ ی سپتمبەر کراوەتەوە، بینەران بۆ ماوەیەک هەست بە ژیانی پاشایەتی دەکەن، دیکۆرە نایابەکان و کەرەستەکان شکۆی پاشایەتییان پێوە دیارە، لەو دیکۆرانەدا گەنجینەی پاش شۆڕشی فەرەنسییان پێوە دیارە، لە ناو ساڵۆنەکەدا تابلۆی رومبراندت، ڤان داک و کانالیتۆش دانراون، بەشێکی ئەو کۆشکە بۆ یەکەم جار پاش سووتانەکەی کۆشکی ویندسۆر ساڵی ١٩٩٣ کراوەتەوە، بۆ پارە کۆکردنەوەش هاتنە ژوورەوە تەنها ١٥ جونەیهی ئەسترلینییە.

ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەی الشرق الاوسطی ڕۆژی ٢٨ی یولیۆی ٢٠٠٧ وەرگیراوە.



شاژن کەم وتار پێشکەش دەکات، لە یادی ٥٠ ساڵەی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی وتاری پێشکەش کردووە، هەروەها لە یادی ٥٠ ساڵەی پاشایەتیشی وتارێکی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی داوە، ئەم ساڵە لەوێ وتوویەتی:

ئێمە شانازی بە میللەتە لێبووردەو بە ئینسافەکەمان دەکەین، ئەو وڵاتەی فرە کەلتوور و بڕواو ئاینە..

ئالیزابیپی دووەم (ئالیزابیث ئالیکسندەر ماری وندسۆر لە ٢١ ی ئەپریلی ١٩٢٣ لە دایک بووە، پاش مردنی جۆرجی پێنجەمی باوکی، لە ٦ ی فبرایری ١٩٥٢ کراوە بە شاژنی مەملەکەتی یەکگرتوو و ١٥ وڵاتی تری وەک:

(مەملەکەتی بەریتانیای مەزن و ایرلندای باکور، کەندا، استرالیا، نیوزلندا، جامایکا، باربادوس، الباهاما، غرینادا، بابوا غینیای نوێ، دوورگەکانی سولومون، توفالو، سانت لوسیا، سانت فنسینت والجرینادینز، انتیغا وبربادو، بیلیز، سانت کیتس ونیفیس).

ئەویش بەپێی یاسای ویست منستری ساڵی ١٩٣١ حاکمی ئەو وڵاتانەیە.

لە ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانیدا، پرێنسیس ئالیزابیث، سوور بووە لەسەرئەوەی هاوکاری شەڕەکە بکات، بۆیە وەک ئیحتیات و بە ژمارەی ٢٣٠٨٧٣ سەرباز بووە، راهێنانی سەربازی کردووە، ئەویش یەکەم مێینە بووە، لەو بنەماڵەیە سەربازی بکات، یەکەم گەشتی رەسمیشی بۆ خوارووی ئەفریقیا بووە، لە ساڵی ١٩٤٧ بە سەردان گەیشتووتە کیب تاون.

لەو وڵاتەدا. لە ٢٠ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٤٧ شووی بە دۆقی ئەدنبرە پرێنس فیلیپ کردووە، پرێنس (تشارلز لە ١٤ ی نۆڤمبری ١٩٤٨ لەدایک بووە) جێنشینی وڵات و پرێنسی ویلزو پرێنس (ئەندرۆ) و (ئیدوارد) و پرێنسیس (ئان) ی بووە. باوکی جۆرجی پێنجەم بە نەخۆشی کانسەری سییەکان لە ٢ ی فبرایری ساڵی ١٩٥٢ مردووە، ئەویش لە ٦ ی فبرایری هەمان ساڵ تاجی مەملەکەتی لەسەر نراوە.

شاژن لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی تشارلزو کامیلا ئامادە نەبوو.



شاژن لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا

لە کۆشکی باکنگهامەوە ڕاگەیاندرابوو، کەوا شاژن ئالیزابیث لە ئاهەنگی مەدەنی ژنهێنانەکەی کوڕە گەورەکەی ئامادە نابێت، بەڵام لەو بۆنەیەدا، بۆ پیرۆزکردنی هاوسەرگیریی کوڕەکەی دەچێتە کەنیسە و بە پێشنوێژی قەشە (کانتربری روان ولیامز)، بۆنەکە و ڕێورەسمەکان لە ڕۆژی ٨ ی ئەپریلدا. لە ڕۆژنامەکان زۆر باسی ئەوە کرا، کەوا کوڕو دایکەکە مشتومڕیان بوو، لەسەر شێوەو چۆنیەتی بەڕێکردن و پێشوازیکردنی بۆنەکە. شاژن داوای کردبوو، مەراسیمەکە بە بەرتەسکی بکرێتەوە. بۆیە پرێنس تشارلز بەناچاری ئاهەنگەکەی لە قەڵاتی ویندسۆر لە خۆرهەڵاتی لەندەن گواستەوە بارەگای شارەوانی ویندسۆر، دیارە نەیتوانیبوو بە ئاسانی ڕەزامەندی ئاهەنگ گێڕانەکە لە قەڵاتەکە وەرگرێت. لەو کاتانەشدا شارەزایانی دەستووری بەریتانی سەرقاڵی ئەوە بوون، ئایا دەکرێ بنەماڵەی پاشایەتی ئاهەنگی هاوسەرگیری مەدەنی سازبکەن. زۆریش لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە ناڕازی بوون پرێنسی ویلز ئەو ژنە بهێنێت، کە ماوەیەکی زۆریش یەکتریان خۆشویستبوو. ئەوان هەر لەساڵی ١٩٧٠ وە پەیوەندییان هەبووە، بۆیەش لەگەڵ دیانا بەختیار نەبوو.



## تاجی شاژنی بەریتانی:

تاجەکەی ئالیزابیث لە ساڵی ١٩٣٧ داڕێژراوەتەوە، پێشتر چەندین پاشای تر لەسەریان داناوە، بۆ شاژن ڤیکتۆریا لە ساڵی ١٨٣٨ داڕێژراوەتەوە، پاش ئەو ئادواردی حەوتەم و جۆرجی پێنجەم لەسەریان داناوە، لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ جۆرجی پێنجەم ئەو شێوەی ئێستای لە ساڵی ١٩٥٣ وەرگرتووە. پاش ئەوەی کەمێک نەوی کراوەو ٢٨٠٠ پارچە ئەڵماسی تازەو ١٧ بەردی زفیرو ١١ زەمرودو ٥ یاقووت و ٢٧٣ دەنکە لوئلوئی بۆ زیاد کراوە.



عیمادەدین محەمەد عەبدولمونعیم ئەلفاید (١٥ ئەپریل ١٩٥٥ – ٣١ ئۆگسستی ١٩٩٧) بە دودی ئەلفاید ناسرابوو، کوڕی ملیاردێری میسری محەمەد ئەلفایدی خاوەن کۆگاکانی (هارودز) لە لەندەن و یانەی فۆلهام و هوتێلی ریتز لە پاریس بوو، دایکی ناوی سەمیرە خاشقچی بوو. خوشکی ملیاردیر و بازرگانی چەکی ناوداری سعودی عەدنان خاشقچی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی الوطن جەمال خاشقچییە. لە ئەسکندەرییەی وڵاتی میسر لە دایک بووە، لە ئامۆژگای لاروزی لە سویسرا خوێندوویەتی، لە ئاکادیمیای ساندهیرستی پاشایەتی سەربازی لە ئینگلتەرا دەرچووە، لە بواری سینەمادا کاری کردووە، چەند فیلمێکی دەرهێناوە.

لەگەڵ دیانا (١ی یولیۆی ١٩٦١–٣١ ی ئۆگسستی ١٩٩٧) بە کارەساتەکە مردووە.

قسەی ئەوەش هەبوو، گوایە بەپلان بووە، دیاناش لەو سکی هەبووە. لە گۆڕستانی بروکوود لە کینگ بسیوری نێژراوە، پاشان باوکی تەرمەکەی گواستۆتەوە سەر مۆڵکەکانی خۆی لە سکۆتلاند، لە ١٢ ی ئەپریلی ١٩٩٨ باوکی بۆ دودی و دیانا پەیکەرێکی بۆ کردوون، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکێکی گەورەتری سازکردووە.

# پێڕست


پرێنسیس ماساکۆ ..... 5
کۆشک یان قەڵاتە پەرژینکراوەکە..؟ ..... 12
لە نێوان دیانا و ماساکۆدا ..... 14
هەڵمەتێکی دڕندانە ..... 16
باڵندەیەک لە ناو قەفەسێکی زێڕیندا ..... 19
نەبوونی مانگی هەنگوینی ..... 20
فێربوون، فێربوون، فێربوون ..... 22
حاکمە راستەقینەکان ..... 24
سامورای ..... 25
وڵاتێکی نوێ و زمانێکی نوێ ..... 27
پرێنسە کەنەدییەکە ..... 29
لاساییکردنەوەیەکی ئەمەریکایی ..... 31
بەڕاستی بنەماڵەیەکی شایستەن ..... 32
فەزیلە گەورەکە ..... 34
ژاپۆن ژمارە یەک ..... 37
ترێنە خێراکەی سەرکەوتن ..... 38
باڵندەیەکی ناو قەفەس ..... 40
بەدوای دڵت بکەرەوە ..... 42
دیپلۆماسیەتێکی شاهانە ..... 45
پیاوە ڕەشپۆشەکان ..... 47
لەدایکبوونی پرێنسیس ..... 48
ناڕێکی بەلانس ..... 50
هەنگاوێکی بێهوودە ..... 55
هێمایەکی نیشتیمانی ..... 56
بیردۆزی پلانگێڕی ..... 57
گۆشەگیری و تەنیایی ..... 61
گرێ کوێرە ..... 62





ئاشی پرۆپاگەندەکان ..... 62
پاشکۆ ..... 73
بەسەرهاتی دوو پرێنسیسەکە ..... 73
ناروهیتۆ کتێبەکەی لەسەر ماساکۆی ژنی نەخوێندیتەوە ..... 82
دیانا ..... 83
ئایا پرێنس تشارلز دیانای خۆشدەویست..؟ ..... 88
چ جۆرە سۆزێک..؟ ..... 89
مەرجەکانی سەرکەوتن ..... 95
خانووەکەی تەژی بوو لە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ دۆستەکەی ..... 96
سەرچاوەی بێزارییەکە ..... 98
دیانا ساڵی ١٩٨١ ..... 97
سەرچاوەی بێزارییەکە ..... 98
نووسەری ژیاننامەی دیانا نووسیویەتی ..... 98
ئازارو فرمێسکەکانی ..... 99
بەڵام چۆن ئەو پاسەوانە بۆ ئەو پرێنسیسە نازدارە جوانە دانرا..؟ ..... 100
ماناکی پیاوێکی شۆخ بوو، لە چاوەکانیدا سۆزو گەرمی و ناسکی سادە دەبینرا ..... 100
گەمەکردن بە ئاگر ..... 102
دۆستە نوێیەکەی ..... 103
داوەکە لە ئەسپسوارییەکەوە بوو ..... 105
بەختیارە بە جیابوونەوەکە ..... 107
پەیوەندییە سەرپێییەکانی ..... 107
سەرچاوەی ئیلهام ..... 108
لەگەڵ سەربازێکدا ..... 108
بای بای... تەواو بووین ..... 109
کێ باوکی هاری یە..! ..... 109
جیابوونەوە ..... 110
دووبارە خۆشەویستییەکی تر ..... 112
پەیوەندییە بەردەوامەکانی لە ناو کۆشکدا ..... 112
دیمانەیەک لەگەڵ ئەو دۆستەی شەرمەزاری دەکرد ..... 114
راهێنەرە رۆکبیەکەی ..... 114
ڕۆژنامە رووزەردەکان ..... 114

لەگەڵ بازرگانێکی ئەمەریکی ..... 115
خاتوونە یەکەمەکە ..... 116
هەستکرد بە گومان و ستەم ..... 117
خووگرتن بە تەلەفۆنکردن ..... 117
لەبەرئەوەی هوار درۆی لەگەڵ نەدەکرد، بۆیە دەستبەرداری بوو ..... 118
ئارەزووی هەبوو، بەڵام دەترسا ..... 119
پرێنسیسە عاشقەکە ..... 119
رووبەڕوو ..... 121
بوونی بە ئیسلام ..... 121
فریشتەی نیوە شەوێک ..... 122
باشترین عاشق ..... 123
قەشەیەک بۆ مارەکردنی موسڵمانێک! ..... 125
هەڕەشە نەژادییەکان ..... 125
من لێهاتووم لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵک ..... 128
ئامۆژگاری برادەرێک ..... 129
نیازی نەبوو جارێکی تر دیانا ببینێتەوە ..... 130
دانپێدانانی دۆستە ئەرجەنتینییەکە ..... 130
ئەو و سارا ..... 131
بێزاربوون لەیەکتری ..... 131
چەواشەکردنی وێنەگران ..... 132
دەپیرسی، بۆچی کامیلا هەموو شتەکانی بۆ دەستەبەر دەکرا..؟ ..... 132
لە ئامێزی ئەلفایدا ..... 134
دیانا زۆر بڕوای بە خۆی هەبوو ..... 135
یەکشەممە بێدەنگەکە ..... 136
وێنەکانی مردن ..... 137
بواری رزگاربوون ..... 138
روون بۆوە ژنەکە دیانایە ..... 138
کۆشش بۆ رزگاربوون ..... 139
دەکرا رزگار بکرابووایە ..... 140
وەستانی دڵ ..... 140
ڕێگە ڤاڵا کردن ..... 141




بەیانی زوو مردبوو ..... 142
لە نێوان تشارلزو کامیلا ..... 143
خزمەتکار و پاسەوانەکە ..... 144
شوفێرە سەرخۆشەکە ..... 145
پشدێنی ئەمان ..... 146
کارەساتێک بۆ فاید ..... 146
پەیوەندی کوڕو باوکەکە ..... 147
سزاو... ترس ..... 147
ئەگەرەکانی تر، یان پڕۆپاگەندەکان..!؟ ..... 148
راستییەکی تر ..... 148
بیردۆزەکانی پلانەکە ..... 149
کارەساتەکە ڕووداوێکی هاتوچۆ بووە ..... 149
پاش نۆ ساڵ ..... 150
پرسیار و خەیاڵ ..... 151
وێنەی زۆر تایبەت ..... 151
پرێنس نیگەرانە ..... 152
ژنە دۆستەکەی ..... 153
کام جەنازە ..... 154
رووبەڕووبوونەوە ..... 155
تشارلز کامیلا دەهێنێت ..... 156
خۆشەویستی خەڵک ..... 157
یەکێتی نەژادەکان ..... 158
کەسایەتییە گرێدراوەکان ..... 159
وا باشتربوو ..... 161
ڕووداوە مەزنەکە ..... 161
هستیریایەک لە شێوەی دیانا ..... 162
هاری و تشارلز ..... 162
ماوەی دڵتەنگی نییە ..... 163
تاجی شاژنی بەریتانی ..... 172